ژمارە (546) دووشەممە 2019/3/11 – 20ی رەشەمێ 2718 (750) دینار

# بەلجیکا:
# پەکەکە تیرۆریست نییە

**رووداو- بەلجیکا**

دادگای برۆکسەل داوایەکی وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکا رەتدەکاتەوە و بڕیاردەدات کە "پەکەکە تیرۆریست نییە". هەروەها رەتیدەکاتەوە میدیای نزیک لە پەکەکە لە بەلجیکا دابخات و کەسایەتییە کوردەکانی سەر بە پەکەکە کە لە بەلجیکا و وڵاتانی ئەوروپا دەژین وەک تیرۆریست بناسێنێ.

رۆژی 2019\3\8 لە شاری برۆکسەلی پایتەختی بەلجیکا دادگای شارەکە بڕیارەکەی راگەیاند. دانیشتنەکەی دادگا بۆ لێکۆڵینەوە بوو لە سکاڵا و داواکارییەکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵیی بەلجیکا. وەزارەتەکە سکاڵای لەسەر 35 کەسایەتیی کورد و دوو کۆمپانیای سەر بە پەکەکە کە کاری میدیایی دەکەن تۆمارکردبوو و بەوە تۆمەتباری کردبوون کە "پەیوەندییان بە گرووپێکی تیرۆریستییەوە هەیە و کاری بۆ دەکەن". بەڵام لە بڕیاری دادگای برۆکسەلدا هاتووە کە شەڕی پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا "شەڕێکی نێوخۆیی"یە، بۆیەش ناکرێ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێندرێ. پێشتریش دادگاکە هەمان بڕیاری دابوو، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکا پێی رازی نەبوو و پەنای بۆ دادگای باڵا برد بۆ تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە. بە بڕیاری دادگای باڵا، دادگای برۆکسەل سەرلەنوێ دانیشتەوە و جارێکی دیکەش بڕیارەکەی دووبارەکردەوە کە "پەکەکە رێکخراوێکی تیرۆریستی نییە".

11«

## یەکێتی داوا دەکات دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بە رێککەوتن دیاری بکرێن

3

## کوردێک لە شوێنی پارێزگاری نەینەوا دادەنرێت

4



رێبوار کەریم وەلی:
## دیوە شاراوەکەی رێککەوتنی پارتی و یەکێتی

19

# پۆستەکەی قوباد تاڵەبانی دەخرێتە دەنگدانەوە



## سەرجەم پۆستەکان دەخەینە دەنگدانی سەرکردایەتییەوە

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی

**رووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان رایگەیاند دوای ئەوەی بەرکەوتەی یەکێتی لە حکومەت لەگەڵ پارتی یەکلا دەکەنەوە، بەربژێرەکانیان بۆ پۆستەکان بە دەنگدانی سەرکردایەتیی یەکلایی دەکەنەوە.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند: "پەسەندترین رێگا دەنگدانی ئەندامانی سەرکردایەتییە لەسەر هەموو پۆستەکان. دوای گەڕانەوەی شاندەکەمان لە کۆبوونەوەی هاوبەشمان لەگەڵ پارتی، ناوی بەربژێرەکان دەخرێنە دەنگدانەوە".

هەرچەندە پێشتر دەگوترا کە بەربژێری یەکێتی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت یەکلایی بووەتەوە و قوباد تاڵەبانی ئەو پۆستە وەردەگرێ، بەڵام ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی: "جگە لە قوباد تاڵەبانی، خەڵکی دیکەشمان هەیە کە دەیەوێ بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرێ". ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە بەربژێری پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەتیش بەو دەنگدانی سەرکردایەتیی یەکلایی دەکرێتەوە.

سامان گەرمیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ دەبێت لیژنەکان دەستبەکار ببن لەگەڵ پارتی و لەسەر بەرکەوتەی یەکێتی پێکبێن "ئەوکات کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر هەموو بەربژێرەکانی خۆی بدات بۆ پەرلەمان و حکومەت".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی باس لە پەیدابوونی بۆچوونێکی دیکە دەکات لەنێو سەرکردایەتی یەکێتیدا: "بەشێک لە سەرکردایەتی پێیانباشە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەرنەگرین، لە جیاتی ئەوە داوای پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ بکەین".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەرچەندە دەشزانێ بەهۆی رێککەوتنی گۆڕان و پارتییەوە ئەوە کارێکی ئاسان نابێت، بەڵام پێیوانییە بەو هۆیەوە لەگەڵ پارتی رێککەوتنەکەیان تێکبچێت "ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان وەربگرین، رەنگە هەندێک گۆڕانکاری بکرێ لەو پۆستانەی بەرکەوتەی یەکێتی دەبن".

دوو ئەندامی سەرکردایەتی رکابەرێتی دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، هەر یەکێک لەوانە نزیکە لە ئاراستەیەکی نێو حیزبەکەی. ئەندامەکەی سەرکردایەتی دەڵێت: "بەڵام ئەوە نابێتە گرفتێکی هێندە قورس کە یەکلایی نەکرێتەوە، چونکە پۆستەکان زۆرن، ئەگەر لەگەڵ پارتی بە تەواوی بیبڕێنینەوە، ئەوکات دەتوانین بۆچوونە جیاوازەکانی نێوخۆمان یەکبخەین".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتییەوە وەریگرتوون، یەکێتی جگە لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت، 5 وەزارەت و چەند دەستە و بریکارێک وەردەگرێت. هەروەها یەکێتی هەوڵی زۆر دەدات بۆ وەرگرتنی وەزارەتی ناوخۆ تاوەکو قادر حەمەجان، بۆ ئەو وەزارەتە دابنێ کە ئێستا رکابەرێتی قوباد تاڵەبانی دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت.

3«

# هەسەدە 30 داعشی کورد دەداتەوە هەرێمی کوردستان

**رووداو – هەولێر**

گوتەبێژی ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ئاشکرای دەکات ژمارەیەک لەو چەکدارە داعشانەی خۆیان رادەست کردووە یان لەلایەن هێزەکانیانەوە لە شەڕدا بەدیل گیراون، کوردی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستانن.

مستەفا بالی، گوتەبێژی ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بە (رووداو)ی راگەیاند "چەکدارە کوردەکانی نێو داعش زۆر بوون، بەشێکیان لە شەڕدا کوژران و بەشێکیشیان دوای شکستی داعش لە سووریا و عێراق بەرەو وڵاتانی ئەوروپا هەڵاتوون، ئێستا زیاتر لە 40 چەکدار خۆیان رادەستی هێزەکانمان کردووە یان بەدیل گیراون، 30 چەکداریان کوردی باشووری کوردستانن، 10 چەکداریشیان کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانن".

سەبارەت بە چارەنووسی ئەو چەکدارە کوردانەی داعش، مستەفا بالی گوتی: "لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە لەسەر رادەستکردنەوەیان کراوە و ئەوانیش ئامادەییان دەربڕیوە بۆ وەرگرتنەوە و دادگاییکردنیان لە هەرێمی کوردستان، ئێستا ئەو چەکدارانە ئامادەکراون بۆ رادەستکردنەوە و چاوەڕێی بڕیای حکومەتی هەرێمی کوردستانین". گوتەبێژی ناوەندی راگەیاندنی (هەسەدە) لەبارەی چەکدارە داعشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش گوتی: "ئەوانە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانن، هێشتا بڕیارمان نەداوە رادەستی ئێرانیان دەکەینەوە یان نا".

جگە لەو چەکدارە کوردانە، بە گوتەی مستەفا بالی 500 چەکداری داعشی عێراقی لەلایەن هێزەکانیانەوە دەستگیرکراون. بالی گوتی "تا ئێستا 250 چەکداری داعشی عێراقیمان رادەست کردووە. کاروانی یەکەم لە ناوەڕاستی مانگی دوو رادەست کرانەوە کە ژمارەیان 150 چەکدار بوو، کاروانی دووەمیش کە ژمارەیان 130 کەس بوو لە رۆژی 2019/3/4 رادەستی حکومەتی عێراق کراونەتەوە. بەپێی رێککەوتنی نێوانیشمان ئەو چەکدارە داعشە عێراقیانەی لەنێو زیندانەکانی هێزەکانی سووریای دیموکراتدا ماون بە چەند قۆناغێکی دیکە رادەست دەکرێنەوە". مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێمە هیچ زانیارییەکمان نییە لەبارەی رادەستکردنەوەی داعشە کوردەکان، بەڵام لە سەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق و سووریا، نزیکەی 500 گەنجی کورد چوونە نێویان کە 300یان کوژراون و 150شیان خۆیان رادەستی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە، بەڵام 40 بۆ 50 کەسیان چارەنووسیان دیار نییە".

4«

# لە گەڕەکێکی هەولێر زەویی دوو قوتابخانە دەفرۆشرێنەوە

**رووداو – هەولێر**

لە گەڕەکی سەربەستی لە هەولێر کە بە 32ـی پارک ناسراوە، دوو زەوی خزمەتگواری کە لە نەخشەدا قوتابخانەن، دەکرێنە شوێنی نیشتەجێبوون. شارەوانی هەولێریش داوای روونکردنەوە لە تاپۆ دەکات لەسەر گۆڕینی عینوانی ئەو زەوییانە.

هاشم فەقێ مەجید، کە سێ ساڵە لەو گەڕەکە نیشتەجێیە، دەڵێت: "زەوییەکم بە نرخێکی زۆر گران لەو گەڕەکە کڕی کە بەردەمی زەویی خزمەتگوزاری بوو، بەڵام سەرەتای ئەم مانگە دوو کەس هاتن و گوتیان ئەم زەوییەمان کڕیوەتەوە و دەیکەینە زەویی نیشتەجێبوون و دەیفرۆشینەوە".

بەڵام ماهیر مەهدی، خاوەنی کۆمپانیای دڵخۆش بۆ زەویوزار کە دەیەوێ زەوییەکە بکات بە شوێنی نیشتەجێبوون، بە (رووداو)ی گوت: "زیاتر لە 6 مانگە ئەو زەوییەم لەڕێگەی دادگاوە لە حکومەت کڕیوە، رووبەرەکەی 6000 مەترە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلارم لێ خەرج کردووە، ئێستا خەریکی تەواوکردنی مامەڵەی بەناوکردن و وەرگرتنی رێگەپێدانم، نەخشەشم داناوە کە سەنەدەکان لە تاپۆ تەواو بکەم".

هەر لە هەمان گەڕەکدا زەوییەک لەسەر نەخشە بۆ قوتابخانەیە، بەڵام خەریکە دەکرێتە زەوی نیشتەجێبوون و دەفرۆشرێتەوە، خاوەنی نووسینگەیەکی کڕینی فرۆشتنی زەوی و خانوو دەڵێ: "ئەو شوێنەیان بەمەبەست هەڵبژاردووە، چونکە لایەکی دەکەوێتە سەر شەقامی بازرگانی، زەوییەکە وەکو زێڕ وایە، نرخی هەر پارچەی 200 مەتری لەسەر شەقامەکە دەگاتە 300 هەزار دۆلار".

نووسینگەی باغی شەقڵاوە کە کڕین و فرۆشتنی بە هەندێ لەو زەویانەوە کردووە، رەتیدەکاتەوە ئەوان دەستیان هەبێ لە گۆڕینی عنوانی ئەو زەویانە، ئەمین عەبدولقادر، بەڕێوەبەری نووسینگەی باغی شەقڵاوە – لقی گەڕەکی سەربەستی بە (رووداو)ی راگەیاند: "نزیکەی شەش مانگ پێش ئێستا کەسێک هات و پرسیاری ئەو زەوییەی لێکردم، منیش پێمگوت لایەکی شەقامی 30 مەترییە، لایەکی سەوزاییە، بۆیە زەوییەکی نایابە، من کەسەکەم نەدەناسی، بەڵام ئەو گوتی بڕیارە وەکو قەرەبوو وەریبگرم".

کرمانج دەشتەکی، بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "بڕیارەکە لەلایەن تاپۆوە دراوە، بۆیە شارەوانی داوای روونکردنەوەی لە تاپۆ کردووە".

2«

ئابووری 8

## ساڵانە دوو ملیار دۆلار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل دەچێتە دەرەوە



ژنان 12

## فەرمان بە پیلانی ژنەکەی کوژرا

کۆمەڵایەتی 13

## 338 قوتابی لە گرتووخانەوە دەخوێنن



تاراوگە 11

## کۆچبەرێکی کورد بە 34 ساڵ بەندکردن سزا دەدرێت



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (546) - دووشەممە 2019/3/11



## مەی ژنێکی کورد خەڵات دەکات

**رووداو- لەندەن**

د.فانیا ئیسماعیل، ژنێکی کوردی دانیشتووی شارۆچکەی کینتە لە بەریتانیا، توانی لەڕێگەی داهێنانێکی زانستی خۆی بگەیێنێتە نێو لیستی داهێنەرەکانی ئەو وڵاتە و لەلایەن تێریزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا خەڵاتکرا.

د.فانیا توانی ماددەیەکی کیمیایی بدۆزێتەوە کە رووپۆشی تەنەکان دەکات و تەمەنیان درێژ دەکاتەوە، چیدیکە پێویست ناکات پلاستیک بۆ رووپۆشی ناوەوەی کووپی قاوە و چایی بەکاربهێنرێت. تێریزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە کۆشکی سەرۆکایەتی پێشوازی لە د.فانیا ئیسماعیل کرد و پیرۆزبایی لێکرد، چونکە ئەو بە یەکێک لەو 10 ئافرەتەی سەرئاستی وڵاتەکە دانراوە کە خەڵاتی بەتواناترین ژنانی 2019ـیان پێدرا.

### هێشتا شەڕ بە منداڵانی ئێزدی دەکات

# داعش مەشق و راهێنانی بە 500 منداڵی ئێزدی کردووە

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

لە دوو هەفتەی رابردوودا نزیکەی 40 منداڵی کوردی ئێزدی لە باغۆز رزگارکراون، ژمارەیەکیان تا ئێستا لەلای داعش ماون و داعش شەڕیان پێدەکات. مێردمنداڵێک کە تازە رزگارکراوە، دەڵێت داعش چەندین جار بە پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە ناردوویەتی بۆ بەرەکانی شەڕ.

ئازاد خدر، تەمەنی 10 ساڵ بوو کە لە ئابی 2014 لە شنگال لەلایەن داعشەوە رفێنرا، ئێستا تەمەنی بۆ 17 ساڵ دەچێت. ئەو دوای رفاندنی تاوەکو چوار مانگی یەکەم لەگەڵ کەسوکارەکەی بوو، بەڵام دواتر لەگەڵ ژمارەیەک منداڵی ئێزدی لە باوک و دایکیان جیاکرانەوە. ئازاد دەڵێت ساڵێک و سێ مانگ مەشقی سەربازی پێکراوە و مێشکیان پڕکردووە لە بیری توندڕەوی.

ئازاد ماوەیەکی کەمە لە چنگی داعش رزگاری بووە، هێشتا قژە درێژەکەی ماوە کە داعش بە زۆر پێی هێشتبووەوە. ئەو مۆبایلەکەی دەردێنێ، وێنەی یەکەیەکەی هاوڕێکانیمان پیشان دەدات و دەڵێت: "داعش مێشکی ئێمەی شۆردبووەوە، هەر کاتێک دەچووین بۆ شەڕ، حەزمان دەکرد شەهید بین، بۆ ئەوەی بچینە بەهەشت".

ئازاد لەگەڵ دایکی و باوکی و چوار برای لە خۆی گەورەتری و دوو برای لە خۆی بچووکتری

> **بە پشتێنەی بۆمبڕێژکراوەوە دەچوومە بەرەکانی شەڕ**
> مێردمنداڵێکی ئێزدی

کەوتبوونە دەستی داعش، هەتا ئێستا تەنیا ئەو و برایەکی و برازێیەکی لە دەست داعش رزگاریان بووە. چارەنووسی پێنج برا و دایکی و بابی و دوو برازنی هێشتا نادیارە.

ئازاد لەبارەی مەشق و وانەکانی داعش دەڵێت: "لە مووسڵ ئێمەیان لە کەسوکارمان جیاکردەوە، دواتر ئێمەیان بردە سەربازگەیەک لە سووریا، لەوێ ساڵێک و دوو مانگ بەس وانەی ئاینییان پێگوتین، لەوێ یەکێک لە براکانیشم لەگەڵ بوو، پاشان ئێمەیان بردە سەربازگەیەکی دیکە و نزیکەی دوو مانگ مەشقی سەربازییان پێکردین. دوای تەواوبوونی مەشقەکان ئێمەیان



ئازاد (دەستی راست) ساڵێک و چوار مانگ لەنێو داعش راهێنانی دینی و سەربازی بینیوە

بردە بارەگاکانی خۆیان و بووین بە پاسەوان، هەندێکجاریش دەیانبردین بۆ بەرەکانی شەڕ".

ئازاد دەڵێت داعش ژمارەیەکی زۆر سەربازگەی هەبوو، بەڵام چوار سەربازگەی گەورەی لە سووریا تەرخان کردبوو بۆ مەشق و راهێنان بە منداڵان.

بەپێی دوایین ئامار کە چواری ئەم مانگە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزدییان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بڵاوکراوەتەوە، بەهۆی پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری 6417 کەس رفێنران (3548 نێر) و (2869 مێ). تا ئێستا 3371 کەس رزگارکراون (1165 ئافرەت، 337 پیاو، 976 منداڵی کچ و 893 منداڵی کوڕ).

تا ئێستاش 3046 کەس لەلای داعش ماون یان چارەنووسیان دیار نییە: 1406 کەس لە رەگەزی مێ و 1640 کەسیش لە رەگەزی نێر.

بەهۆی پەلامارەکەی داعش 360 هەزار کەس لە شنگال و دەوروبەری ئاوارە بوون. هەر بەهۆی ئەو پەلامارەوە 1293 کوردی ئێزدی کوژراون. تاوەکو ئێستاش 71 گۆڕی بە کۆمەڵ لە شنگال دۆزراونەتەوە.

مەزەندە دەکرێ 500 منداڵی ئێزدی کە تەمەنیان لە سەرووی 10 ساڵانە لەلایەن داعشەوە مەشق و راهێنانیان پێ کرابێ کە ئازاد یەکێکیان بووە.

ئازاد دەڵێت: "ئەو سەربازگەیەی ئێمە مەشقمان لێ دەکرد 60 منداڵی تێدابوو، 34یان ئێزدی بوون، ئێمە لە نێوخۆماندا بە برا بانگی یەکدیمان دەکرد". هەروەها دەڵێت: "زۆربەی منداڵەکان باوەڕی تەواویان بە داعش هێنابوو، شەڕیان بۆ دەکردن، منداڵ هەبوو خۆی تەقاندەوە، منیش چەند جارێک پشتێنی بۆمبڕێژکراوم لێ بەسترا، بەڵام نۆرەم نەهات خۆم بتەقێنمەوە".

براکەی ئازاد هێشتا لەنێو داعشدایە، ئازاد چەند جارێک بە ڤایبەر قسەی لەگەڵ کردووە و ئامۆژگاری کردووە کە داعش خراپن و وازیان لێ بێنێ و بگەڕێتەوە لایان، بەڵام دەڵێت "براکەم ناگەڕێتەوە و تەنانەت بە ئێمەش دەڵێت ئێوە کافرن".

### خۆیان لێ ون کردوون

# 15 پارێزەر بەناوی وەرگرتنی ئیقامە پارە لە بیانییەکان وەردەگرن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو- هەولێر**

چەند پارێزەرێک بەناوی وەرگرتنی ڤیزە و ئیقامە لە کوردستان پارە لە خەڵکی بیانی وەردەگرن و ئیقامەشیان بۆ دابین ناکەن، هەندێک لەو پارێزەرانە دواتر ئەو کۆدە دەفرۆشنەوە کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆ وەرگرتنی ڤیزە وەریدەگرن.

(س.ی) گەنجێکی میسرییە و بۆ کارکردن هاتووەتە هەرێمی کوردستان. ئەو لەڕێگەی پارێزەرێکەوە ڤیزەی بۆ وەرگیراوە، بەڵام ئیقامەی بۆ وەرنەگرتووە. (س) بە (رووداو)ی گوت: "شەش مانگ لەمەوبەر ویستم لەڕێگەی پارێزەرێکەوە ئیقامە وەربگرم و هەزار دۆلاریشم دا، بەڵام پارێزەرەکە ئیقامەی بۆ وەرنەگرتم و پارەکەشی نەدامەوە، بۆیە سکاڵام لەسەری تۆمار کرد".

(س) کە ئێستا لە کافترییایەک لە هەولێر کاردەکات، بۆ ئەوەی بتوانێ ئیقامە وەربگرێ پەنای بۆ پارێزەرێکی دیکە برد.

یەکێک لەو پارێزەرانەی کە ئاگاداری ئەو کێشەیەیە، بە (رووداو)ی گوت: "هەندێک پارێزەر کۆدی پارێزەرییەکەیان بەکاردێنن بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بیانی و بەناوی وەرگرتنی ڤیزە و ئیقامە پارەیەکی زۆریان لێوەردەگرن و دواتر بەجێیاندێڵن".

ئەو پارێزەرە باس لەوەش دەکات کە بەشێک لەو پارێزەرانە کۆدەکەی خۆیان دەفرۆشنەوە: "بە چەند هەزار دۆلارێک دەیفرۆشنەوە بە کۆمپانیا و کەسانێکی دیکە، ئەوانیش بۆ هەر ڤیزەیەک 85 بۆ 300 دۆلار و هەر ئیقامەیەک 1000 تاوەکو 1200 دۆلار لە خەڵکە بیانییەکە وەردەگرن، دواتریش بەدەم ئیشەکانیانەوە ناچن و پارەکانیان لێدەخۆن".

عەقید یادگار شێخ ئەنوەر، بەڕێوەبەری نشینگەی هەولێر لەوبارەوە دەڵێت: "ئەو پارێزەرانە لەڕێگەی وەزارەتی ناوخۆ کۆدیان پێدەدرێ و دەتوانن ڤیزە بۆ خەڵکی بیانی وەربگرن، بەڵام چەند پارێزەرێک خەڵکە بیانییەکە هەڵدەخەڵەتێنن، بەناوی وەرگرتنی ئیقامە پارەیان لێوەدەگرن و بەجێیاندێڵن، بەو هۆیەوە ماوەی مانەوەیان تەواو دەبێ و تووشی سزای دارایی و یاسایی دەبن".

گوتیشی: "ناوی ئەو پارێزەرانەمان بۆ سەرووی خۆمان ناردووە، داوامان کردووە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ".

وەزارەتی ناوخۆ لەڕێگەی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ ئەو پارێزەرانە رووبەڕووی دادگا دەکاتەوە. کارزان عەلی، ئەندامی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ دەڵێت: "ئەو پارێزەرانەی کۆدیان هەیە بۆیان هەیە مانگانە 30 تاوەکو 40 کرێکاری بیانی بێننە هەرێمی کوردستان، بەڵام هەر پارێزەرێک بەناوی وەرگرتنی ڤیزە و ئیقامە بازرگانی بەو کرێکارە بیانیانەوە بکات و پارەیان لێوەربگرێت بەتوندی رووبەڕووی لێپرسینەوەی دەکەین، مانگ نییە لەسەر بابەتی ئیقامە، فرۆشتنی کۆدی پارێزەرێتی و هێنانی کرێکاری بیانی بەشێوەیەکی نایاسایی، پارێزەر و کۆمپانیا نەخەینە لیستی رەشەوە".

بەپێی ئامارەکانی سەندیکای پارێزەران تاوەکو ئێستا بەسەدان پارێزەر کۆدی وەرگرتنی ڤیزەیان لە وەزارەتی ناوخۆ پێدراوە. ئارام گەردی، گوتەبێژی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان دەڵێت: "بەپێی رێککەوتنێکی دوو ساڵ لەمەوبەری نێوان وەزارەتی ناوخۆ و سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، ئیمتیازێک دراوە بەو پارێزەرانەی ئەندامن لە سەندیکا، ئەویش پێدانی کۆدی وەرگرتنی ڤیزەیە کە پارێزەر دەتوانێ داوای وەرگرتنی ڤیزە بۆ خەڵکی بیانی بکات".

بە گوتەی ئارام گەردی، وەزارەتی ناوخۆ کۆدی داوە بە زیاتر لە 500 پارێزەر کە بەشێکیان کار لەگەڵ کۆمپانیاکان دەکەن، بەڵێننامە بە پارێزەرەکە پڕدەکرێتەوە کە نابێت ئەو کۆدە بدرێ بە کەسێک یان بفرۆشێتەوە "بەڵام بەشێک لە پارێزەران داویانە بە کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی یان کەس و هاوڕێیەکیان و ئەوانیش مامەڵەیان پێوەکردووە".

وەزارەتی ناوخۆ و سەندیکای پارێزەران رێکارەکانی پێدانی ئەو کۆدە توندتر دەکەن، ئارام گەردی دەڵێ: "پێشتر بە هەرەمەکی کۆدەکە بە هەموو پارێزەران دەدرا، بەڵام بەپێی ئەو رێککەوتنە نوێیەی لە چەند مانگی رابردوو لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کردوومانە، سیستەمێک دانراوە کە دەبێت پارێزەرەکە دوو ساڵ خزمەتی هەبێ ئینجا دەتوانێت کۆد وەربگرێ، هەروەها هەر کەسێک ڤیزەی بۆ وەردەگیرێ، ئەگەر لەماوەی 30 رۆژدا چارەنووسی دیاری نەکرێت، پارێزەرەکە بە 10 ملیۆن دینار غەرامە دەکرێ، لەڕێگەی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤەوە پەراوی لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێتەوە، داوای دیاریکردنی چارەنووسی بیانییەکەی لێدەکرێ و دەدرێتە دادگا".

بەگوتەی ئارام گەردی ژمارەی ئەو پارێزەرانەی لەم دۆسیەیە تێگلاون 15 پارێزەرن و دەڵێ: "تاوەکو ئێستا نووسراو لەسەر زیاتر لە 100 پارێزەر کراوە، بەڵام مەرج نییە هەموویان تاوانبار بن، نیوەیان دوای تۆمەتبارکردنیان چوونە بەردەم لیژنەکە، پێش ئەوەی دۆسیەکەیان بگاتە دادگا، چارەنووسی بیانییەکانیان یەکلاکردووەتەوە".

### نرخی یەکێکیان چوار ملیۆن دۆلارە

# لە گەڕەکێکی هەولێر زەویی دوو قوتابخانە دەفرۆشرێنەوە

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

لە گەڕەکی سەربەستی لە هەولێر کە بە 32ـی پارک ناسراوە، زەوییەکی خزمەتگوزاری دەکرێتە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەوەش بووەتە مایەی نارەزایی دانیشتووانی گەڕەکەکە. شارەوانی هەولێریش داوای روونکردنەوە لە تاپۆ دەکات لەسەر گۆڕینی عنوانی ئەو زەوییانە.

هاشم فەقێ مەجید، کە سێ ساڵە لەو گەڕەکە نیشتەجێیە، دەڵێت: "زەوییەکم بە نرخێکی زۆر گران لەو گەڕەکە کڕی کە بەردەمی زەویی خزمەتگوزاری بوو، بەڵام سەرەتای ئەم مانگە دوو کەس هاتن و گوتیان ئەم زەوییەمان کڕیوەتەوە و دەیکەینە زەویی نیشتەجێبوون و دەیفرۆشینەوە".

کارزان کاریتانی کە ماڵی لەو گەڕەکەیە، دەڵێ لە تاپۆ نەخشەی ئەو شوێنەی بینیوە کە بۆ خزمەتگوزاری دانراوە و بڕیار بوو بکرێتە قوتابخانە "بەڵام ئێستا چەند کەسێک هاتوون

> **داوای روونکردنەوەمان لە تاپۆ کردووە**
> شارەوانیی هەولێر

و دەیانەوێت بیکەنە شوێنی نیشتەجێبوون و بە چەند ملیۆن دۆلارێک بیفرۆشنەوە، بۆیە ئێمە واژۆمان کۆکردووەتەوە و هەموو رێگایەک لەدژی ئەو کەسانە دەگرینەبەر".

دانیشتووانی ئەو گەڕەکە کە سەردانی شارەوانیی ناوچەکەیان کردووە، پێیانگوتوون ئاگاداری ئەو کارە نین.

بەڵام ماهیر مەهدی، خاوەنی کۆمپانیای دڵخۆش بۆ زەوییوزار کە دەیەوێ زەوییەکە بکات بە شوێنی نیشتەجێبوون، بە (رووداو)ی گوت: "زیاتر لە 6 مانگە ئەو زەوییەم لەڕێگەی دادگاوە لە حکومەت کڕیوە، رووبەرەکەی 6000 مەترە، 85%ی بەناوی خۆمە و 15%یشی بەناوی ئامۆزایەکمە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە دوو ملیۆن دۆلارم لێ خەرج کردووە، ئێستا خەریکی تەواوکردنی مامەڵەی بەناوکردن و وەرگرتنی رێگەپێدانم، نەخشەشم داناوە کە سەنەدەکان لە تاپۆ تەواو بکەم".

هەر لە هەمان گەڕەکدا زەوییەک لەسەر نەخشە بۆ قوتابخانەیە، بەڵام خەریکە دەکرێتە زەوی نیشتەجێبوون و دەفرۆشرێتەوە، یەکێک لە دانیشتوانی نزیک زەوییەکەش بە (رووداو)ی گوت: "ئێمە چاوەڕێ بووین قوتابخانەکە دروستبکرێ، بەڵام ئێستا دراوە بە کەسانێک و خەریکن دەیکەن بە زەوی نیشتەجێبوون".

هەندێک خاوەن نووسینگە رەتیدەکەنەوە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بەم زەویانەوە بکەن کە خزمەتگوزارین و دەکرێن بە یەکەی نیشتەجێبوون، خاوەن نووسینگەیەکی خانووبەرە دەڵێت: "ئەو زەوییە خزمەتگوزارییە و بەپێی نەخشە بۆ قوتابخانە دەستنیشان کرابوو، ئێستا نازانین چۆن کردراوە و دراوە بە کێ، بەڵام نووسینگەیەک ئێستا کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکات، ئەوان گوتیان دەتوانن کڕین و فرۆشتن بەو زەویانە بکەن، بەڵام ئێمە رەتمانکردەوە".

خاوەنی نووسینگەکە دەڵێ: "ئەو شوێنەیان بەمەبەست هەڵبژاردووە، چونکە لایەکی دەکەوێتە سەر شەقامی بازرگانی، زەوییەکە وەکو زێڕ وایە، نرخی هەر پارچەی 200 مەتری دەگاتە 300 هەزار دۆلار و لە کۆڵانەکانی ناوەوەش نرخەکەی 110 تاوەکو 130 هەزار دۆلارە، هەموو زەوییەکەش بایی 6 ملیۆن دۆلار دەبێ".

گەڕەکی 32ی پارک نزیکەی 6 هەزار ماڵی لێیە، بەڵام هێشتا یەک بنکەی تەندروستی تێدا نییە، خاوەن نووسینگەیەک دەڵێ: "ئەو گەڕەکە پێویستی بە نەخۆشخانە، قوتابخانە، مزگەوت و خزمەتگوزاری دیکە هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ نەخۆشخانەیەک لەو گەڕەکە گەورەیە نییە، پێشتر شوێنێک بۆ نەخۆشخانە دابینکرابوو، بەڵام ئەویش کرا بە مزگەوت".

نووسینگەی باغی شەقڵاوە کە کڕین و فرۆشتنی بە هەندێ لەو زەویانەوە کردووە، رەتیدەکاتەوە ئەوان دەستیان هەبێ لە گۆڕینی عنوانی ئەو زەویانە، ئەمین عەبدولقادر، بەڕێوەبەری نووسینگەی باغی شەقڵاوە- لقی گەڕەکی سەربەستی بە (رووداو)ی راگەیاند: "نزیکەی شەش مانگ پێش ئێستا کەسێک هات و پرسیاری ئەو زەوییەی لێکردم، منیش پێمگوت لایەکی شەقامی 30 مەترییە، لایەکی سەوزاییە، بۆیە زەوییەکی نایابە، من کەسەکەم نەدەناسی، بەڵام ئەو گوتی بڕیارە وەکو قەرەبوو وەریبگرم. دوای چەند مانگێک ئاگادارکراینەوە کە زەوییەکە ئیفراز کراوە و بووە بە سەنەد، ئێمە وەکو نووسینگە زەوی ناکڕین و نافرۆشین، بەڵکو لەڕێگەی بایەع شارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو زەویانە دەکەین، بۆیە ئەوانمان کۆکردەوە و پێمانگوتن، بەڵام ئەوان پارەکەیان پێ ئامادە نەبوو کە زیاتر لە چوار ملیۆن دۆلار بوو، بۆیە بە خەڵکی دیکە فرۆشرا، ئێستاش زیاتر لە دەستێکی کردووە و بەردەوامیش مامەڵەی پێوەدەکرێ، ئێمەش نزیکەی 10 زەویمان لەڕێگەی بایەع شارییەکانەوە کڕیوەتەوە کە خۆی 28 پارچە زەوییە".

شارەوانی هەولێر دەڵێت بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکەن. عەبدوڵلا عەبدولغەنی، سکرتێری ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەر زەوییەک بۆ خزمەتگوزاری دەستنیشانکرابێت، نابێت رەگەزەکەی بگۆڕدرێ. ئێمە ئاگاداری ئەوە نین، بەڵام بەدواداچوونی بۆ دەکەین".

هەروەها کرمانج دەشتەکی، بەرپرسی راگەیاندنی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "بڕیارەکە لەلایەن تاپۆوە دراوە، بۆیە شارەوانی داوای روونکردنەوەی لە تاپۆ کردووە".

## دەنگ لەسەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەدرێت

**رووداو- هەولێر**

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکان لەسەر دانانی ئەندامانی 15 لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمان ڕێککەوتن، بۆ پەسندکردنی ناوی ئەندامانی لیژنەکانیش ڕۆژی سێشەممە پەرلەمان کۆدەبێتەوە. ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆژی سێشەممە ئەندامانی لیژنەکان دابەشدەبن، دوای ئەوەی ئەو پرۆسەیە دەستپێدەکات، لەناوخۆماندا وەک فراکسیۆنەکان بڕیار دەدەین کامە سەرۆک و لیژنە و بڕیاردەر وەردەگرین، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ قسەیەک لەو بارەیەوە نەکراوە". لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، فراکسیۆنی سەوز بەشداربوون، بڕیاریشە لە کۆبوونەوەی سێشەممە بەشداریی بکەن و دەنگ بە ئەندامانی لیژنەکان بدەن.



# پۆستەکەی قوباد تاڵەبانی دەخرێتە دەنگدانەوە



**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەندامانی ئەو شاندەی دەستنیشان کردووە کە بڕیارە بەمنزیکانە لەگەڵ پارتی کۆببنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو پۆستانەی بەرکەوتەی یەکێتین لە کابینەی داهاتوودا، بەڵام کێشەی ئێستای یەکێتی ئەوەیە پۆستەکان بەشێوەیەک دابەش بکات، هەردوو باڵی ماڵی تاڵەبانی و کۆسرەت ڕەسوڵ ڕازی بکات.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "پەسەندترین ڕێگا دەنگدانی ئەندامانی سەرکردایەتییە لەسەرهەموو پۆستەکان. دوای گەڕانەوەی شاندەکەمان لە کۆبوونەوەی هاوبەشمان لەگەڵ پارتی، ناوی بەربژێرەکان دەخرێنە دەنگدانەوە"، بەڵام زانیارییەکانی نێو ئۆرگانەکانی یەکێتی باس لە پەیدابوونی بۆچوونێکی دیکە دەکەن، ئەویش گۆڕینی هەندێک لەو پۆستانەیە کە داوای دەکەن.

ڕۆژی 4ی ئاداری 2019 پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنێکیان سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کرد. ئێستا پارتی چاوەڕێی ناوی بەربژێرەکانی یەکێتی دەکات و یەکێتیش دەڵێ تاوەکو ئێستا نازانین بەرکەوتەی ئێمە لەنێو حکومەت چییە. هەر بەو هۆیەوە، کۆبوونەوەیەکی دیکەی باڵای پارتی و یەکێتی پێویستە بۆ بەگەڕخستنی شەمەندەفەری پێکهێنانی حکومەت.

سامان گەرمیانی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ دەبێت لیژنەکان دەستبەکار ببن لەگەڵ پارتی و لەسەر بەرکەوتەی یەکێتی پێکبێن "ئەوکات کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیار لەسەر هەموو بەربژێرەکانی خۆی بدات بۆ پەرلەمان و حکومەت". بەڵام ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی باس لە پەیدابوونی بۆچوونێکی دیکە دەکات لەنێو سەرکردایەتی یەکێتیدا: "بەشێک لە سەرکردایەتی پێیانباشە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەرنەگرین، لە جیاتی ئەوە داوای پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ بکەین".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی هەرچەندە دەشزانێ بەهۆی ڕێککەوتنی گۆڕان و پارتییەوە ئەوە کارێکی ئاسان نابێت، بەڵام پێیوانییە بەو هۆیەوە لەگەڵ پارتی ڕێککەوتنەکەیان تێکبچێت "ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان وەربگرین، ڕەنگە هەندێک گۆڕانکاری بکرێ لەو پۆستانەی بەرکەوتەی یەکێتی دەبن".

دوو ئەندامی سەرکردایەتی رکابەرێتی دەکەن بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، هەر یەکێک لەوانە نزیکە لە ئاراستەیەکی نێو حیزبەکەی. ئەندامەکەی سەرکردایەتی دەڵێت: "بەڵام ئەوە نابێتە گرفتێکی هێندە قورس کە یەکلایی نەکرێتەوە، چونکە پۆستەکان زۆرن، ئەگەر لەگەڵ پارتی بە تەواوی بیبڕێنینەوە، ئەوکات دەتوانین بۆچوونە جیاوازەکانی نێوخۆمان یەکبخەین".

> **سەرجەم پۆستەکان دەخەینە دەنگدانی سەرکردایەتییەوە**
>
> ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی

مەحموود محەممەد، گوتەبێژی فەرمی مەکتەبی سیاسی پارتی دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی حیزبەکەی، ڕۆژی یەکشەممە 10ی ئادار لە لێدوانێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی: "چاوەڕێین برادەرانی یەکێتی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، چونکە لە گفتوگۆکانمان ئەوەمان ڕاگەیاندبوو کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تەواو بکرێت و کاندیدی خۆیان دیاری بکەن. دواتر ڕێکارەکان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بگیرێنەبەر".

بڕیار بوو ڕۆژی هەینی رابردوو سەرکردایەتی یەکێتی کۆببێتەوە، بەڵام دواتر ئەندامانی سەرکردایەتی ئاگادار کرانەوە کە کۆبوونەوەکە دواخراوە. مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ڕەتیدەکاتەوە دواخستنی کۆبوونەوەکە بەهۆی ناکۆکی نێوخۆیی بووبێت لەسەر پۆستەکان و دەڵێ "هەڤاڵان بە باشی دەزانن کە بەرچاومان ڕوون بێت پۆستەکانمان چین. هەرکاتێک پۆستەکانی نێو حکومەتیشمان یەکلایی بووەوە، ئەوکات بە یەک دانیشتنی سەرکردایەتی بەربژێرەکان بۆ پەرلەمان و حکومەت یەکلایی دەکەینەوە".

لە نێو سەرکردەکانی یەکێتیدا، باس لە چەندین شێوازی جۆراوجۆر دەکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی بەربژێرەکانیان. ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، ئەو بۆچوونە بەلاواز دەزانێ کە حیزبەکەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەرنەگرێت لە پێناو بەدەستهێنانی وەزارەتی ناوخۆ و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان "ئێمە دووەم لایەنی براوەی هەڵبژاردنین و دەبێ سەرۆکایەتییەکمان لابێت، خۆ پارتی هیچکام لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتمان ناداتێ و هەر دەبێت سەرۆکی پەرلەمان وەربگرین".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی یەکێتییەوە وەریگرتوون، یەکێتی جگە لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت، 5 وەزارەت و چەند دەستە و بریکارێک وەردەگرێت. وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و تەندروستی و پێشمەرگە و شارەوانییەکان و خوێندنی باڵا، لەگەڵ بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆک یان جێگری سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە. بەڵام یەکێتی هەوڵی زۆر دەدات بۆ وەرگرتنی وەزارەتی ناوخۆ تاوەکو قادر حەمەجان، بۆ ئەو وەزارەتە دابنێ کە ئێستا ڕکابەرێتی قوباد تاڵەبانی دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت.

لەلایەکی دیکەوە، هەریەکە لە ڕێواس فایەق و بێگەرد تاڵەبانی، پێداگیری دەکەن لەسەر وەرگرتنی سەرۆکی پەرلەمان، هیچیشیان ئامادەنین پۆستی حکومی وەربگرن. ئەمەش یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی قورس کردووە.

> **بەشێک لە سەرکردایەتی لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەماندا نین**
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

هەر بەپێی زانیارییەکان دەگوترێ بەشێک لە یەکێتییە تاڵەبانییەکان جۆرێک لە پەشیمانییان پێوە دیارە لەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ پارتی کراوە، چونکە واژۆی کۆسرەت ڕەسوڵ لەسەر ڕێککەوتنەکەیە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ کۆبوونەوەی دوێنێی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی شاندی دانوستاندنکاری یەکێتی و ئەو پۆستانە بووە کە داوای دەکەین و بەو نزیکانە لەگەڵ پارتی کۆدەبینەوە "هەرکاتێک پۆستەکانمان یەکلایی بوونەوە، بەربژێرەکان بە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی دیاریدەکرێن و جگە لە قوباد تاڵەبانی، خەڵکی دیکەشمان هەیە کە دەیەوێ بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرێ".

بەڵام هەر دوای کۆبوونەوەی دوێنێی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، لەتیف شێخ عومەر، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایگەیاند، یەکێتی نەیگوتووە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرن "تاوەکو ئێستاش داوای هیچ پۆستێکمان نەکردووە و چاوەڕوانی کۆبوونەوەی داهاتووی یەکێتی و پارتین".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، پارتی پەیوەندی بە یەکێتییەوە کردووە و داوای لێکردوون لەوە زۆرتر پرۆسەکە دوانەخەن. لەکاتێکدا لەبەر یەکێتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دواخراون. هەرچەندە بەپێی بانگهێشتنامەیەکی ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کراوە، ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو پەرلەمان کۆدەبێتەوە، بەڵام لەو کۆبوونەوەیەشدا پێناچێت یەکێتی بتوانێ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان وەربگرێ.

---

# یەکێتی داوا دەکات دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بە ڕێککەوتن دیاری بکرێن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەو پرسە گرنگ و هەستیارەی لە نیوەی ڕێگادا دەرگای ئاشووب و لێکترازانی لەسەر کابینەی ئێستای حکومەت کردەوە و لایەنە بەشداربووەکانی پەرتکرد، بووەتەوە بە یەکەم وێستگەی پێکهێنانی کابینەی نوێ. پەرلەمانتارێکی یەکێتی دەڵێ: "پێمان باشە پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لەسەر ئەوە ڕێکبکەون نەک بدرێتە لیژنەیەکی پەرلەمان".

پارتی دەیەوێت دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێم و ڕاسپاردنی بەربژێری پارتی بۆ دروستکردنی حکومەت لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە لە کارە لەپێشینەکان بن، بۆیە دەبێت یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان هەموار بکرێت، بەشێوەیەک کە سەرۆک لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت. هەر فراکسیۆنە و پرۆژەیاسایەکی ئامادە کردووە و چاوەڕوانی دانیشتنەکانی داهاتووی پەرلەمان دەکەن.

بژار کۆچەر، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بۆچوونی حیزبەکەی لەبارەی ئەو پرسەوە دەبەستێتەوە بە هێنانە ئارای کۆدەنگییەکی نیشتمانی، بەڵام نایشارێتەوە چارەسەری یەکجاریی ئەو پرسە دەستووری هەمیشەیی کوردستانە و دەڵێ "هەنگاوی یەکەم بۆ ئەو چوار ساڵەی لە پێشمانە، لە پەرلەمانەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێ و دواتر لە ئامادەکردنی دەستووردا ئەوە یەکلایی دەکرێتەوە کە سەرۆک چۆن

> **پێمانباشە سەرۆک لە نێو خەڵک هەڵبژێردرێ**
>
> پەرلەمانتارێکی پارتی

هەڵدەبژێردرێ و دەسەڵاتەکانی چی دەبن".

یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە یاسا هەرە مشتومڕئامێزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دادەنرێ. هێشتا ئەو کابینەیەی حکومەت دوو ساڵی تەمەنی بەڕێنەکردبوو کە هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی گۆڕان، یەکێتی، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی، لای خۆیانەوە پرۆژەی خۆیان بردە پەرلەمان و بەپێی پرۆژەکە داوایان دەکرد سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بکرێتە پەرلەمانی و سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ. دواتریش بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی، پەنایان بۆ کەمینە و زۆرینەی دەنگەکانی نێو پەرلەمان برد، بەڵام نەک هەموارکردنەوەکە سەرینەگرت، بەڵکو کێشەکان تەقینەوە و تاوەکو دوای هەڵبژاردنی ئەیلولی 2018 پەیوەندییەکانی پارتی و گۆڕان ئاسایی نەبوونەوە.

جەلال محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان و ئەندامی لیژنەی یاسایی، ئاماژە بە ڕێککەوتنی سیاسی نێوان بزووتنەوەکەی و پارتی دەکات و دەڵێت :"لەبارەی نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و کۆی ئەو پرسانەی ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، لێکتێگەیشتن هەیە و هەر لایەکیش پرۆژەی خۆی ئامادە کردووە و دواتر لە هەموو پرۆژەکان، پرۆژەیەکی زۆرباش دروستدەکرێت و دەخرێتە دەنگدانەوە".

لە مانگی تەمموزی ئەمساڵ پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی پەسەند کرد. ڕۆژی چوارشەممە 2018/7/11 لەدوای خوێندنەوەی دووەم بە 39 دەنگی بەڵێی پەرلەمانتاران لەبەرامبەر 15 دەنگی نەخێر، پرۆژە یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا کە لەپرۆژەکەدا باس لەوە دەکرێت هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان پێکەوە ناکرێن. هەریەک لە بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لەگەڵ هەڵپەساردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوون. بزووتنەوەی گۆڕانیش لەوبارەوە پرۆژەی پێشکەش کردبوو. پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت لەو خولەی پەرلەمانی کوردستاندا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کارا بکاتەوە و نێچیرڤان بارزانیشی بۆ ئەو پۆستە بەربژێر کردووە. هەریەک لە یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕانیش لەگەڵ ئەوەدان دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

> **کێشەمان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمدا نییە**
>
> پەرلەمانتارێکی گۆڕان

کارا بکرێتەوە.

فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، چاوەڕێی ئەوەن دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستپێبکەنەوە، چونکە دوای دیاریکردنی لیژنەکانی پەرلەمان، دەبێت بەربژێری یەکێتی یەکلایی ببێتەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و دواتر لیژنەی یاسایی پرۆژەی خۆی لەبارەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە دانیشتنی پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت.

لوقمان وەردی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێ ئێمە پرۆژە یاسامان ئامادەیە لەبارەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوە "بەڵام ئەوە دەبێت بە ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی لەسەر ئاستی باڵا ببڕێندرێتەوە و وەک فراکسیۆن ناتوانین قسەی لەبارەوە بکەین".

گوتیشی، ڕاستە خولی پێشوو پرۆژە یاسامان هەبووە و تێڕوانینمان دیار بوو "بەڵام ئێستا دۆخەکە بە جۆرێکی دیکەیە و بۆ دەسەڵاتەکانیشی دەبێت لەگەڵ پارتی ڕێکبکەوین، ئەوکات لە پەرلەمانەوە کاری لەسەر دەکەین".

لە یەکێک لە ماددەکانی پرۆژە یاسایەکی بزووتنەوەی گۆڕاندا هاتووە، پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە یەکەم وەرزی گرێدانیدا لەژێر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکانی دەستوور، بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بدات. لە کابینەی نوێیەمی حکومەتدا، بزووتنەوەی گۆڕان دووەمین پۆستی باڵای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت کە ئەویش جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

جەلال محەممەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێ: "پێشتریش ئێمە کێشەمان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم نەبووە و نەمانگوتووە با دەسەڵاتەکانی نەمێنێ، تەنیا دەمانگوت لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ".

بژار کۆچەر، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دەڵێ، ئەوان وەک پارتی بۆ ئەو خولەی پەرلەمان ڕازی بوون سەرۆکی هەرێم لە نێو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت "بەڵام دەبێت دەستوور ئامادە بکرێت و لە نێو دەستووردا دەسەڵاتەکانی دیاری بکرێت و ئەوەش یەکلایی بکرێتەوە کە چۆن هەڵبژێردرێت، ئێمە خۆمان پێمان باشە لەنێو خەڵکەوە هەڵبژێردرێ".

### دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم چین؟

- سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە هەرێمی کوردستان.
- فەرماندەی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانە.
- لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، نوێنەرایەتی پێکهاتەی هاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان دەکات.
- لە ئەنجوومەنی باڵای ناوەندی سیاسی عێراق، نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات.
- بەناوی گەلی کوردستان ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان دەکات.
- هاوئاهەنگی لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکدەخات.
- دەتوانێت یاساکان ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان بکاتەوە بۆ چاوخشاندنەوە.
- داواکاریی دامەزراندن بە پلەی تایبەت و بەرزکردنەوەی پلە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بەرزدەکرێتەوە.

ژمارەیان 40 کەسە و 30 یان خەڵکی باشوورن

# هەسەدە داعشە کوردە دیلەکان دەداتەوە هەرێمی کوردستان

شکار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر


دوای شەڕی ناوخۆی سووریا 500 کورد لە باشووری کوردستان چوونە ریزەکانی داعش

هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ئەو چەکدارە داعشە عێراقی و کوردانە ڕادەست دەکاتەوە کە لەنێو زیندانەکانی ئەواندان. تا ئێستا دوو کاروان لەو چەکدارانەی ڕادەستی حکومەتی عێراق کردووەتەوە، چەکدارە کوردەکانیشیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی ڕادەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان بکەنەوە.

مستەفا بالی، گوتەبێژی ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) ژمارەی ئەو چەکدارە داعشانە و ناسنامەکانی ئاشکرا کردن کە لەکاتی شەڕدا لەلایەن هێزەکانی هەسەدەوە دەستگیرکراون یان خۆیان ڕادەست کردووە.

بالی بە (ڕووداو)ی گوت: "نزیکەی سێ هەزار چەکداری داعش، لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانیان لەلای ئێمە گیراون کە یەک لەسەر سێیان بیانین، 500 لەو چەکدارانە عێراقی بوون. ئەو چەکدارانە هەندێکیان لە شەڕدا بەدیل گیراون و هەندێکیشیان خۆیان ڕادەستی هێزەکانمان کردووە، ئێستاش لەسەر داوای حکومەتی عێراق و بە ڕێککەوتن لەگەڵیان بە چەند کاروانێک ڕادەستیان دەکەینەوە و لەوێ دادگایی دەکرێن".

لەبارەی ژمارەی ئەو چەکدارانەش کە تاوەکو ئێستا ڕادەستی حکومەتی عێراقی کراونەتەوە، مستەفا بالی گوتی: "تا ئێستا 250 چەکداری داعشی عێراقیمان ڕادەست کردووە. کاروانی یەکەم لە ناوەڕاستی مانگی دوو ڕادەست کرانەوە کە ژمارەیان 150 چەکدار بوو، کاروانی دووەمیش کە ژمارەیان 130 کەس بوو لە ڕۆژی 2019/3/4 ڕادەستی حکومەتی عێراق کراونەتەوە. بەپێی ڕێککەوتنی نێوانیشمان ئەو چەکدارە داعشە عێراقیانەی لەنێو زیندانەکانی هێزەکانی سووریای دیموکراتدا ماون بە چەند قۆناغێکی دیکە ڕادەست دەکرێنەوە".

بالی گوتیشی: "بەشێک لەو داعشە عێراقیانە کەسوکارەکانیشیان هێنابوو بۆ سووریا و ئەوانیش لە زیندانەکانی ئێمەدان، بۆیە داوامان لە حکومەتی عێراق کردووە خێزان و کەسوکاری چەکدارەکانیش وەربگرنەوە، ئەوانیش قبوڵیان کردووە".

بێجگە لەو چەکدارە داعشە عێراقیانەی بە ڕەچەڵەک عەرەبن، چەند چەکدارێکی کوردیش لەنێو زیندانەکانی ئەو هێزەدان، مستەفا بالی لەبارەی ژمارەی ئەو چەکدارە داعشە کوردانەش گوتی: "چەکدارە کوردەکانی نێو داعش زۆر بوون، بەشێکیان لە شەڕدا کوژران و بەشێکیشیان دوای شکستی داعش لە سووریا و عێراق بەرەو وڵاتانی ئەوروپا هەڵاتوون، ئێستا زیاتر لە 40 چەکدار خۆیان ڕادەستی هێزەکانمان کردووە یان بەدیل گیراون، زۆربەیان کوردی باشووری کوردستانن، نزیکەی 10 چەکداریشیان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن".

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی هەسەدە، چاوەڕێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەوەی ئەو چەکدارانەیان ڕادەست بکەنەوە، مستەفا بالی گوتی: "لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە لەسەر ڕادەستکردنەوەیان کراوە و ئەوانیش ئامادەییان دەربڕیوە بۆ وەرگرتنەوە و دادگاییکردنیان لە هەرێمی کوردستان، ئێستا ئەو چەکدارانە ئامادەکراون بۆ ڕادەستکردنەوە و چاوەڕێی بڕیای حکومەتی هەرێمی کوردستانین".

گوتەبێژی ناوەندی ڕاگەیاندنی (هەسەدە) لەبارەی چەکدارە داعشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش گوتی: "ئەوانە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، هێشتا بڕیارمان نەداوە ڕادەستی ئێرانیان دەکەینەوە یان نا".

لەدوای شەڕی ناوخۆی سووریا، ژمارەیەکی زۆر کورد بەناوی "جیهاد" لە دژی بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، ڕوویان لە سووریا کرد، سەرەتا چوونە نێو بەرەی نوسرە، بەڵام دوای دروستبوونی داعش زۆربەیان ڕوویان لەو ڕێکخراوە کرد.

مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئایینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە هیچ زانیارییەکمان نییە لەبارەی ڕادەستکردنەوەی داعشە کوردەکان، بەڵام لە سەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق و سووریا، نزیکەی 500 گەنجی کورد چوونە نێویان".

> **300 کورد لەنێو داعش کوژراون**
> وەزارەتی ئەوقاف

نەقشبەندی ئاماژەی بە چارەنووسی ئەو چەکدارانە دا و گوتی: "300 داعشی کورد لە شەڕدا کوژراون، 150 چەکداریش خۆیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردەوە یان دەستگیرکران کە هەندێکیان دادگایی کراون، دوای ئەوەی دڵنیابوون لە پاکبوونەوەیان، بەکەڵکی گەڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگە هاتوون و ئازادکراون، بەڵام 40 بۆ 50 کەسیان هێشتا نادیارن و نازانین لەژیاندا ماون یان کوژراون".

بژار کۆرەمارکی، بەڕێوەبەری ئاسایشی دهۆکیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تاوەکو ئێستا هیچ چەکدارێکی داعش لەلایەن هەسەدە و لەڕێگەی ئێمەوە ڕادەست نەکراوەتەوە، هەرکاتێک لە سەرووی خۆمانەوە زانیاریمان پێدرا و بڕیاریاندا وەریانبگرنەوە، وەریاندەگرینەوە".

ژمارەیەکی زۆر چەکداری بیانیی داعش کەوتوونەتە دەست هێزەکانی هەسەدە. هەدەسەش تا ئێستا چەند جارێک داوای لە وڵاتان کردووە کە وەریانبگرنەوە. مستەفا بالی دەڵێ: "ژمارەیەکی زۆر چەکداری وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی لەلای ئێمە ماون، داوامان لە وڵاتەکانیان کردووە وەریانبگرنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو وڵاتانە ئامادە نین وەریانبگرنەوە".

# گۆڕان کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی دەبەستێتەوە بە دوو پۆستەوە

نەوزاد مەحموود
ڕووداو– سلێمانی

ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی گۆڕان:

> **هەر کاتێک یەکێتی پۆستی جێگری پارێزگار و قائیمقامی هەڵەبجەی پێداین، لەگەڵیان کۆدەبینەوە**



بەهۆی جێبەجێنەکردنی چوار ڕێککەوتنی نێوانیانەوە، بزووتنەوەی گۆڕان سەرزەنشتی یەکێتی دەکات و هەر لەبەر ئەوەش وەڵامی داخوازییەکانی یەکێتی ناداتەوە کە داوای دانیشتن لەسەر ئاستی باڵا دەکات.

لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 12ی ئایاری ساڵی ڕابردوو، بزووتنەوەی گۆڕان چەند سکاڵایەکی یاسایی لە دژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی تۆمار کرد. ئەوەش دوای ئەوەی ڕایانگەیاند کە لەلایەن یەکێتییەوە هێرشکراوەتە سەر بارەگای سەرەکی بزووتنەوەکە. لەو ڕۆژەوە ئەو دوو هێزە دەرگایان لەسەر یەکدی نەکردووەتەوە. دواهەمین داواکاریش بۆ کۆبوونەوە چەند ڕۆژێک پێش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەی نێوان یەکێتی و پارتی بوو لە هەولێر، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان پێشوازیی لێ نەکرد.

بزووتنەوەی گۆڕان بۆچی کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی ڕەتدەکاتەوە؟ ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان دەڵێ یەکێتی بۆ خۆی باش دەزانێ گۆڕان بۆچی لەگەڵی کۆنابێتەوە: "نە ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ ئێمە جێبەجێ کرد و نە ئەو بەرکەوتە و پۆستانەشی دایە ئێمە کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی بەڕێوەبردنی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بەر ئێمە کەوتن".

ئەوئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە دەڵێت چەند جارێک لەلایەن یەکێتییەوە داوای کۆبوونەوەیان لێکراوە "بەڵام ڕێکخەری گشتی گۆڕان پێشوازی لەو داخوازییە نەکردووە و دوایین جار وەڵامی ئەوە بووە کە هەر کاتێک یەکێتی وەک پێشاندانی نیەتی باش پۆستی جێگری پارێزگار و قایمقامی هەڵەبجەی دایە گۆڕان، ئەوکات کۆدەبینەوە".

گوتیشی: "ئێمە زۆر پۆستمان هەیە لەلایەن یەکێتییەوە پێمان نەدراوەتەوە، بەڵام ئەو دوو پۆستە وەک هەنگاوی یەکەمی پێداچوونەوەی پەیوەندییەکانمان سەیر دەکەین".

لە نێو ئەو ڕێککەوتنانەی گۆڕان و یەکێتی واژۆیان لەسەر کردووە، ڕێککەوتنە سیاسییەکەی دەباشان و ڕێککەوتنێکی دیکەی دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی نێو ئەو دوو پارێزگایە زۆرتر چاویان لەسەرە کە هەریەک لە جەلال تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا، سەرکردە کۆچکردووەکانی هەردوولا تێیدا ئامادە بوون. ئەو دوو لایەنە سەرکردایەتی هاوبەشیان پێکهێنا بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێک لەبەردەمیان دروستببێ. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی بیر لە فراکسیۆنی هاوبەشی پەرلەمانی و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و سیاسەتێکی هاوبەشیش بکەنەوە بۆ ئیدارەدانی پرۆسەی سیاسی.

نەرمین عوسمان، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوایە قۆناغەکە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان بە مانای ئەوە نییە هەوڵ بدەن بۆ گەڕانەوە بۆ خاڵ و بڕگەکانی ڕێککەوتننامەی دەباشان "دەکرێ لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنە پەیوەندییەکان دابڕێژینەوە و دۆخەکە لە نێوانمان ئاسایی بکەینەوە". نەرمین عوسمان نایشارێتەوە کە پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوانیان هەبووە و داوای کۆبوونەوەیان کردووە لە گۆڕان، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە پەیوەندییەکانیان بە تەواوی پچڕابێت "هێشتا دەرگایەک ماوە و لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیار دراوە ئەو دەرگایە دانەخرێ و ئەو ساردییەی لەنێوانمان دروستبووە نەهێڵدرێ".

یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان، هەردووکیان ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ پارتی واژۆ کردووە بۆ بەشداری لە کابینەی داهاتووی حکومەت. ئەوەش بە مانای ئەوەی هیچ لایەکیان لە چوار ساڵی داهاتوودا ئۆپۆزسیۆن نابن و هێشتا روونیش نییە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەکرێ یان نا. هەربۆیە هەردوولا پێویستیان بەوەیە کەشوهەوایەکی سیاسی ئارام باڵ بکێشێت بەسەر پارێزگاکەدا.

نەرمین عوسمان، باسی دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەی دەکات و دەڵێ: "نەک تەنیا گۆڕان، بڕیارمانداوە پەیوەندییەکان لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە ئاسایی بکەینەوە کە لەم ناوچەیە کاردەکەن، ئەو ڕێککەوتنانەش کە لەگەڵ پارتی هەمانبووە چەند جار لیژنەی بۆ دروستکراوە بۆ ئەوەی پێیدا بچینەوە، بۆیە ئاساییە ئەگەر ڕێککەوتننامەی دەباشان پێویستی بەوە هەبێت قسەی دیکەی لەبارەوە بکرێ".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەستیکەوتوون، لە کۆبوونەوەکانی پێشووی جڤاتی نیشتمانی گۆڕاندا باس لەو داواکارییانەی یەکێتی کراوە بۆ کۆبوونەوە "بەڵام زۆرینەی جڤات و خانەی ڕاپەڕاندن لەو بڕوایەدان مادام یەکێتی خۆی هۆکاری تێکدانی پەیوەندییەکان بووە، هەر دەبێت بۆ خۆی هەنگاوی کردەیی بنێ بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان". ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی وایگوت.

کوردێک بە وەکالەت دەسەڵاتەکانی وەردەگرێ

# چارەنووسی پارێزگاری نەینەوا یەکلایی دەکرێتەوە

ناسر عەلی
ڕووداو– دهۆک

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا:

> **ئێمە لەگەڵ لادانی پارێزگار نین، بەڵام هەر سڕ دەکرێت**

لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان چەند تۆمەتێکی داوەتە پاڵ نەوفەل حەمادی، پارێزگاری نەینەوا، وا بڕیارە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیار لەبارەی تۆمەتەکان بدات، ئەگەری زۆرە ئەنجوومەنەکە بڕیاری سڕکردنی دەسەڵاتەکانی پارێزگار بدات. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەڵێت ئەوان لەگەڵ لادانی پارێزگار نین، بەڵام بەدووری نازانێ سڕ بکرێ.

نەوفەل حەمادی، پارێزگاری نەینەوا بە گەندەڵی و بێڕێزی بەرامبەر فەرمانبەرانی دەوڵەت تۆمەتبار کراوە، وا بڕیارە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە سێشەممەی داهاتوو بەڕێوەدەچێ، دوا بڕیار لەبارەی ئەو پارێزگارە بدرێ.

سەیدۆ شنگالی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لێژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان کە ئوسامە نوجێفی سەرۆکایەتی دەکات، هەموو بەڵگەکانی ئامادە کردوون، بڕیارە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دوایین بڕیار لەبارەی پارێزگار بدرێ".

بەپێی زانیارییەکانی شنگالی، سەرەتا بڕیاری سڕکردنی پارێزگار دەدرێ، دواتر مافی ئیمزاکردنی نووسراو و گرێبەستەکانی لێ وەردەگیرێتەوە، ئەگەری زۆریشە دواتر لە پۆستەکەی دووربخرێتەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کە کوردە، دەڵێت ئەندامانی کورد لە ئەنجوومەن لەگەڵ لادانی پارێزگار نین، نازانن ئەنجوومەنی نوێنەرانن لایدەدات یان نا، بەڵام دڵنیایە لەوەی کە بڕیاری سڕکردنی دەدرێت.

سەیدۆ شنگالی گوتی: "ئێستا ئێمە لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەسەر خەتین کە چۆن پشتگیری لە کەسێکی دیکە بکەین بۆ کورد و ناوچەکانی مادەی 140 لە سنووری پارێزگای نەینەوا باش بێ".

دوای ئەوەی داعش لە حوزەیرانی 2014 پەلاماری مووسڵی دا، زۆربەی خەڵکی شارەکە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بە ئەسیل نوجێفیشەوە کە ئەوکات پارێزگاری نەینەوا بوو، بەڵام دواتر لە ساڵی 2016 ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری لەسەر کارلادانی بۆ ئەسیل نوجێفی دەرکرد و نەوفەل حەمادی لە جیاتی ئەو پۆستی پارێزگاری وەرگرت. حەمادی تاوەکو مووسڵ لە چنگی داعش دەرهێنرا، لە هەرێمی کوردستان کارەکانی پارێزگای ڕادەپەڕاند، بەڵام هەر دوای گەڕانەوەی بۆ مووسڵ، تۆمەتی گەندەڵی و بێڕێزی بەرامبەر بە فەرمانبەرانی درایە پاڵ و لەسەر ئەمە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنرا.

ئەگەر پارێزگار سڕ بکرێ، یان لە کارەکەی دووربخرێتەوە، ئەوە جێگری یەکەمی پارێزگار شوێنەکەی دەگرێتەوە. سەیدۆ شنگالی دەڵێت: "ئەگەر حەمادی لە پۆستەکەی دوورخرایەوە، ئەوە کاک عەبدولقادر شنگالی کە جێگری یەکەمە و کوردی شنگالە، کارەکانی پارێزگار بە وەکالەت بەڕێوەدەبات، تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی پارێزگا پارێزگارێکی نوێ دادەنێ".

گرنگی پارێزگاری نەینەوا بۆ کورد کەمتر نییە لە کەرکووک، بە تایبەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە فراکسیۆنی یەکەمی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵە. سەیدۆ شنگالی دەڵێت: "زۆر بە وردی دیراسەی ئەو کەسە دەکەین کە لە شوێنی نەوفەل حەمادی دادەنرێ، ئەگەر بزانین پارێزگارێکی باش نابێ بۆ کورد، لەنێو ئەنجوومەن دەنگی پێنادەین".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە مووسڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕەوشی مووسڵ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپ دەبێت، پارێزگاری مووسڵیش سوودی لە نائارامیی ڕەوشی مووسڵ وەرگرتووە بۆ بەرژەوەندیی خۆی، حەشدی شەعبیش گوێ بە بڕیارەکانی پارێزگار و ئەنجوومەنی پارێزگا نادەن".

سەرچاوەکە گوتیشی: "بەرپرسانی مووسڵ لە گیانی خۆیان دڵنیانین، بۆیە دووبارە ماڵەکانیان گواستووەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان".

# 10 کۆمپانیای ئەڵمانی کەرەستەی چەکی کیمیاویان بە عێراق فرۆشتووە

## 29 وڵات تەکنەلۆژیا و کەرەستەی سەرەتایی چەکی کیمیاییان داوەتە عێراق

زنار شینۆ
رووداو- دوسلدۆرف



لە حەوتی ئەیلولی 1975 دا سەدام حوسێن کە ئەوکات جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بوو، لەگەڵ جاک شیراک، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی فەرەنسا، سەردانی ناوەندی ئەتۆمی فەرەنسا دەکەن. ئەمە بە هەنگاوی سەرەتای پیتاندنی یۆرانیۆمی عێراق دانرا کە دواتر بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی و کیمیابارانکردنی چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستانی بەدوادا هات.

حامد ئەلباهلی، زانای وزەی ئەتۆمی عێراق، کاتێک چیرۆکی وێستگە ئەتۆمییەکانی وڵاتەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت :"لە شەممەی یەکەم ئەیلولی ساڵی 1968 من وێستگەکەم بەکارخست". وێستگەکە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا دانرا بوو، وزەکەی دوو مێگاوات بوو. بەپێی قسەکانی ئەلباهلی مێژووی وزەی ئەتۆمی عێراق بۆ ساڵی 1952 دەگەڕێتەوە کە ئەو بە لایەنە ڕووناکەکەی وزەی ئەتۆمی ناوی بردووە. مەبەستی بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمە بۆ کاری سڤیل وەکو تەندروستی، پیشەسازی و نەوت.

بە گوتەی ئەلباهلی، لە ساڵی 1954 پەیمانگای رادیۆ نیوکلید دامەزرا کە بوو بە ناوەندێک بۆ پێگەیاندنی کادیری بوارەکە. دوو ساڵ دواتر لیژنەی وزەی ئەتۆمی عێراقی دامەزرا. دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، عێراق لە ساڵی 1959 ڕێککەوتننامەیەکی بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی وزەی ئەتۆمی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ئیمزا کرد کە لە دوو بەش پێکهاتبوو، یەکەم: دامەزراندنی پرۆژەیەکی ئەتۆمی و دووەم: پێگەیاندنی 100 کادیری ئەو بوارە. حامد ئەلباهلی یەکێک بووە لەوانەی لە 1960 بۆ ڕاهێنان چووەتە یەکێتیی سۆڤیەت.

### کڕینی وێستگەی ئەتۆمی لە فەرەنسا

دوای سەردانەکەی سەدام بۆ فەرەنسا، عێراق دوو ریاکتۆری بەناوەکانی (ISIS) و (OSIRIS) کڕی. عیماد خدووری، لە پەرتووکی سەرابی چەکی ئەتۆمی عێراقدا دەڵێت، توانای یەکەمیان 40 مێگاوات و دووەمیشیان دوو مێگاوات بوو. دواتر وێستگەکان نێونران تەمموز یەک و تەمموز دوو، ئەگەرچی ئامانجەکە دانانی وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بوو، بەڵام ڕێککەوتنەکەی سەدام و شیراک لە بواری ئەتۆمیدا و بەتایبەتیش لە کەرتی سەربازیدا زۆر بەرفراوانتر بوو. ئەوکات سەدام حوسێن لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی لوبنانی گوتی: "ڕێککەوتن لەگەڵ فەرەنسا هەنگاوی یەکەمە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی عەرەبی".

بەڵام خەونی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن عێراقەوە زوو ئاوابوو. ئێوارەی 7ی حوزەیرانی ساڵی 1981 فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل، بۆردومانی هەردوو وێستگەی تەمموز یەک و تەمموز دوویان کرد. مەناحیم بیگن کە ئەوکات سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بوو، گوتی "بە تەواوبوونی وێستگە ئەتۆمییەکان، عێراق دەیتوانی لە ماوەیەکی کورتدا ببێتە خاوەنی 3-5 لەو بۆمبانەی لە هێرۆشیما دران".

هەوڵەکانی عێراق بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی بە تێکدانی ئەو وێستگانە کۆتایی نەهات، عێراق لە گەرمەی شەڕدا بوو لەگەڵ ئێران، لە هاوینی 1987 سەدام حوسێن پرۆژەی پێترۆکیمیایی سێی ڕاگەیاند کە ئامانجەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بوو.

### گەڕان بە دوای یۆرانیۆم لە کوردستان

عیماد خدووری کە زانایەکی دیاری بواری ئەتۆمی عێراق بووە، تاوەکو ساڵی 1998 لەو بوارەدا کاری کردووە، دەڵێت لە زۆر شوێنی عێراق بە دوای یۆرانیۆمدا گەڕاوە. سەرەتاش چووەتە گوندی هێرۆ لە ناوچەی پشدەر :"لەوێ لەسەر زەوی یۆرانیۆم بە چاو دەبینرا".

خدووری لە زۆر ناوچەی دیکەدا بەدوای یۆرانیۆمدا گەڕاوە، لەوانەش ناوچەی (الجل) لەسەر سنووری عێراق و سعودیە. قائیم لەسەر سنووری عێراق و سووریا کە دەوڵەمەندە بە فۆسفات.

### کۆمپانیا ئەورووپییەکان و چەکی ئەتۆمیی عێراق

لە سەرەتای هەشتاکان، دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا، حکومەتی ئەڵمانیای ئاگادار کردەوە کە عێراق بە هاوکاریی کۆمپانیاکا ئەڵمانییەکان کارگەی بەرهەمهێنانی گازی خەردەل و سیانید دادەمەزرێنێ. نۆربێرت گانزل کە لە 1972 تا 1997 ئەندامی پەرلەمانی ئەڵمانیا بوو، لە نیسانی 1984 پرسیاری لە حکومەتی وڵاتەکەی کرد ئایا ئاگاداری کاری کۆمپانیاکانی وڵاتەکەیانن لەگەڵ عێراق؟ ئالڤیس میرتەس کە ئەوکات وەزیر بوو لە وەڵامدا دەڵێت:"کارگەی سامەڕا کە کۆمپانیاکانی پیلۆت پلانت کەرەستەی پێداوە، ناتوانێت گازی خەردەل بەرهەم بهێنێ".

> **لە گوندی هێرۆی ناوچەی پشدەر یۆرانیۆم لەسەر زەوی بە چاو دەبینرا**
>
> شارەزایەکی چەکی ئەتۆمی

دوای کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئاداری 1988، هەمان پەرلەمانتار پرسیاری لە حکومەتەکەی کردەوە. مارتن بانگەمان کە وەزیری ئابووری بوو، وەڵامی دایەوە و گوتی :"وەزارەتی ئێمە تا ئێستا هیچ زانیارییەکی کۆنکرێتی لەوبارەوە نییە". زانیاری کۆنکرێتی ئەوە بووە کە کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا لە ژێر ناوی جیاجیا، کەرەستەی بەکارهێنراویان بە کارگەکانی پێترۆکیمیایی عێراق فرۆشتووە.

هەماهەنگی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا لەگەڵ عێراق و پێدانی کەرەستەی کیمیایی لە حەفتاکانەوە دەستپێکردووە و تاوەکو 1991 بەردەوام بووە، پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ئاشتی لە سوێد لە ڕاپۆرتەکانیدا باس لە 29 وڵات دەکات کە تەکنەلۆژیا و کەرەستەی سەرەتایی چەکی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتووە.

ئێزگەی ئەڵمانیا، لە 17ی ئاداری 2003 لە بیست و پێنجەمین ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، باسی 80 کۆمپانیای ئەڵمانی کرد کە بازرگانییان لەگەڵ عێراق کردووە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی کیمیایی. هەندێک لە کۆمپانیاکان هەر دوای تەواوبوونی گرێبەستەکەیان، خۆیان هەڵوەشاندەوە، هەندێکیشیان تا ئێستا ماون.

هێلمۆت کوهل، ڕاوێژکاری پێشووتری حکومەتی ئەڵمانیا، لە ساڵی 1989 لەبارەی پەیوەندی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا بە بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە عێراق دەڵێت :"هەندێک زانیاری لەو بارەیەوە هەن، دەکرێ زانیاریی سەرنجڕاکێش بن، بەڵام ئەگەر نەتوانرێ لە دادگادا بیانسەلمێنین، بێسوودن".

تا ئێستا چەندین دۆسیە لەلایەن داواکاری گشتی ئەڵمانیاوە لە دژی ئەو کۆمپانیایانە کراونەتەوە کە هاوکاری عێراقیان کردووە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی. چوار مانگ پێش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، لە نۆڤێمبەری ساڵی 1987 کارمەندانی تاوانەکانی گومرگ لە شاری دارمشتات دەستیان بەسەر سەتان بەڵگەی 12 لەو کۆمپانیایانەدا گرت. دوای هەڵسەنگاندنی دۆکیۆمێنتەکان دەرکەوت کەرەستەکانی دوو لەو کۆمپانیایانە دەکرێ لە بەرهەمهێنانی کەرەستەی شەڕ لە کارگەی سامەڕا سوودیان لێوەربگیرێ.

دیتەر باکفیش، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کارل کلۆب لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ دادگای شاری بۆن لە ساڵی 1989 دەڵێت بەرهەمهێنانی کەرەستەی کیمیایی جەنگی بە هاوکاری ئەوان مومکین نییە. لە هەمانکاتدا باسی کارگەی سامەڕا دەکات و دەڵێت کارگەیەکی ئاڵۆزە و چەندین بەشی جیاوازی هەیە. بەدرێژایی 30 ساڵ لە ڕێگەی نوێنەرەکانیان لە بەغدا کەرەستەی تاقیگەی بە وڵاتانی دیکەی عەرەبیش فرۆشتووە.

تۆماس مارکس، پارێزەری کۆمپانیای (WET) کە سەودایەکی 20 ملیۆن مارکی لەگەڵ عێراق کردووە، دەڵێت: "بەدووری نابینم کارگەی سامەڕا بۆ ئامانجی دیکەش بەکارهێنرابێ".

لە ڕاپۆرتێکی حکومەتی عێراقدا کە دوای بڕیاری 678ی ئەنجوومەنی ئاسایش لە دوای 1991 سەبارەت بە چەکی کیمیایی پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە، ناوی کۆمپانیاکانی پیلۆت پلانت هاتووە کە کۆمپانیا هاوبەشەکەی کارل کلۆپ بووە بۆ بازاڕکردن لەگەڵ عێراق، دانی بەوەدا ناوە کە لە ساڵی 1983 کەرەستەی کیمیایی بە عێراق فرۆشتووە، بەڵام عێراق دەڵێت مامەڵەی لەگەڵ 100 کۆمپانیای ئەڵمانیدا هەبووە کە ئامێر و کەرەستەی سەرەتایی کیمیاوییان پێ فرۆشتووە.

ڕۆژنامەی (ڤێلت)ی ئەڵمانی لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کردووە لە نیوەڕاستی هەشتاکانەوە تاوەکو ساڵی 2002، لێکۆڵینەوە لەگەڵ 65 کۆمپانیا و 137 گومانلێکراو کراوە کە مامەڵەیان لەگەڵ عێراق کردووە.

---

## هێنری بارکی، لێکۆڵەر لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا:

# واشنتن بێ ویستی خۆی مامانی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە




رووداو- هەولێر

بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا شۆکێکی گەورە بوو بۆ هاوبەشە کوردەکەی ئەمریکا لە شەڕی داعش. هێنری جەی بارکی، لێکۆڵەر لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا (CFR)لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) پێیوایە "کشانەوەی ئەمریکا هەڵگەڕانەوەیەکی بێڕەحمانەیە لە کورد لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست".

بارکی دۆخی کورد هەتا نیوەڕاستی 2017 لە ناوچەکە بە "ڕێنیساس" ناو دەبات، کاتێک "کوردی سووریا هاوشان لەگەڵ تاکە زلهێزی جیهان ڕۆڵی سەرەکییان لە تێکشکاندنی داعشدا هەبوو"، "لە عێراقیش حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بۆ گشتپرسییەکەی ئەیلوولی 2017 ئامادە دەکرد" و "کوردی تورکیاش بە دەستکەوتەکانی هاوبەشە سوورییەکانیان دڵخۆش بوون".

بەڵام لە کۆتایی 2018 پێدەچوو زۆر لە خەونەکانی کورد "پووچ بووبن". نووسەر ئاماژە بۆ هێرشی هێزە عێراقییەکان بۆ سەر کوردستان دەکات "لە ئاکامی ئەمەشدا نەک هەر خاک بەڵکو نفووزە نێودەوڵەتییەکەشی لەدەستدا. کوردی تورکیاش سەرەڕای چوونە ناو پەرلەمانەوە "کەوتنە بەر هێرشێکی سەخت و نەپساوەی ئەردۆغان". کوردی سووریاش لە ئاداری 2018 عەفرینیان لەدەستدا. لە کانوونی یەکەمیش زانییان "پارێزەرە ئەمریکییەکەیان لە داهاتوویەکی زوودا بە یەکجاری پشتگوێیان دەخات".

هێنری بارکی پێیوایە ئەو پاشەکشێیەی کورد "ئاراستەیەکی گەورە دەشارێتەوە، ئاراستەیەک کە لە ساڵانی داهاتوودا کاریگەری لەسەر ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست دادەنێ. چونکە لە هەموو ناوچەکە کورد "خەریکە متمانە بە خۆی پەیدا دەکات، هەوڵی گەیشتن بەو مافانە دەدات کە لەمێژە لێی زەوتکراون".

نووسەری وتارەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەربەستەکانی یەکبوونی کورد ماون، لەوانەش "جیاوازییە زمانییەکان و وجودی لانیکەم دوو دەوڵەتی بەهێزی وەکو ئێران و تورکیا کە بەرژەوەندییەکی گەورەیان لەوەدایە بەرەنگاری هەر جۆرە پان - کوردیزمێک ببنەوە. سەرەڕای بەربەرستی ناوخۆی و دەرەکی، بەڵام ڕووداوەکانی ئەمدواییە چەخماخەی پرۆسەی دەوڵەتسازی کوردیان لێداوە کە لە درێژخایەندا ئەستەمە جڵەو بکرێ".

وتارەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەگەر هیچکاتیش کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتووی

> **سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و سووریا شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی بە کورد داوە**

یەکپارچەش نەیەتە ئاراوە، بەخەبەرهاتنەوەی نەتەوەیی کورد دەستیپێکردووە. ڕەنگە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست لە بەخەبەرهاتنەوەی کورد بترسن، بەڵام ئەوان دەسەڵاتی ئەوەیان نییە بیوەستێنن".

بارکی کە شارەزاییەکی باشی لەبارەی کورد هەیە، پێیوایە لە بەشی هەرە زۆری سەدەی بیستەمدا تاکە ڕێگە بەرەو ئۆتۆنۆمی کورد بە شکستی دەوڵەتدا ڕۆیشتووە، بۆیەش ئەگەر کورد لە عێراق و سووریا تروسکاییەکی هیوا شک دەبەن، هۆکاری ئەمە بۆ داڕووخانی دەسەڵاتی بەغدا و دیمەشق دەگەڕێتەوە. لە پاڵ ئەمەشدا هەنگاوەکانی ئەمریکا بۆ پشتگیری لە کورد لە دوای 2003 لە عێراق و لە شەڕی دژی داعش لە سووریا، هەلومەرجی پێویستی بۆ زیندووبوونەوەی ئاواتە سیاسییەکانی کورد خوڵقاندووە"، بە جۆرێک "واشنتن بێ ویستی خۆی و بۆ دابینکردنی پێویستییە ستراتیژییەکانی خۆی، مامانی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە".

ئەمریکییەکان لە کۆتایی 2014 وە هاوبەشی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ن، وجودی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان بیرۆکەی دامەزراندنی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی لە ڕۆژئاوا بەهێزتر کردبوو. بەپێی وتارەکە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، زیاتر لە هەموو شتێک لەوە دەترسا هەرێمی کوردستانێکی دیکە لە سووریا لەدایک ببێ، ئەردۆغان بە دوو ئیدارەی فیدراڵ لە دوو وڵاتی دراوسێی خۆی ڕازی نابێ کە کورد تێیاندا هێزی سەرەکی بێ، بە تایبەتیش بەوەی کوردی سووریا "کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ پەکەکە هەیە".

لە چوار ساڵی ڕابردوودا پێگەی نێودەوڵەتی کورد بە خێرایی بەهێز بوو، شەڕی داعش یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم پەرەسەندنە بووە. ئەو دەڵێت: "ئەگەر (هەنگاوەکانی) ئەمریکا پەیوەندیی نێوان تورکیا و کوردی ئاڵۆز کردبێ، ئەوە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و سووریا شەرعیەتێکی نێودەوڵەتیی بێوێنەی بۆ کورد دەستخستووە"، وەک نموونەش ئاماژە بۆ پشتیوانییە دیپلۆماتیکەکانی فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان و دوو پێشنیازەکەی ساڵی 2017ی ڕووسیا بۆ دەستووری نوێی سووریا دەکات، کە تێیدا ئاوەڵناوی "عەرەبی" لە ناوی فەرمی کۆماری سووریا لادراوە و پێشنیازی هەرێمی "ئۆتۆنۆمی کولتووری" دەکات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا.

### ڕابوونی کوردی

خەباتی کورد بە درێژایی سەدەی ڕابردوو بۆ گەیشتن بە دوو ئامانجی سەرەکیی بووە. یەکێکیان ئۆتۆنۆمی کولتووری و ئەوەی دیکە فۆرمێک لە خۆبەڕێوەبەری.

بارکی دەڵێت: "هەرچەند ئەزموونی کورد لە بواری دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری ئەزموونێکی تەواو سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئەو ئەزموونە یارمەتیدەری کولتوور و زمانی کوردی بووە لە هەموو ناوچەکە، بە تایبەتیش لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان. بەڵام بەهێزبوونی کورد لەڕووی کولتووری تەنیا لە هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوا قەتیس نەماوە. بەبۆچوونی نووسەری بابەتەکە، ئەم ڕابوونە لەلایەکەوە بۆ ئێران و تورکیاش درێژ بووەتەوە و لەلایەکی دیکەوە جۆرێک لە خودئاگایی کوردی لە سۆشیالمیدیا و دیاسپۆراش زیندوو کردووەتەوە کە ئەوەی دیاسپۆرا دەتوانن کاریگەری لەسەر ڕوانگەی حکومەتە ئەورووپییەکان دروست بکەن بۆ ئەوەی "سیاسەتی خۆیان بەرامبەر ئێران، عێراق، سووریا و تورکیا بگۆڕن".

### دروستکردنی نەتەوەیەک

بارکی پێیوایە "کاڵبوونەوەی سنوورە فیزیکییەکەی نێوان کورد، دروستبوونی حوکمڕانییە کوردییەکانی وەکو ئەوەی هەرێمی کوردستان، سەرهەڵدانی دیاسپۆرای بەهێز (بەتایبەتی لە ئەورووپا)، پەیدابوونی سۆشیاڵ و بەرهەمە کولتوورییە کوردییەکان پێکەوە شوناسی پان ـ کوردییان بەهێز کردووە". لە کاتێکدا سەردەمی ململانێی سیاسی توندوتیژی کورد و کوردیش بەسەرچووە، چونکە خەڵکی کورد چیدی ئەوە قەبووڵ ناکەن.. لە دۆخێکی ئاواشدا "کورد هەموو تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی هەیە، جگە لە سەروەری".

نووسەر ئاماژە بە ئاستەنگەکانی بەردەم کورد لە عێراق، سووریا، تورکیا و ئێران دەکات، لەوانەش کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، ناڕوونی چارەنووسی ڕۆژئاوا لە نێوان سووریا و تورکیا، سنوورداربوونی نفوزی پارتی یەکێتی گەلان (هەدەپە) لە تورکیا بەهۆی گۆڕانی سیستەمی سیاسی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی و ناڕوونی دۆخی کوردی ڕۆژهەڵات بەهۆی سیاسەتی چەند لایەنەی ئێران بەرامبەر کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران.

سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانەش، هێنری بارکی، جەخت دەکاتەوە لەوەی دۆخی کورد ناگەڕێتەوە ئەو "ئەمری واقیعە"ی چەند دەیەیەک لەمەوبەر هەبوو، واتە پێش دەستێوەردانی ئەمریکا لە ناوچەکە کە "کوردی خستە سەر ڕێگەیەکی نوێ". هەروەها دەڵێت :"ڕەنگە دەوڵەتی کوردی زۆر دووربێت، بەڵام ئەگەر دەوڵەتێکی وەها سەرهەڵبدات، ئەوە نەتەوەیەک هەیە کە دانیشتووانەکەی پێکبهێنن".

## دکتۆر فایەق گوڵپی، سەرۆکی پێشووی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# بە یەک جەولە لە ناکۆکییەکانی کۆمەڵە تێگەیشتم



(فۆتۆ: ڕووداو)

فایەق گوڵپی، سیاسەتوان و پێشمەرگەی دێرین لە بەشی دووەمی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ بەرنامەی پەنجەمۆر کە شەوی هەینی سەعات 22:05 لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو پەخش دەکرێ، باسی ئەو رۆژە دەکات کە بوو بە پێشمەرگە. هەروەها باسی ناکۆکیی باڵەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان دەکات و دەڵێت ئەو سەر بە باڵە کوردستانییەکە بوو، بەڵام نەوشیروان مستەفا، سکرتێری کۆمەڵە وایزانیوە سەر بە باڵی (داش عێراقە)، بۆیە سەرەتا چارەی نەویستووە.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو- هەولێر**

بەشی دووەم

**رووداو: چۆن بڕیارتدا ببی بە پێشمەرگە؟**

**فایەق گوڵپی:** من پێش ئەوەی بچمە کۆلێژ، بڕیارمدابوو ببمە پزیشک و پاشان ببمە پێشمەرگە. ئەوکات کێشەیەکم هەبوو. ئەو هێزەی کە پەیوەندیم لەگەڵیان هەبوو بەنیازبووم ببمە پێشمەرگەیان، ساڵێک نەدەبوو برایەکی منیان شەهید کردبوو. بۆ نموونە دایکم قەت پێی خۆشنابێ ببمە پێشمەرگەی حیزبێک کە کوڕەکەیان شەهید کردووە. ئەی کۆمەڵگە چی دەڵێ!. دواتر ئەو لایەنە سیاسییە (پارتی) چی دەڵێ! ئەی یەکێتی چی دەڵێ! خۆ هەموویان نازانن من کەسێکی مەبدەئیم و زۆر بڕوام بە یەکێتی هەیە. لە کۆتاییدا پەیوەندیم بەهێزی پێشمەرگەی یەکێتییەوە کرد. چووم بۆ هەڵەبجە بۆ ماڵی پوورم، ئەوان کوڕێکیان هەبوو، جەعفەر، پێشمەرگە بوو. لە کازیکیش هەر پێکەوە بووین. لەوێ گوتم دەمەوێ بچمە لای جەعفەر. پووریشم کچەزایەکی خۆی بانگ کرد و لەگەڵ ئەو رۆیشتم.

**رووداو: بەڵام تۆ زۆر لەوێ نامێنیتەوە..**

**فایەق گوڵپی:** کە چوومە ئەوێ دوو سێ کێشە هەبوون. یەکەم: لە سەرکردایەتی یەکێتی دکتۆری لێنەبوو. دووەم: هەندێک لە کادیرەکان بە نهێنی هەندێک ئاماژەیان پێدام کە کەرتەکانی تیپی 11ی هەورامان، هەندێک کێشەیان هەیە. بێتاقەتن لە سیاسەتی یەکێتی. ئەوانە وایان لە من کرد لەگەڵ یەکەم مەفرەزە کە لە هاوارەوە چوو بۆ سەرکردایەتی، بڕۆم.

**رووداو: لە یادەوەرییەکانتدا باس لەوە دەکەی کە چوونەتە گوندی قەویلە و لەو ماڵە بوون کە کاک نەوشیروانی تێدا دەستگیرکراوە. ئەو رەفتارە نادیموکراسیانەی حسک مەحکوم کرا، بەڵام خۆ هەموو خەڵک یەکێتی نەبوون، خەڵکێکیش هەبوون پێیانخۆشبووە.**

**فایەق گوڵپی:** کۆمەڵێک شەڕ لە نێوان حیزبەکان بووە، زۆرینەی خەڵک ریسوای کردووە. دەستگیرکردنی کاک نەوشیروان لەلایەن حسکەوە شتێکی باش نەبوو. ئێمە کە رۆیشتینە ئەوێ شوێنەکەیان پێ نیشاندام. سەیر دەکەم بەشێوەیەکی دیکە باسی نەوشیروان مستەفا دەکەن. ئەمەش کێشەی بۆ دروستکردم کە لە شار چۆن بانگەشەمان بۆ نەوشیروان مستەفا دەکرد و لێرەش چۆن باسی دەکەن. ئەو برادەرانەی من لە هاوارەوە لەگەڵیان رۆیشتم خراپ باسیان دەکرد. تومەز ئەوە پەیوەندی بەو تەکەتولاتەوە هەبوو کە لەنێو کۆمەڵەدا هەبوو. ئەوانەی دەڤەری هەڵەبجە مونافیسی نەوشیروان بوون و لەگەڵ مەلا بەختیار و سالار عەزیز بوون. ئیدی بەو جەولەیە لە ناکۆکییەکانی کۆمەڵە تێگەیشتم.

**رووداو: تۆ لە بیرەوەرییەکانتدا دەڵێی زۆربەی یەکێتییەکان بە چاوێکی خێڵەکیانە سەیری پێشمەرگایەتی تۆیان دەکرد، هۆکاری ئەوە چی بوو، لەبەر ئەوەی تۆ برایەکەت بە دەستی ئەوان شەهید بووبوو؟**

**فایەق گوڵپی:** ئەگەرچی یەکێتی بانگەشەی مارکسیبوون و دواتر بانگەشەی سۆشیالدیموکراتی دەکرد، بەڵام ئەوانیش تا رادەیەک نەیانتوانی لە تەڵەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکی دووربکەونەوە. من کە برایەکم بە دەستی ئەوان شەهیدبووە و ئێستاش من دەبمە پێشمەرگەیان، گومان دەکەن کە من بۆ مەبەستێکی باش نەهاتووم. بەڵام هەموویان نا، زۆرتر ئەوانەی لە مەسەلەی فیکری و سیاسیدا قووڵ نەبوون.

**رووداو: فەرماندەیەکی یەکێتی لە شەڕی رەزگە بریندار دەبێ. هەر لەو شەڕەشدا براکەی تۆ شەهید بووە، کاتێک کە تیماری دەکەی، هەست بە گومانێک دەکات..**

**فایەق گوڵپی:** راستە. من کە چوومە سەرکردایەتی یەکێتی، هەندێک برینداری لێبوون، یەکێک لە بریندارەکان هەندێک قسەی بۆ کردم و گوتی لەو شەڕەدا دکتۆرێکی پارتییان بە دیل گرتووە، ئەم برادەرە (فەرماندەکە) کوشتوویەتی. منیش تێبینیم کرد فەرماندەکە زۆر مەیلی من ناکات، چونکە رەنگە زانیبێتی براکەی من لەو شەڕەدا شەهید بووە.

> **مام جەلال لە تاکتیکدا زۆر کارامە بوو**

> **لێدانی لەشکری ئیسلامی بۆ موفاوەزات بوو لەگەڵ بەعس**

**رووداو: کە بیرەوەری سەرکردەکان دەخوێنیتەوە، ئەوەندەی باسی شەڕی ناوخۆیە، ئەوەندە چالاکی نییە لە دژی رژێم. بۆ نموونە کاتێک حسک کاک نەوشیروان دەگرێ، ئەوانیش مام ئاراس، فەرماندەی حسک دەگرن و دەیکوژن..**

**فایەق گوڵپی:** زۆر بەداخەوە. رەنگە ئەوکاتە ئێمەش حەماسی حیزبیمان زۆر بووبێ و بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیرمان نەکردبێ. ئەوکاتەی من لەگەڵ ئەو مەفرەزەیەدا بووم، گەیشتینە قەویلە و ئەو پێشمەرگانە رەخنەیان لە کاک نەوشیروان دەگرت. ئەوان دەیانگوت گوایە نەوشیروان بە دەستی مام ئاراس دەستگیرکراوە. هەر ئەوان دەیانگوت ئەو مام ئاراسە لە شەڕێکدا بە دیل کەوتووەتە دەستمان و لە تۆڵەی ئەوەدا کوشتوومانە، بەڵام هێشتا کاک نەوشیروان ئێمەی خۆشناوێ. گوایە پیاوێکی دڵڕەقە و گوێ بە خەڵکی ئەو ناوچەیە نادات.

**رووداو: ئەی مەسەلەی لەشکری ئیسلامی چی بوو. بۆچی چەککران؟**

**فایەق گوڵپی:** ئەوکاتەی لە هاوارەوە بەرەو سەرکردایەتی دەچووین، لەسەر کانییەک لە شاربازێر پشوومان دەدا، چەند پێشمەرگەیەک کە ولاغێکیان پێبوو سڵاویان لێکردین، تفەنگەکانیان زۆر جوان بوو، مزەلی بوون. کە رۆیشتن ئامر مەفرەزەکە گوتی: ئەو تفەنگانە دەبنە هی خۆمان. گوتم چۆن؟ گوتی ئەوە لەشکری ئیسلامین و ماوەیەکی دیکە چەکیان دەکەین. دوو مانگ دواتر لێیاندان.

**رووداو: بەڵام یەکێتی هەر خۆی رێگەی پێدابوون!**

**فایەق گوڵپی:** مام جەلال کابرایەک بوو لە تەکتیکدا زۆر کارامە بوو. یەکێتی خەڵکی خۆی ناردە ناو لەشکری ئیسلامی، بارەگای بۆ کردنەوە و رێگەی پێدان. من وا وێنای دەکەم کە ئەوە تەکتیکێک بووبێ بۆ دەرچوون لەو بارودۆخەی یەکێتی تێدابوو، چونکە یەکێتی لەلایەن ئێران و عێراقەوە گەمارۆدرابوو، ئەو دۆستایەتی ئەو حیزبە ئیسلامیانەی دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ ئێران بەرامبەر یەکێتی نەرمی دەنوێنێ؟ هاوپەیمانیی لەگەڵ دەکات؟ ئەگەر کردی باشە، ئەگەر نەیکرد ئەوە ئاگاداری دەداتە رژێمی سەددام: ئەگەر تۆ مفاوەزاتمان لەگەڵ نەکەی، ئەوە ئیسلامییەکان کوردستان و عێراقیشت لێ دەستێنن. لە کۆتاییدا کە مام جەلال دەبینێ ئێران نایەتە پێشەوە، لەشکری ئیسلامی چەک دەکەن و پەیامێک دەنێرن بۆ سەددام کە ئێمە بەهێزین لە گۆڕەپانەکەدا. ئێمە دژی ئیسلامی سیاسین کە سەددامیش ئەوکاتە دژی ئیسلامی سیاسی بوو. ئەوە بووە هەنگاوێک بۆ گفتوگۆی یەکێتی و رژێم لە ساڵی 1983.

**رووداو: تۆ بە شەوقەوە دەچی دەبی بە پێشمەرگە، کاتێک دەگەیتە سەرکردایەتی کۆمەڵە، تەنیا مەلا بەختیار پێشوازیت لێ دەکات، نەوشیروان مستەفا تەنانەت ئامادە نەبوو تەوقەشت لەگەڵ بکات، هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

**فایەق گوڵپی:** من هەر ئەو کاتەی لە هاوار بووم، تێگەیشتم کە ناکۆکییەکی قووڵی فیکری و سیاسی لەنێو باڵەکانی کۆمەڵەدا هەیە، نەوشیروان مستەفا و فەرەیدوون عەبدولقادر خەتی کوردستانی کۆمەڵە بوون، مەلا بەختیار و ئەوانی دیکە خەتی عێراق و داش عێراقیان پێدەگوترا. من وەکو هەڵوێستی سیاسی و فیکری خۆم لەگەڵ کوردستانییەکەدا بووم. بەڵام کەوتبوومە نێو داش عێراقییەکانەوە. لە هەورامانەوە رۆیشتم، کەرتی رێکخستنی هەورامان تەزکیەیان کردم. کە چوومە سەرکردایەتی چوومە بارەگای مەلا بەختیار، بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی کۆمەڵە بوو. بۆ رۆژی دوایی بردمی بۆ ناوەندی کۆمەڵە. ئیدی کە کاک نەوشیروان بەو مامەڵە رەق و تەقە هات، هەستم کرد ئەوە بەهۆی ململانێیەکەیە. من لە مەسەلەکە تێگەیشتم، بۆیە کاردانەوەم زۆر نەبوو. مەلا بەختیار منی پێ ناساند و گوتی ئەوە دکتۆر فایەقە ئەندامی کۆمەڵەیە. کاک نەوشیروانیش گوتی: جا ئەوە دکتۆری راستەقینەیە یان دەرزییەکمان لێدەدات و خۆیمان لێ دەکاتە دکتۆر؟ مەلا بەختیار گوتی: دکتۆری راستەقینەیە. دوایی گوتی: جا گوڵپ چۆن دکتۆری لێ هەڵدەکەوێ؟ شتێکی زۆر بە ئازار بوو. تۆ وەرە بڕوات بە کۆمەڵە، بە شۆڕش بە سەرکردەکان هەبێ. بچیتە شاخ، لەو تەمەنەی من، برایەکت بە دەستی ئەوان شەهید بووبێ، لە جیاتی ئەوەی پێشوازییەکی گەرم و رووخۆشت لێ بکەن، سیاسەتی کۆمەڵە و یەکێتیت بۆ روون بکەنەوە، بەو شێوەیە پێشوازییەکی عەشایەریانە و دڵڕەقانەت لێ بکەن. زۆر موتەئەسیر بووم، بەڵام ئەوەندەم حەز لە پێشمەرگایەتی دەکرد، ئەو قسە رەقە زۆر کاریگەری لەسەر ورە و ئیرادەم نەبوو. دوای چەند مانگێک کە خەتی کوردستانی و عێراقی یەکلابووەوە، خۆم ئاشکرا کرد کە کوردستانیم، چونکە هەندێک شتی داش عێراقییەکەم بەدڵ نەبوو. کە بووم بە کوردستانی، رووخۆشی و دەرگای کاک نەوشیروانم بۆ کرایەوە. رۆژێک چووم بۆ بارەگاکەی، محەممەد موهتەدی لەوێ بوو. کاک نەوشیروان ویستی قەرەبووی قسەکەی پێشووی بکاتەوە. منی پێناساند و گوتی: ئەوە دکتۆر فایەقە، خەڵکی گوڵپە، کوڕی شەهید حەمە گوڵپییە، باوکی زۆر قارەمان بووە. خۆیشی دکتۆرێکی زیرەکە.

> **سەرکردایەتی کۆمەڵە ئەوەندەی حیسابی بۆ رای ئاغایەک دەکرد بۆ رۆشنبیرێکی نەدەکرد**

**رووداو: باسی دکتۆر فوئادێک دەکرێ گوایە هاتبوو مام جەلال بکوژێ، ئەمە چۆن بوو؟**

> **کاک نەوشیروان پێیگوتم جا گوڵپ دکتۆری لێ هەڵدەکەوێ؟**

**فایەق گوڵپی:** من کە چوومە نەخۆشخانەی شەهید دکتۆر بەختیار، بێجگە لە دکتۆر فوئاد دکتۆری دیکەی لێنەبوو. دەیانگوت لە ئەڵمانیا خوێندوویەتی و پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێنە. دواتر خۆی چووەتە لای مام جەلال و گوتوویەتی من بۆ ئەوە هاتووم ژەهر لە خواردنەکەت بکەم، یان جۆرە حەبێکت بدەمێ کە ژەهری تێدایە. بەڵام من پەشیمان بوومەتەوە. لەوێ دەستگیری دەکەن. حەبەکان دەنێرن بۆ تاقیگە. دەردەکەوێ ژەهری تێدایە. دواتر دەڵێن مادام خۆی ئیعترافی کردووە ئازادی دەکەن. بەڵام گومانم هەبوو ئەوە دکتۆر بێ، چونکە هەڵسوکەوت و رەوشتی دکتۆری تێدا نەبوو. حەزیشی لە دۆستایەتی من نەبوو. رۆژێکیان هێرۆخان هات کۆمەڵێک پێشمەرگەی لەگەڵ بوو گوتی دەچم بۆ جەولە بۆ دەوروبەری رانیە، دکتۆر فوئادیشی لەگەڵ خۆی برد. ئیدی تەسلیم بووەوە و چووە بەغدا.

**رووداو: هەڤاڵ کوێستانی کە تۆ دەبینێ، پێتدەڵێت ئەگەر بمزانیبایە دێیتە دەرەوە، هەواڵم بۆ دەناردی کە نەیەیت، چی وای لە هەڤاڵ کردبوو ئەو قسەیە بکات؟**

**فایەق گوڵپی:** من و هەڤاڵ لە ئامادەیی پێکەوە بووین. لە دوورەوە ئاگادار بووم هەڤاڵ چووەتە دەرەوە. کە بووم بە پێشمەرگە ئەو هەڤاڵە هەڤاڵەکەی ئامادەیی نەبوو. هەڤاڵ تەکەتول پشتی شکاندبوو، یەکەم قسە پێیگوتم: بمزانیبایە دێی، هەواڵم بۆ دەناردی نەیەیتە دەرەوە. ئەو لە مەسەلەی ناکۆکییەکانی نێو کۆمەڵەش، لەگەڵ فکری داش عێراقدا نەبوو، بەڵام تارادەیەک پشتیوانی لە مەلا بەختیار دەکرد. هەڵوێستی باڵی کوردستانی کۆمەڵەشی بەرامبەر عێراقییەکە بە راست نەدەزانی.

**رووداو: ئەگەر باسی "هێزی پشتیوان"ی یەکێتی بکەین بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵات، بەڕاستی یەکێتی دەیویست پشتگیریی کۆمەڵەی ئەویو بکات، یان ئەوە تاکتیک بوو؟**

**فایەق گوڵپی:** ئەگەر تەماشای سەردەمی جەلالییەکانیش بکەی، هەندێک هاوسۆزیان لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەڵات هەبوو. کە یەکێتی دامەزرا کوردی رۆژهەڵات هاوکارییان کردن. قەناعەتم هەیە ئەوە بەشێک لە مەبدەئی یەکێتی بووە، بەڵام بەشێک لە تەکتیکیشی تێدابوو. لێدان لە لەشکری ئیسلامی، دروستکردنی هێزی پشتیوان، شەڕکردن شانبەشانی دیموکرات و کۆمەڵە لە دژی ئێران. ئەوە کاریگەری دوو لایەنەی هەبوو. لەلایەک ئەوە بوو کە یەکێتی نەتەوەیی لەنێو کورد بەهێز ببێ، لەلایەکی دیکەش رژێمی عێراق پەیوەندی لەگەڵ دیموکرات خۆش بوو، بۆ ئەوە بوو قاسملوو هەوڵی دانوستاندن لە نێوان یەکێتی و رژێم بدات.

> **من لەگەڵ باڵی کوردستانی کۆمەڵە بووم، بەڵام کەوتبوومە نێو داش عێراقییەکان**

**رووداو: شێرکۆ شێخ عەلی بۆچی کوژرا، ئێوە خۆتان بە کوردستانی دەزانی، پیشەیەکی مرۆڤانەتان هەبوو، بۆچی هیچ هەڵوێستتان نەبوو؟**

**فایەق گوڵپی:** من ئەو کاتە لە شار بووم. بەس مەسەلەکە هەموو لەسەر دەسەڵات بوو. شێرکۆ خەڵکی سەرگەڵوو بوو، جەمال عەلی باپیر خەڵکی سلێمانی بوو. یەکێتی پلانێک دادەنێ کە ئەو دووانە شەڕ بکەن و شێرکۆ لەناوببرێ، بەڵام جەمالیش لەناوچوو. لە مەسەلەی گرتنی کاک نەوشیرواندا، حسک تاوانبارە، لە مەسەلەی کوشتنی شێرکۆدا یەکێتی تاوانبارە.

> **هێزی پشتیوانی یەکێتی بەشێک بوو لە تاکتیک بۆ نزیکبوونەوە لە رژێم**

**رووداو: ئێوە لە نەخۆشخانەکەتان وێنەی شەهیدەکانی کۆمەڵە هەڵدەواسن، بەیانییەک کە خەبەرتان دەبێتەوە دەبینن وێنەکان لادراون و لە جیاتی ئەوە وێنەی ئاژەڵ هەڵواسراون، ئەوە چۆن بوو؟**

**فایەق گوڵپی:** بە داخەوە ئەوە یەکێکە لە برینەکان. ئێمە حیزبێکی شۆڕشگێڕ بووین، حیزبی شۆڕشگێڕ دەبێ شانازی بە شەهیدەکانییەوە بکات. نەخۆشخانەکەمان دوو بەش بوو، بەشێکیان کرابوو بە مەکتەبی کۆمەڵایەتی، رۆژێک سەردانی بەشەکەم کرد، بینیم وێنەی زۆربەی شەهیدەکانی کۆمەڵە هەڵواسرابوون، بەڵام دوای ماوەیەک کە چوومەوە، لە شوێنی ئەوان وێنەی پشیلە و مانگا و کۆتر هەڵواسراون. بە پێشمەرگەکانم گوت: وێنەی شەهیدەکان چییان لێهات. گوتیان: کاک شێخ محەممەدی سەرگەڵوو گوتوویەتی ئەو وێنانە دابگرن، لە پشتی وێنەی شەهیدەکان وێنەی ئاژەڵ و پەلەوەر بکەن و هەڵیواسن. زۆرم پێناخۆشبوو، ئەوە وای لێکردم بچم بۆ لای عەلی بچکۆل کە بەرپرسی مەڵبەند و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو. گوتم شێخ محەممەد چۆن شتی وا دەکات، ئەوە پەیوەندی بە کۆمەڵە و شۆڕشگێڕانەوە هەیە! رەنگە سبەی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەش بەو شێوەیە سووکایەتی بە وێنەکانی عەلی عەسکەری و سەیدا ساڵح یوسفی بکات. سەیرم کرد عەلی بچکۆلیش پشتگیری لە بۆچوونەکەی من نەکرد و تارادەیەک لەگەڵ رەفتارەکەی شێخ محەممەدە. کە هاتینە قەرەداغ هەمان شت دووبارە بووەوە. لەوێش لە نەخۆشخانەکە وێنەی شەهیدە سەرکردەکانی کۆمەڵە هەڵواسرابوون، دواتر وێنەکانیان بە بڕیاری شەوکەتی حاجی موشیر لێکردنەوە. چووم بۆ لای عومەر فەتاح کە بەرپرسی رێکخراوی کۆمەڵە بوو لە ناوچەی قەرەداغ. ئەویش زۆر بە ساردی پێشوازی لە قسەکانی من کرد. لە کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە لە مێرگەپان، ئاراستەیەکی وا هەبوو کە کۆمەڵە لە مارکسیزم دووربکەوێتەوە، کاک نەوشیروان گوتی: مارکسیزم و شیوعەت لە ئەورووپا گەڕوگوڵ بووە. ئەو پەیوەندییەی سکرتێر و سەرکردایەتی کۆمەڵە هەیانبوو، پەیوەندییەکی خێڵەکی بوو، زیاتر حیسابیان بۆ رای ئاغایەک دەکرد تا جووتیارێک و کرێکارێک و رۆشنبیرێک. ئەمە هەموو بۆ ئەوە بوو کە کۆمەڵە و یەکێتی لە مارکسیزم دووربخەنەوە بۆ ئەوەی لە عێراق و ئێران و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست قبوڵ بکرێن.

> **مام ئاراس لە تۆڵەی بەدیلگرتنی نەوشیروان مستەفادا کوژرا**

**رووداو: باسی فەرماندەیەکی یەکێتی دەکەی کە نامەیەکی پێداوی بۆ ئەوەی بیگەیەنیتە کۆمەڵێک فەرماندەی دیکە. دواتر پێشمەرگەیەکی حسک بەناوی کاکەسوور قۆڕیتانی کە لەوێ زیندانی بووە، شەهید دەکەن، بۆچی شەهیدی دەکەن؟**

**فایەق گوڵپی:** نەورۆزی ساڵی 1983 بوو لە نەخۆشخانەی سەرگەڵوو بووم، لە کاتی ئاگری نەورۆز لە مەرگە، تەقە کرابوو، پێشمەرگەیەک گوللەیەک بەر سەری کەوتبوو. یەکسەر بە بێتەل ئاگاداریان کردمەوە کە بچم بۆ مەرگە و چارەسەری بریندارەکە بکەم. تا گەیشتمە ئەوێ پێشمەرگەکە شەهید بوو. کە دەگەڕامەوە کاک زێڕۆ عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی عەسکەری بوو، نامەیەکی دامێ بە تێپ پێچرابوو، گوتی: بیبە بۆ مەڵبەند. برادەرێکی حسکیش هاتە لام خزمی شێرکۆ شێخ عەلی بوو، گوتی: تۆ دکتۆری لێرە خزمەت دەکەی، وەک یەک سەیری لایەنە سیاسییەکان دەکەی. ئێمە بەنیازین مەڵبەند بگرین، بەڵام نابێ تۆ رابکەی. نامەکەم هێنایەوە مەڵبەند، نامەکەم دایە عەلی بچکۆل. ئاوات عەلی غەفوور و مستەفا چاوڕەشیش لەوێ بوون، وەکو بڵێی چاوەڕێی نامەکە دەکەن. هەموویان نامەکەیان خوێندەوە، بەڵام بە منیان نەگوت چی تێدایە. ئەو کاکەسوور قۆڕیتانییە لە شەڕێکدا بە دیل گیرابوو، جێگری فەرماندەی هێز بوو، بۆ بەیانی کوشتیان.

> **کاک نەوشیروان پێشوازییەکی عەشایەرانە و دڵڕەقانەی لێکردم**

**رووداو: دوو پێشمەرگەی یەکێتی دەبنە حسک، بەڵام مەفرەزەیەکی یەکێتی دەیانکوژێ، دوایی شەوکەتی حاجی موشیر نامەیەک دەنووسێ بۆ مەلا بەختیار، زانیاری هەڵەی دەدەنێ. مەلا بەختیاریش دەیەوێ تۆڵەی ئەمە بکاتەوە، عوسمانی قالە منەوەر بگرن یان بیکوژن، بەڵام دواتر خەڵکی دیکە دەکوژرێ، لەوانە جەزای عەلی کاتب، ئەوە چۆن بوو؟**

**فایەق گوڵپی:** مەلا بەختیار لە حاجی مامەند بوو، گلەیی لێدەکرا کە پارتی و حسک و پاسۆک و شیوعی پەلاماری مەڵبەندی سێیان داوە و داگیریان کردووە. لەولاوە ئەو دانوستاندن لەگەڵ پارتی و شیوعیدا دەکات. مەلا بەختیار ئەوکات دەیویست شەڕی براکوژی لە هەموو کوردستاندا نەبێ. مەسەلەی کوشتنی جەزای عەلی کاتب تا چەند دەستی مەلا بەختیاری تێدایە، من لەوێ نەبووم و دوور بووم. بەڵام من هەندێک شت دەڵێم: یەکەم: کاک نەوشیروان کە هات بۆ سەرگەڵوو پێش شەڕەکەی قرناقە و پشتئاشان، مەڵبەندی سێ گیرابوو، مەلا بەختیار لە حاجی مامەند موفاوەزاتی لەگەڵ شیوعی دەکرد. من بە کاک نەوشیروانم گوت: ئەوە چۆنە شیوعی لە هەولێر مەڵبەندمان لێ دەگرێ و خەڵکمان لێ شەهید دەکات، مەلا بەختیاریش لە حاجی مامەند مفاوەزاتیان لەگەڵ دەکات؟ کاک نەوشیروان گوتی: ئەوان دوو بەشن، بەشێکیان حەزیان بە دۆستایەتی یەکێتییە، بەشێکیشیان حەزیان بە دۆستایەتی پارتییە. محاوەلەیەک لەلای مەلا بەختیار هەبوو کە لە مەڵبەندی یەک شەڕ لەگەڵ شیوعی نەکرێ، بەڵام هیچ ئاماژەیەکم لەلا نییە بڵێم ئەو محاوەلەیە حسکیشی دەگرتەوە. حسک لە شوێنەکانی دیکە خەڵکی ئێمەی گرتبوو، عوسمانی قالە منەوەریش حسک بوو، بۆیە رەنگە مەلا بەختیار بەرنامەی دانابێ شتێک بەرامبەر حسک بکات.



کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# ئاژەڵە تاڵانکراوەکانی شنگالیان پێ بەخێودەکرین

چیرۆکی یازدەم (بەشی دووەم)

نەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

وەک چۆن لە مووسڵ چەکدارەکان پەیکەر و شوێنەوارەکانیان شکاند، دەروونی هاوژینەکەی ئەمیرەش ئاوا رووخێنرابوو. ئەو ڕۆژانە خوێنی دەبینی و هەر بە بۆنی خوێنەوە دەگەڕایەوە نێو منداڵەکانی. ئەو لەو بڕوایەدا بوو، داعش بە شمشێرەکانی هێندەی خوێن ڕشتووە، چەم و ڕووبارەکانیش بەشی شۆردنەوەی عێراق ناکەن، بەڵام ئەمیرە هانی دەدا بە گوێرایەڵی بمێنێتەوە تەنیا لە پێناوی ئەوەی هەمیشە لە نزیکیان بێت و خۆی و منداڵەکانی نەبەن بۆ

> **داعش تەنانەت بڕوای بە مردنی ئێزدییەکانیش نەبوو**

بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کەنیزەک.

ڕۆژێک هەموویان کۆدەکەنەوە و پێیاندەڵێن دەتانبەینە نزیک شنگال، لەوێ بۆ خۆتان لەگەڵ مێرد و منداڵەکانتان دەژین، ئەمیرە بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش دەبێ، بەڵام کاتێک کاروانەکە بەڕێکەوت، دەرکەوت کە درۆیان لەگەڵ کردوون.

ئەوان لە جیاتی شنگال دەبرێن بۆ مووسڵ. لەوێ بۆ ماوەی 20 ڕۆژ لە هۆڵێکی زەماوەندی ڕۆژانی پێش وێرانبوونی شارەکە دەهڵێدرێنەوە. ئەمیرە دەڵێت: "بەردەوام دەهاتن و هەڕەشەیان لە پیاوەکان دەکرد و دەیانگوت هەڵە نەکەن و وریا بن، چونکە سزایەک دەدرێن بیرتان لێنەکردبێتەوە".

ئەمیرەکان لەو 20 ڕۆژەدا پلانی ئەوەیان دادەنا، چۆن ئەو خەڵکە بەکاربهێنن و چیان لێبکەن. چونکە مادام پیاوەکانیان بووبوونە موسوڵمان. دەبوو بەپێی یاسا و ڕێساکانی خۆیان ڕێگە بدەن هاوژینەکانیان لەگەڵیان بمێننەوە، بەڵام ئەوە کچانی نەدەبوارد و ئەوانەی تەمەنیان 10 ساڵ بەرەو ژوور بوو، هەرزوو دەکەوتنە نێو داوێکەوە کە ئامانجەکە بە کۆیلەکردنی سێکسی بوو.

## شیری شنگال

دواجار بڕیارەکە وابوو بگوازرێنەوە بۆ گەڕەکی خەزرا. دیسان لەوێ پیاو و ژنەکان بەسەر کارە جۆراوجۆرەکاندا دابەشکرانەوە. ئەمیرە سەری سوڕماوە کە هەزاران سەر ئاژەڵی بینیوە کۆکراونەتەوە: "هەندێکیان تەرخانکردووە بۆ لەوەڕاندن و سەرپەرشتیکردنی ئاژەڵەکان، هەندێکیش جیاکرانەوە و چەکیان پێدان و کرانە پاسەوان، هەبوو کاری چاککردنەوەی ئۆتۆمبیلی داعشیان پێدەکردن. ئێمەش وەک ژنەکان هاوکاری پیاوەکانمان دەکرد، ئەوە بۆ ئێمە باش بوو، چونکە پیاوەکەم لە گۆڕهەڵکەندن و ناشتنی تەرم ڕزگاری بوو".

ئەمیرە و هاوژینەکەی و برای هاوژینەکەی، لەگەڵ سێ خاڵ و خەزووری خرابوونە ژێر ئەرکی قورسی مەڕدارییەوە. ڕۆژانە دەبوو بەرلەوەی هەتاو دونیای وەڕس و دووبارەیان بۆ ڕووناک بکاتەوە، ئاژەڵەکان دەربکەن بۆ لەوەڕاندن و بەتاریک داهاتنەوەی دونیا بگەڕێنەوە بۆ نێو ماڵە تاریکەکانیان. ئەو ماڵانەی لە دڵیان تاریکتر بوو. دواتر ئەمیرە و ژنەکانی دیکە دەبوونە بێری و لەکاتی دیاریکراودا تیمی کۆکردنەوەی شیر کە ژمارەیەک چەکداری تایبەتی داعش بوون، بە ئۆتۆمبیلەکانیانەوە دەردەکەوتن: "بە دەبەی گەورە شیرەکەیان کۆدەکردەوە و باریان دەکرد و دەیانبرد".

شیری مەڕ و بزنە تاڵانکراوەکانی شنگال. ئەو ئاژەڵانەی ساڵەهای ساڵ بە دەنگی لاوک و لاواندنەوە و بەستەی ناسکی بێریانی ئەوێ، گوێیەکانیان پڕدەکران، هەر ئافرەتانی ئێزدی نەبوون دەکرانە کۆیلەی سێکس، بەڵکو شیری مەڕوماڵاتە دزراوەکانیشیان، ژەمی وزەبەخشی چەکدارانیان بوو. هەندێکجاریش بەیەکەوە چەند سەر ئاژەڵێکیان سەردەبڕی و لەگەڵ خۆیان دەیانبرد تاوەکو بیبەخشنەوە بەسەر بارەگاکاندا "بەڵام ئەو شیر و گۆشتە بەهیچ شێوەیەک بە ئێمەی ئێزدی نەدەدرا".

بۆ کێڵگەکانی کشتوکاڵ و بێستانەکانیش هەروا بوو، ئەو کێڵگە کشتوکاڵییانەی خاوەنەکانیان لە ترسی داعش هەڵاتبوون، تیمێکی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی تەرخانکردبوو، بەڵام کاری ڕۆژانەی ئاودێری و ڕنینی بەرهەمەکانی، هەر بە ئێزدییان سپێردرابوو "ڕۆژانە بە ئۆتۆمبیل باریان دەکرد و ئەویش بەسەر بارەگاکانیاندا دابەشدەکران، لە بەیانی تاوەکو ئێوارە خزمەتی ئەو کێڵگانەیان پێدەکردین و مافی ئەوەشمان نەبوو بەشی ژەمێک تەماتە لەگەڵ خۆمان ببەینەوە".

## کرێگرتەکانی داعش

بەیانییەک گەڕەکی خەزرا خراپ شڵەژا. ئەمیرە

> **بۆ ئەوەی دەستدرێژیم نەکرێتە سەر مشتێک حەبم خوارد**

زوو درکی کردبوو ڕۆژەکە چەند نائاساییە و سیمای چەکدارانی داعشی دەبینی ڕق و تووڕەییان لێ دەباری. دەرکەوت خێزانێکی ئێزدی لەوێ هەڵاتبوون "کەوتنە گیانمان گوتیان ئێوە درۆ دەکەن و نەبوونەتە موسوڵمان، هێشتا خیانەتمان لێدەکەن". ئەو چەکدارانەی کە تینووی تۆڵەکردنەوە و کوشتوبڕ بوون و لەلایەن حاجی مەهدی تورکمانەوە نێردرابوون، دۆخەکەیان گێڕایەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و هەموو ئێزدییەکانی گەڕەکەکەیان کۆکردەوە و جیاکردنەوەی ژن و پیاوەکان دەستپێکردەوە "کچێک هاتە تەنیشتمەوە و سوێندی خوارد کەسێکی ئێزدی بینیوە لەلایەن پیاوە ئێزدییەکانەوە هەردوو دەستی بەستراوەتەوە و وەک داعشەکان ڕەفتاریان لەگەڵ کردووە و لێیانداوە".

دوای بردنی پیاوەکان، ئەو منداڵە کوڕانەشیان برد کە تەمەنیان لە 9 ساڵ بەرەوژوور بوو.

"ئێمە بە دەست داعشەوە نەفەوتاین، ئەوانەی ئێشی فەوتاندنی ئێمەیان سەختتر کردبوو ئەو ئێزدییانە بوون کە کرێگرتەی داعش بوون". ئەم وشانە زۆر بە قورسی لە زاری ئەمیرە دەهاتنە دەرێ.

کات نیوەڕۆیە، شوێن ئەو زیندانەیە ژن و کچەکانی تێدا کۆکراونەتەوە. ژمارەیەکیان لە ئافرەتێک کۆببوونەوە بۆ ئەوەی هێوری بکەنەوە، بەڵام ئەو بەکوڵ دەگریا بەسەر دایکیدا کە وەک ئەوەی لە خەوێکی قورسدا بێت، تەنانەت هەناسەدانیشی وازلێهێنابوو. ئەو دایکەی تەنانەت فریای ئەوەش نەکەوتبوو بۆ دواهەمینجار، بەدەستەواژەیەکی کورتیش بێت ماڵئاوایی لە کچە دەروون هەڵقرچاوەکەی بکات: "بەڵام دوو چەکدار هاتن و ژنەکانیان دوورخستەوە، تەنەکەیەک ئاویان کرد بە ژنە مردووەکەدا و دەیانگوت درۆ دەکات نەمردووە، دەیانویست هەستێتەوە و سزای بدەن لەسەر ئەو نواندنە. ئەوان تەنانەت بڕوایان بە مردنەکەشمان نەدەکرد".

کرێگرتەکان هەموو شتێکیان بۆ داعش ئاسان کردبوو، لە هەموو جوڵەیەکی کچان و ژنان ئاگاداریان دەکردنەوە "لەناو کچ و ژنەکانیش جاسووسیان بەسەرمانەوە دانابوو، هەر بە کرێگیراوەکانیش بوون فێڵی ئەو کچ و ژنانەیان بۆ ئاشکرا دەکردن کە خۆیان دەکرد بەلاڵ و شێت و نەخۆش بۆ ئەوەی نەبرێن و نەفرۆشرێن و دەستدرێژی نەکرێتە سەریان". ئەوانەی دەبوونە کرێگرتە، دەبوو لە نێو قوربانییەکاندا ماسکی قوربانی بپۆشن و هەمیش چاوفرمێسکاوی و دەم پڕ لە سکاڵا دەربکەون بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن و مینەکانیان پوچەڵ نەبنەوە.

## یاسایەکی سەیر

هیچ هەواڵێک لە گەڕانەوە و پەیدابوونەوەی پیاوەکان نەبوو. پاسەوانانی زیندانەکە هەمیشە بە "نازانم" و "ئەوە کێشەی ئێوە نییە" و "ئەوانە چیدی هاوژینی ئێوە نین" وەڵامیان دەدایەوە. بەڵام ئەو بەیانییە وەڵامە گورچکبڕەکە گەیشت، کاتێک ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلی نەفەرهەڵگریان بینی گەیشتنە بەردەم زیندانەکە و پێیانراگەیاندن خۆیان ئامادە بکەن، بەڵام ئافرەتەکان نەیاندەزانی بۆ کوێیان دەبەن، تا چەکدارێک دەنگگڕ هاواری کرد "دەتانبەین بۆ ڕەققە". ئەمەش بە مانای ئەوە بوو کە چیدی پیاوەکان نابیننەوە و پەردەی شانۆی ژیانیان دادراوەتەوە.

> **داعش هەندێک لە ئافرەتە ئێزدییەکانی کردبووە جاسووس بەسەرمانەوە**

کاروانی ئۆتۆمبیلەکان گەیشتنە ڕەققە. ئەمیرە دەڵێت ڕووخساری چەکدارەکان بە بینینی ئەو هەموو ئافرەت و منداڵە گەشابووەوە، چونکە ئەوە بەمانای ئەوە دەهات، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کچان و ژنان گەرموگوڕی تێکەوتووەتەوە.

ژمارەیەک لە کچ و ژنان برانە شوێنێک کە بە تێگەیشتنی ئەمیرە زۆرتر لە فرۆکەخانە چووە. یەکێک لە والییەکان چەکدارانی ئاگادارکردووەتەوە بەپێی مەراسیمێک هەر کەسە و سەبییەی خۆی دەستدەکەوێ.

"سەرەتا پێیانگوتین بۆ ماوەی یەک سەعات لەگەڵ چەکدارەکان تێکەڵ ببین. من نازانم ئەوە بۆچی بوو، دواتر بە چەکدارەکانی خۆیان گوت، وەک دیوارێکی ڕێک بەتەنیشت یەکەوە بوەستن. ئینجا بەرامبەر بە چەکدارەکان ئەو دیوارەیان بە ئێمەش دروستکرد و گوتیان سەرمان بەرز بکەینەوە و سەیری ئەوان بکەین، دواتر والییەکە ڕوویکردە چەکدارەکان و گوتی هەر کەسێک سەبییەی خۆی لە ڕیزەکەدا دەستنیشان بکات".

هەرچەندە لە نێو ڕیزی کچ و ژنەکاندا، هەبوون زیاتر لە کەسێک چاوی تێبڕیبوون و هەموو پێوەرەکان بە دەست جوانییەوە بوون، بەڵام دەبوو تەنیا کەسێک بکرێتە ئامانج. ئەوەی دەستی بۆ ئەمیرە ڕاکێشا، چەکدارێک بوو بەناوی ئەبوو عوبەیدە، ئەو پیاوەی لە میسرەوە خۆی گەیاندبووە سووریا بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کاولکارییەکانی بەشار ئەسەد ببێتەوە، بەڵام دواتر لە نێو داعشدا خۆی بینیبووەوە. هەڵبژاردنەکە بە دڵخۆشیی هەموو پیاوەکان کۆتایی نەهات، بەڵام بەو پێیەی پێیانوابوو فەتواکان چەند بە ئاسانی دەرگای کڕین و فرۆشتنی کەنیزەکەکانی بۆ خستوونەتە سەرپشت و دەتوانن هەر ساتێک بیانەوێ ژنانی جوانتر بکڕن، نیگەرانییەکانیان دەڕەوییەوە: "ئەبوو عوبەیدە لێم نزیک بووەوە و پێیگوتم وەرە لەگەڵم بابچینە لای ئەو ئەمیرە. ئەمیر پیاوێک بوو لەسەر کورسییەکی دانیشتبوو مێزێکی لەبەردەمدا بوو ناوی ئەوانەی دەنووسی کە سەبییەی خۆیان هەڵبژاردبوو، ناوی ئێمە و هەموو زانیارییەکانی لەسەر کاخەزێک نووسی و دواتر ڕوویکردە ئەبوو عوبەیدە و پێیگوت: پیرۆزە، ئێستا ئەمە سەبییەی شەرعی خۆتە و تۆ خاوەنی ڕاستەقینەی ئەوی".

## یان خۆت یان کچە 9 ساڵەکەت

ئەمیرە کاتێک کەوتە دەست چەکدارانی داعش، 4 منداڵی هەبوو. کچێکی تەمەن 9 ساڵ و کچێکی 8 ساڵ و دوو کوڕی بچوک. بە ناچاری خۆی و منداڵەکانی کەوتنە دوای چەکدارە میسرییەکە تاوەکو بچنە نێو ئەو ماڵەی لە داعش وەریگرتبوو. ماڵێکی گەورە و پڕ لە کەلوپەل و پێداویستی ناو ماڵ: "هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە، دەبێت لە بەرامبەر چی ئەم ماڵە گەورە و گرانەیان پێدابێت؟ بەشی دوو ماڵ کەلوپەلی تێدابوو".

بە بەراورد بەو داعشانەی پێشتر بینیبووی، ئەبوو عوبەیدە لە هەڵسەنگاندنی ساتە بەراییەکاندا ئێجگار خراپ نەبووە "بەڵام یەکەم ئێوارە کە ویستی سەرجێیم لەگەڵ بکات، ڕەتمکردەوە و خۆم نەدا بە دەستییەوە، تەواو گۆڕا". ئەمە وەک ئەوە وابوو، بە سەوڵێکی ڕزیو و بەلەمێکی بێچارۆکەوە، بەرەنگاری شەپۆلە تووڕەکانی دەریایەکی بەقینهاتوو ببیتەوە. ئەبوو عوبەیدە دڵنیای کردەوە لە کۆتاییدا ئەو کارە هەردەکات و هیچ لە دەستی خۆیدا نامێنێتەوە "بەڵام باشترە ئەوەندە تووڕەم نەکەیت ئەشکەنجەت بدەم".

کچەکەی چاوی لە دایکی بوو لە چێشتخانەکەدا دەنک دەنک، حەبەکان ڕۆ دەکاتە نێو دەستییەوە بۆ ئەوەی بیخوات و لە ڕێگای مردنەوە ڕزگاری ببێ. دەگریا و داوای لێدەکرد ئەوە نەکات، بەڵام ئەمیرە لە نەخۆشخانە خۆی بینیوە و گەدەیان بۆ شۆرد و بردیانەوە بۆ ماڵەوە: "ئەبوو عوبەیدە دیسان هاتەوە لام و پێیگوتم ڕازی دەبیت؟ ئەگەر نا کچەکەت دەفرۆشم و هەر ڕۆژە و چەکدارێکیش دێنمە لای خۆت، ئیدی ڕازی بووم و تەسلیمی بووم".

بیرکردنەوە لە چارەنووسی دوو کچەکە منداڵەکەی، گەواڵە هەورێکی ڕەش بوون و هەموو ڕۆژێک ئاسمانی دڵی ئەمیرەیان دادەپۆشی. چونکە دڵنیابوو لەوەی ئەبوو عوبەیدە، ئەگەر باشترین پیاوی نێو ڕەققەش بێت، دواجار ئەو داعشییەکی لەوە تووڕەتره بتوانی لەبارەی یاسا و ڕێساکانەوە دانوستاندنی لەگەڵ بکەیت و ئاوازی سەرەڕۆییەکانی ناشێوێنێ، هەر بۆیە ئەمیرە وەک باڵندەیەکی تەریو و ئۆقرە نەگرتوو، لەو ڕۆژە دەترسا کە دڵنیا بوو زوو بێت یان درەنگ، هەر دێت.

> **لە نێوان تەسلیمبوون و فرۆشتنی کچەکەم، یەکەمیانم هەڵبژارد**

## داعش ئەمەیە

دوای 20 ڕۆژ، ئەبوو عوبەیدە خوازبێنی کچێکی عەرەبی سووری کرد و دوای کەمتر لە هەفتەیەک گواستییەوە ماڵە قەشەنگەکەی. یەکەم قسەی سوهام، کاتێکە گەیشتە نێو ماڵەکە، هۆشدارییەک بوو بۆ هاوژینە میسرییەکەی "من قبوڵم نییە ژنی دیکە لێرە هەبن". تارمایی ئەو ڕۆژانەی ئەمیرە زیرەی لێکردبوون، بەهاتنی سوهام وردە وردە دەرکەوتن: "تاوەکو 12 شەو کاری بە خۆم و کچەکانم دەکرد، نەیدەهێشت کەس دابنیشێ، هەر کار نەبووایە، دەیگوت جارێکی دیکە کەوانتەر و دەرگا و پەنجەرەکان بسڕنەوە. هەر کێشەیەکی لەگەڵ ئەبوو عوبەیدە هەبووایە، بە خۆم و منداڵەکانمی دەڕشت. ئینجا کچە تەمەن نۆ ساڵەکەمی کردە خزمەتکاری تایبەتی خۆی، پاشان خستییە مێشکی پیاوەکەیەوە کچەکەم بفرۆشێت".

بۆ ئەوەی ئەبوو عوبەیدە کچەکەی لەدەست نەستێنێ. ئەمیرە بە دڵ و بە گیان خزمەتی ئەبوو عوبەیدەی دەکرد "ئێواران کە دەگەڕایەوە، قاچەکانیم لە نێو تەشتێک ئاوی شلەتێن و خوێیاودا دەشۆری. بە تەواوی ڕووم پێدابوو، بۆی پێدەکەنیم" بەڵام ڕۆژێک ئەو تێزابەی ڕشت بە دڵیدا و گوتی

> **چەکداری داعش هەبوو دوو خوشکی ئێزدی لەلا بوو**

"کچەکەت دەبەم و دەیفرۆشم".

زۆر لەبەری پاڕایەوە. وەک ئەو لاولاوەی دەئاڵێتە درەختەکان، لە قاچەکانییەوە ئاڵا. فرمێسک بەسەر پێڵاوەکانیدا لە تکان نەدەکەوتن، بەڵام ئەو دڵانە لە مێژ بوو کلیل درابوون و فرمێسک نەیدەکردنەوە "کچەکەمی فرۆشت بە کەسێک ناوی ئەبوو ئیبراهیم بوو، ئەویش میسری بوو".

**ئەمیرە: بەڕاست ئەوەی ئێوە دەیکەن گوناه نییە، هەست بە تاوان ناکەن؟**

**ئەبوو عوبەیدە:** نا. ئەوە شەریعەت ڕێگەی داوە.

**ئەمیرە: تەنانەت لەگەڵ کچێکی منداڵیش؟**

**ئەبوو عوبەیدە:** ئەگەر کچەکە تەمەنی پێگەیشتوو نەبوو، ڕێگەدراوە چێژی لێوەربگری.

**ئەمیرە: بەڵام جارێک بینیم چەکدارێک دوو خوشکی بردە لای خۆی؟**

**ئەبوو عوبەیدە:** ڕێگە پێدراوە، بەڵام ناکرێ بەیەکەوە و لەیەککاتدا لەگەڵ هەردووکیان سەرجێیی بکەی.

ئەمیرە، ژنێکی خوێندەوارە و نەیدەتوانی ئەو بورکانەی لە ناخیدا تەقیبووەوە، ڕێگای بۆ بکاتەوە بڕژێتە سەر کاخەزێک و وەک نامەیەک بینێرێت بۆ مرۆڤایەتی. بۆ پایتەختەکان و ئەو کۆشکانەی سەرۆکەکان باسی مرۆڤ و مافەکانی دەکەن. ئەگەر بیتوانیبا، هەر نەبێت بۆ ئەبوو ئیبراهیمی دەنووسی، تۆ کەسێکت برد گلێنەی چاوانی من و خۆشەویستی ژیانی من بوو. من نازانم ئێوە کێن. بەڵام لە ئێوارەیەکی درەنگوەختدا، ئەو کاتەی منداڵەکان چاوەڕێ بوون بگەڕێتەوە و یەک بەیەک ماچیان بکات، ئێوە بە فیشەکێک باوکیانتان کوشت و دواتریش خۆیتان دزی.

"سێ دانە ڕۆژ دەمم لە نان نەدا. لەتاو چارەنووسی کچەکەم نەمدەزانی چی بکەم". ئەمیرە بێئاگابوو لەوەی کە هێشتا سوهام دەیەوێ ڕۆژی ڕەشتر بهێنێتە سەر ڕێگای، بەردەوام بەڕووی دا دەدایەوە کە هەرچی بووێت دەیکات و ئەوەش تەنیا بۆ ئەوەی ئەمیرە ئومێد لەسەر هیچ پلانێک هەڵنەچنێ.

## قایمقامی هەولێر: هەر کەسێک نرخ بەرز بکاتەوە سزا دەدرێ

**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی حکومەت بڕیاری دا پاشەکەوتی مووچە نەهێڵێت، خەڵک ترسی هەیە لە بازاڕەکان نرخ بەرزببێتەوە، بەڵام قایمقامی هەولێر دڵنیایی دەدات لەوەی چاودێرییەکانیان چڕکردووەتەوە و لەئەگەری بەرزکردنەوەی نرخەکان لەلایەن خاوەن دووکان و بازرگانان، دەتوانن پەیوەنییان پێوە بکەن بۆ ئەوەی سزایان بدەن. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لەدوای دەرچوونی بڕیاری نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچە، هۆشدارییەکمان بۆ بازرگان و دووکاندارەکان بڵاوکردەوە هەر کەسێک نرخ بەرز بکاتەوە، سزا دەدرێ". هەر هاووڵاتییەک بینی کاڵایەک گران بووە، دەتوانێ لە ڕێگەی هەردوو ژمارە تەلەفۆنی (07502224466 و 07502224488) قائیمقامیەتی هەولێر ئاگادار بکاتەوە.



ئابووری
ڕووداو
ژمارە (546) - دووشەممە 2019/3/11

# ساڵانە نزیکەی دوو ملیار دۆلار بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل دەچێتە دەرەوە

## لە چوار ساڵی ڕابردوودا 316 هەزار ئۆتۆمبیل هێنراونەتە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەپێی ئاماری وەزارەتی بازرگانی، ساڵانە بایی زیاتر لە یەک ملیار دۆلار ئۆتۆمبێل دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەشێکی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان، لە چوار ساڵی ڕابردوودا بایی 7 ملیار و 532 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبێل هاوردەی عێراق کراوە. پشکی شێری ئەو بازرگانییە بەر بازرگانانی هەرێمی کوردستان کەوتووە، ساڵی 2015 بایی 2 ملیار و 25 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبیل هاوردەی عێراق کراوە، نزیکەی 74%ی لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاتووە.

ساڵی 2016 بایی ملیارێک و 37 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبیل هاوردەکراوە، 76%ی لە ڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بووە، ساڵی 2017 بایی 2 ملیار و 9 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبیل هاوردەکراوە، 60%ی لەلایەن بازرگانی هەرێمی کوردستانەوە بووە. هەروەها ساڵی ڕابردوو بایی 2 ملیار و 461 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبێل هاوردەی عێراق کراوە، نزیکەی 53% لەڕێگەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بووە.

ئەم ئامارە هاوردەکردنی چوار جۆر ئۆتۆمبیل لەخۆدەگرێت کە بریتین لە: ساڵۆن، پاس و مینی پاس، بارهەڵگری بچووک و مامناوەند، سەرە ترێلە و تراکتۆر. بۆ نموونە لە ساڵی 2018 بایی ملیارێک و 745 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبیلی ساڵۆن، بایی 578 ملیۆن دۆلار بارهەڵگری بچووک و مامناوەند، بایی 72 ملیۆن دۆلار پاس و مینی پاس، بایی 66 ملیۆن دۆلاریش سەرە ترێلە و تراکتۆر هاوردەکراوە.

لە داتاکاندا دەردەکەوێت ساڵانە بایی زیاتر لە یەک ملیار دۆلار ئۆتۆمبیل لە ڕێگەی دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوردەکراوە، ئەمەش بووەتە داهاتێکی باش بۆ هەرێمی کوردستان.

> **بەهۆی یەکخستنی تەعریفی گومرگییەوە فرۆشمان 50% کەمی کردووە**
> بازرگانێکی ئۆتۆمبێل

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دەڵێت: "زیاتر لە 75%ی ئەو ئۆتۆمبیلانەی بازرگانان لە ڕێگەی دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە هاوردەی دەکەن بە بازرگانانی شارەکانی عێراق فرۆشراونەتەوە".

زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانە لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردە کراون، چونکە تاکە دەروازەیە لەگەڵ تورکیا، زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ عێراق دێن، لەڕێگەی ئەم دەروازەیەوە هاوردە دەکرێن.

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا مۆڵەت بە هاوردەکردنی 316 هەزار و 737 ئۆتۆمبیل دراوە. زۆرترین مۆڵەتیش لە ساڵی 2018 دراوە کە 143 هەزار و 86 مۆڵەت بووە.

جیاوازیی نرخی ئۆتۆمبیل لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە شارەکانی عێراق، وای لە بازرگانانی باشوور کردووە بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ هەندێ بازرگان و خاوەن کۆمپانیا ڕەخساندووە کە زۆرترین قازانج بکەن، بەڵام یەکخستنی تەعریفەی گومرگی لە نێوان هەولێر و بەغدا، سستی خستووەتە بازاڕی ئۆتۆمبێل.



لە چوار ساڵی ڕابردوودا بایی 7 ملیار و 532 ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبێل هاوردەی عێراق کراوە (فۆتۆ: ڕووداو)

خاڵس عەزیز، بەڕێوەبەری کۆمپانیای کوێت بۆ بازرگانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل کە زیاتر ئۆتۆمبێلی گرانبەها هاوردە دەکات، دەڵێت: "بەهۆی یەکخستنی تەعریفەی گومرگی، بازرگانی هاوردەکردنی ئۆتۆمبیل و فرۆشی ئۆتۆمبێل تووشی جۆرێک لە وەستان بووە، چونکە بەراورد بە پێشتر ڕەسمی گومرگی بۆ ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکان زۆر زیاد بووە. بۆ نموونە ئۆتۆمبیلی جۆری لاندکرۆزەر تویوتا کە بە وەنەوشە ناسراوە، نزیکەی 5 هەزار دۆلارە، لەگزز و ڕەنج ڕۆڤەریش مۆدێل تازە نزیکەی 8 تاوەکو 10 هەزار دۆلارە، ئەمەش کاریگەری لەسەر فرۆشی ئۆتۆمبێل هەبووە".

گوتیشی: "ساڵی ڕابردوو 75%ی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاوردەمان کردوون، بە بازرگانانی عەرەبمان فرۆشتووەتەوە، بەڵام ئەمساڵ دوای یەکخستنی تەعریفەی گومرگی، فرۆشمان 50% دابەزیوە".

دوای یەکخستنی تەعریفەی گومرگی، ڕەسمی گومرگی لەسەر ئۆتۆمبێلی جۆری لاندکرۆزەر، فۆرد، جاکوار، لەگزز، مارسیدس، بی ئێم دەبلیو، پۆرش، ڕەنج ڕۆڤەر و چەند جۆرێکی دیکە زیاد کراوە، بەمەش نرخیان بەرزبووەتەوە.

ئیڤۆن بتروس، خاوەنی پێشەنگایەکی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل دەڵێت: "لە دەروازەی بەسرا ئاسانکاری زۆر بۆ بازرگانانی عێراق کراوە، بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک تەنیا 280 دۆلار وەردەگرن، بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر جموجۆڵی بازرگانی دەبێت. پێشتر زۆربەی بازرگانانی عێراق لە جیاتی هاوردەکرنی ئۆتۆمبیل لە دوبەی، لە هەرێمی کوردستان ئۆتۆمبێلیان دەکڕی".

پێشتر بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلێکی شەش پستۆنی بەرز، 2900 دۆلار گومرگ وەردەگیرا، ئێستا 4700 دۆلار وەردەگیرێ. ئۆتۆمبێلی ساڵۆنی 4 پستۆنی بچووکی گرانبەها پێشتر 800 دۆلار بوو، ئێستا 1300 دۆلارە. ئیڤۆن بتروس دەڵێت: "بەهۆی زیادبوونی ڕەسمی گومرگ، نرخی ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە بەراورد بە پێشتر 1500 دۆلار تاوەکو 8500 دۆلار گران بووە".

دوای ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە 18ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ بڕیار لەسەر یەکخستنی تەعریفەی گومرگی لە سەرجەم دەروازە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دا. بەپێی پێناسە تازەکە ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکان ڕەسمی گومرگیان لەسەر زیاد کراوە، لە بەرامبەریشدا کەمێک ڕەسم لەسەر ئۆتۆمبیلی ئاسایی کەمکرایەوە.

ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕەسمی گومرگی لەسەر هاوردەکردنی هەندێ ئۆتۆمبیل بەپێی جۆر و بەها و مۆدێلەکەی زیادکراوە، بڕی ڕەسمەکەش لە 2 ملیۆن دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە 10 ملیۆن".

بەپێی بڕیاری ژمارە 13ی ساڵی 2019ی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، تەعریفەی گومرگی سەرجەم خاڵە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان یەک تەعریفە دەبێ، بەڵام هەندێک بازرگان دەڵێن لە خاڵە سنوورییەکانی خوارووی عێراق ڕەسمی کەمتر وەردەگیرێ. ئەمەش کاریگەری لەسەر بازاڕی ئۆتۆمبێل لە کوردستان هەبووە.

ساماڵ عەبدولڕەحمان دەڵێت: "وەرگرتنی ڕەسمی گومرگی ئۆتۆمبێل وەک کاڵای دیکە نییە و ناتوانرێت زیادە یان کەمتر وەربگیرێت، چونکە ئۆتۆمبێل مەنەفێستی هەیە، بڕی ڕەسمەکەی لەسەر دەنووسرێت، بۆیە بڕوا ناکەم هیچ دەروازەیەک بتوانێ ڕەسمی کەمتر یان زیاتر وەربگرێت".

## بەهۆی باران و هەورەگرمەی زۆر

# ئەمساڵ ساڵی دوومەڵان دەبێت لە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

وەرزی کۆکردنەوەی ڕووەکە خۆڕسکە بەهارییە بەهادارەکە لە هەرێمی کوردستان نزیک بووەتەوە. لە ئێستاوە بەشێکی خەڵک بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، ڕوو لە دەشت و دۆڵ و زوورگەکانی کوردستان دەکەن بۆ کۆکردنەوەی دوومەڵان.

دوومەڵان ڕووەکێکی خۆڕسکی وەرزییە، دوای بارانێکی باش لە وەرزی پایزدا بە قووڵایی 5 تاوەکو 15سم دەڕوێت و لەبەهاردا کۆدەکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی کێشی لەنێو 40 بۆ 500 گرام دەبێت، هەندێکجاریش کێشەکەی دەگاتە نزیکەی کیلۆیەک.

ناوی زانستیی ئەم ڕووەکە Terefeziaیەو سەر بە جیهانی کەڕووەکانە، زیاتر بەشێوەی خۆڕسک لە

> **ڕۆژانە 25 تۆن دوومەڵانمان لە عێراقەوە بۆ دێت**
> بازرگانێک

دەشت و بانە لماوییەکان دەڕوێت، بەهۆی ئەو بەها خۆراکییەی هەیەتی، خەڵکێکی زۆر حەز بە خواردنی دەکەن، بۆیە خواستێکی زۆری لەسەرە، نرخیشی لە هەموو ڕووەکە خۆڕسکە بەهارییەکان گرانترە.

لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دوومەڵان هەیە، بەڵام زیاتر لە شنگال، زوممار، مەخموور، قەراج، کەندێناوە، چیای قەرەچوغ، ڕێدار، شوان، کەلار، کۆیە، چەمچەماڵ و لەیلان دەڕوێت.

بەهائەددین عەزیز، گەنجێکی خەڵکی هەولێرە، ساڵانە لە وەرزی بەهاردا لەگەڵ هاوڕێیانی بۆ کۆکردنەوەی دوومەڵان ڕوو دەکەنە دەشت و دۆڵ و زوورگەکانی هەولێر و کەرکووک، شارەزاییەکی باشی لە دۆزینەوە و جۆرەکانی دوومەڵان پەیدا کردووە.

بەهائەددین دەڵێت: "ئەمساڵ لە وەرزی پایز بارانێکی باش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان باریوە و هەورەگرمەشی لەگەڵ بووە، بۆیە پێشبینی دەکەین هاوشێوەی ناوچەکانی عێراق ئەمساڵ لە کوردستانیش دوومەڵان زۆر بێت".

بەهۆی بارانی بەردەوام و کەشی سارد، ئەمساڵ گەشەی دوومەڵان لە کوردستان کەمێک دواکەوت، بۆیە تائێستا دوومەڵانی گەورە لە هەرێمی کوردستان زۆر نەدۆزراوەتەوە، ئەوانەی دوومەڵان کۆدەکەنەوە پێشبینی دەکەن دوای نەورۆز دوومەڵانێکی زۆر بکەوێتە بازاڕەوە.

تام و قەبارە و جۆری دوومەڵان بەگوێرەی خاکی شوێنەکە دەگۆڕێت، لە هەرێمی کوردستان زۆرتر دۆمەڵانی سوور، سپی و ڕەش هەیە.

بەهائەددین دەڵێت: "لە کەندیناوە دوومەڵانی سپی و سوور هەیە، دوومەڵانی گوندی عەلافات لەکەندێناوە تا بڵێی تامی خۆشە بەڵام زیخی زۆری تێدایە. لەناوچەی جافان و لەیلان دوومەڵانێکی جوانی هەیە، بەڵام توانای مانەوەی زۆر کەمە، لە شیواشۆکیش دوومەڵانی باش هەیە، بەڵام زیاتر لوسە و لینجە. لەڕووی تامیش زیاتر دوومەڵانی مەخموور و ناوچەی زەرگەتە لە دەشتی هەولێر باشن. خۆشترین جۆری دوومەڵانیش دوومەڵانی سوورە".

> **هەوڵی چاندنی دوومەڵانمان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین**
> کشتوکاڵی هەولێر



نرخی کیلۆیەکی دوومەڵان لە نێوان 2 تاوەکو 15 هەزار دیناردایە (فۆتۆ: ڕووداو)

ڕووبەری ئەو ناوچانەی لە کوردستان دوومەڵانیان لێ دەڕوێت زۆر نییە، لە وەرزی بەهاریش خەڵکێکی زۆر بەدوای دوومەڵاندا دەگەڕێن و دەرفەتی گەورەبوونی پێنادەن، بۆیە قەبارەی دوومەڵانی کوردستان وەکو دوومەڵانی عێراقە و بچووکە، بەڵام دوومەڵانی کوردستان لەوەی عێراق گرانترە.

لەهەر دوومەڵانێکدا بە سەدان کیس هەیە، هەر کیسێکیش 8 سپۆری تێدایە کە لەکاتی پێگەیشتنی کیسەکان دەتەقن و سپۆرەکان بڵاودەبنەوە و لە وەرزێکی دیکە لەهەمان شوێن جارێکی دیکە دەڕوێتەوە، جاری واش هەیە لەڕێگەی هەندێ گیانەوەرەوە سپۆرەکان بڵاودەبنەوە.

دکتۆر قاسم مەرزانی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ڕووەک و کەڕووەکان لە بەشی پاراستنی ڕووەک لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت: "ئەمساڵ بارانێکی باش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان باریوە، هەورەگرمەشی لەگەڵ بووە، بەو هۆیەوە ڕێژەیەکی باش لە نایترۆجینی تواوەی هەوا لەگەڵ باران چووەتە ژێر خاک کە هۆکارە بۆ ڕووانی سپۆرەکانی ناوخاک و گەشەی دوومەڵان، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەمساڵ بەرهەمی دوومەڵان زۆر بێت".

بەهۆی جیاوازی پلەی گەرماوە دوومەڵانی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق زووتر لە دوومەڵانی ناوچەکانی کوردستان پێدەگەن، دوای جەژنی نەورۆز دوومەڵانی ناوچەکانی کوردستانیش بەدەردەکەون.

دکتۆر قاسم مەرزانی دەڵێت: "دوومەڵان بەهایەکی بەرزی خۆراکی هەیە، دەیان کانزا و ڤیتامینی تێدایە. ئەو ئەمینۆ ئەسیدەی لە پرۆتینی دوومەڵاندا هەیە هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ پرۆتینی گۆشتی ئاژەڵ، بۆیە سوودێکی زۆری بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە".

چاندنی دوومەڵان لە کێڵگەدا ئەستەم نییە، بەڵام پێویستی بە ژینگەیەکی زۆر تایبەت هەیە، بۆیە تائێستا لەزۆربەی وڵاتان بەشێوەی خۆڕسک هەیە، تەنیا لە فەرەنسا نەبێت توانراوە بچێنرێ، لە هەرێمی کوردستانیش هەوڵی چاندنی دراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری پێشووی توێژینەوەی کشتوکاڵی هەولێر، دەڵێت: "چەند ساڵێک لەمەوبەر لە چوارچێوەی توێژینەوەیەک لەگەڵ تیمێکی شارەزا هەندێک دوومەڵانمان لە ناوچەی مەخموور بەخاکی دەوروبەرییەوە هێنا و چاندمان، بەڵام شین نەبوو".

بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی لەبارەی دوومەڵانەوە لە کوردستان کراون، زیاتر حەزی لە خاکێکی سووکە، لەو خاکانەدا زیاتر گەشە دەکات کە کاربۆناتی کالیسیۆمی تێدا زۆرە. مەقسود خالید دەڵێت: "بیرۆکەی ئەوەمان هەبوو چەند گەڵابەیەک خاکی ئەو ناوچانە بهێنین و دوومەڵانی پێگەیشتووی تێدا بچێنین، بەڵام بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە نەمانتوانی پرۆژەکە تەواو بکەین".

نووسینگەی جیهانی میوە لە گومرکی سەوزە و میوەی هەولێر وەک بۆرسەیەکی لێهاتووە بۆ فرۆشتنی دوومەڵان، هەرکاتێک بەهار نزیک دەبێتەوە جمەی دێت لە کڕیار و فرۆشیاری دوومەڵان.

حاجی موخلیس یاسین، خاوەنی نووسینگەی جیهانی میوە دەڵێت: "دوومەڵانی کوردستان هێشتا بە تەواوی پێنەگەیشتووە، بۆیە زۆربەی ئەو دوومەڵانەی ئێستا لە کوردستان هەیە، دوومەڵانی ڕومادی، سەماوە، قائیم و ڕەبیعە و دەوروبەری مووسڵ و هەندێ ناوچەی دیکەی عێراقە، کەمێک بەرهەمی ناوچەی شەنگالیش لە بازاڕدا هەیە".

حاجی موخلیس گوتیشی: "بەهۆی ئەوەی ئەمساڵ بارانێکی زۆر باریوە، دوومەڵان لە عێراق زۆرە. ڕۆژانە 20 تاوەکو 30 تۆن دوومەڵانمان بۆ دێت، بەشێکی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ساغ دەکەینەوە، بەشێکی هەناردەی سووریا دەکەین، بەشێکیشی بەقاچاخ دەچێتە تورکیا".

بەهۆی زۆریی بەرهەم ئەمساڵ نرخی دوومەڵان دابەزیوە، بەگوێرەی قەبارە، جۆر و کۆن و تازەیی دوومەڵانەکە نرخی کیلۆیەکی لە نێوان 2 تاوەکو 15 هەزار دیناردایە.

حاجی موخلیس دەڵێت: "نرخی کیلۆیەک دوومەڵانی سوور بە 12 تا 15 هەزار دینارە. ڕەنگ زەرد بە 5 تا 8 هەزارە، ڕەنگی سپی بە 2 تا 6 هەزار دینارە، زۆرترین خواستیش لەسەر دوومەڵانی سوورە".

### 100 گرام دوومەڵان چی تێدایە؟

| | |
|---|---|
| 69 | گرام ئاو |
| 16.4 | گرام کاربۆهیدرات |
| 0.5 | گرام چەوری |
| 0.6 | گرام پرۆتین |
| 2 | گرام پۆتاسیۆم، سۆدیۆم، کالیسیۆم، مەگنیسیۆم، فۆسفۆر، کلۆر و ئاسن. |

ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوت لە ئێران دەکڕێ

# هیندوستان دەستبەرداری نەوتی ئێران نابێت

ڕووداو- هەولێر

هیندوستان دەیەوێ درێژە بە کڕینی نەوتی ئێران بدات، بۆ ئەوەش لەگەڵ ئەمریکا دەستی بە گفتوگۆ کردووە تاوەکو ڕێگە بە پاڵاوگەکانی وڵاتەکەی بدات لە دوای مانگی نیسانیش بەو ئاستەی ئێستا نەوت لە تاران بکڕن، سەرچاوە ئاگادارەکان دەڵێن هیندییەکان داوای درێژکردنەوەی ماوەی ئەو چاوپۆشییە شەش مانگییە دەکەن کە بۆ کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی ئێران دەرکرابوو.

حکومەتی نیودلهی لە نۆ مانگی ڕابردوودا ئاستی هاردەی نەوتی ئێرانی نیوە کردووە و ئێستا ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوت لەو وڵاتە دەکڕێ، بەڵام بەرپرسێکی باڵای هیندوستان بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاند کە حکومەتەکەی ماوەیەکە لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ئەمریکییەکان، تاوەکو ماوەی لێخۆشبوون لە کڕینی نەوتی ئێرانیان بۆ درێژ بکەنەوە.

داواکەی حکومەتی هیندوستان لە کاتێکدا دێ کە ململانێی بازرگانی لە نێوان نیودلهی و واشنتن دەستیپێکردووە. ئیدارەی کۆشکی سپی بەنیازە کۆتایی بە مامەڵەی تایبەتی وڵاتەکەی لەگەڵ کاڵا هیندییەکان بهێنێ کە ڕێگە بەوە دەدات کاڵاکانی هیندوستان بێ گومرگ بێنە ناو خاکی ئەمریکاوە. ڕێوشوێنەکە لە چوارچێوەی سیستەمێکی گشتی بازرگانی و گومرکدا دانراوە، بە گوێرەی ئەو ڕێوشوێنەش لە ساڵی 1970 وە بەبڕی 5.6 ملیار دۆلار کاڵا لە هیندوستانەوە هەناردەی ئەمریکا دەکرێ بێ ئەوەی گومرکیان لەسەر دابنرێ. ئەوە توندترین ڕێوشوێنی بازرگانییە کە ترەمپ لە دوو ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی خۆیدا لەدژی هیندوستان گرتبێتیەبەر.

قۆناغی دووەمی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەدژی ئێران لە تشرینی دووەمی 2018 وە کاریان پێدەکرێ کە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزەی ئێرانی دەگرێتەوە. هەر ئەوکات حکومەتی ئەمریکا ڕێگەی بە هەشت وڵات دا بۆ ماوەی شەش مانگی دیکە نەوت لە ئێرانەوە هاوردە بکەن. لە چوار مانگی ڕابردوودا ئیدارەی کۆشکی سپی هەر یەک لە چین، هیندوستان، ژاپۆن، کۆریای باشوور، تایوان، تورکیا، ئیتاڵیا و یۆنانی هانداوە بەرەبەرە هاوردەی نەوتی خۆیان لە ئێران کەم بکەنەوە. ماوەی لێخۆشبوونەکە لە سەرەتای مانگی ئایارەوە تەواو دەبێ.

ڤیسەنت کامپۆس، گوتەبێژی نووسینگەی وزەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لێدوانێکدا بۆ (ڕۆیتەرز) ئامادە نەبووە پشتڕاستی بکاتەوە کە هیندوستان داوای درێژکردنەوەی ماوەی لێخۆشبوونەکە دەکات، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە واشنتن لەگەڵ هەشت وڵاتەکەی دیکەدا سەرقاڵی دانوستاندنە بۆ ئەوەی هاوردەی نەوتیان لە ئێرانەوە بگەیەننە سفر.

هەفتەی ڕابردوو حکومەتی کۆریای باشوور کە چوارەم کڕیاری نەوتی ئێرانە لە ئاسیا، ڕایگەیاند کە بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەردانی سیئۆلی کردووە بۆ ئەوەی باسی سزاکانی سەر ئێران بکەن. دەیڤد پەیمان، یاریدەدەری بریکاری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری سزاکان، لەگەڵ بەرپرسانی کۆریا کۆبووەتەوە.

بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی کۆریای باشوور کاربەدەستە ئەمریکییەکە پێشنیازی کردووە لە دانوستاندنەکانیان لەبارەی درێژکردنەوەی ماوەی لێخۆشبوونەکە و وردەکاری بازرگانی کۆمپانیا کۆرییەکان لەگەڵ ئێران، بەردەوام بن.

پێش دەرچوونی ئەمریکا و گەڕانەوەی سزا ئەتۆمییەکان، ئێران ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردە دەکرد، ئێستا هەناردەی نەوتی ئەو وڵاتە بۆ یەک ملیۆن هەتا 1.25 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە.


هیندوستان بۆ بەخشینی لە سزاکانی سەر ئێران لەگەڵ ئەمریکا دانوستاندن دەکات

بەرپرسێکی حکومەتی هیندوستان جەختی لەوە کردووەتەوە دەیانەوێ هەتا پێش هەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتەکەی لە مانگی ئایار، وەڵامی یەکلاکەرەوە لە واشنتن وەربگرن.

پێش مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو، ئۆپێک و ڕووسیا چاوەڕێیان دەکرد بەهۆی دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی سزاکانەوە ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران زیاتر لەوەی ئێستا دابەزێ و نرخەکانی نەوتیش بەرز ببنەوە، بەڵام دوای بڕیاری لێخۆشبوونەکە بۆ هەشت وڵاتەکە، بازاڕەکانی نەوت شۆک بوون و ئۆپێک و هاوپەیمانەکانی ناچاربوون جارێکی دیکە بڕیاری کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان بدەن. ئەگەر ئەمریکا ماوەی لێخۆشبوونەکە درێژ بکاتەوە، کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی نەوتی بازاڕەکان دروستدەکات.

ئێستا ئێران حەوتەم دابینکاری نەوتی هیندوستانە، بەڵام پێش گەڕانەوەی سزاکانی ئەمریکا ئەو وڵاتە لە پلەی سێیەمی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت بۆ هیندوستان بوو.

بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنان

# ستراتیژە سەرەکییەکەی حکومەتی داهاتوو بۆ کەرتی نەوت و گاز


شەهریار شێخلەر
ڕاوێژکاری ئابووریی وزە

کەرتی نەوت بۆ هەرێمی کوردستان، هاوشێوەی زۆربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری ئەو بەرهەمە ستراتیژییە، بڕبڕەی پشتی ئابووری و بزوێنەری گەشەی وڵات و هێڵی پەیوەندییە لەگەڵ کۆمپانیاکانی خاوەن بڕیار و هەروەها وڵاتانی جیهان، بۆیە دانان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەکی ژیرانە بۆ ئەو کەرتە دەتوانێت لەسەر داهاتووی هەرێمی کوردستان بە گشتی و ئابووریی کوردستان بە تایبەتی کاریگەری بەرچاوی هەبێت.

کەرتی نەوتی کوردستان لەسەر ئاستی ناوچەکە و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت گەشەیەکی خێرای تۆمار کردووە و توانیویەتی بەشێکی زۆری ژێرخانی یاسایی، گواستنەوە و بەرهەمهێنان دابین بکات. هەر لەو ماوەیە توانیویەتی هەرێمی کوردستان بە جیهان و کۆمپانیاکانی خاوەن تەکنۆلۆجیا و پیشەسازیی کەرتی نەوت و کڕیارانی نەوت بناسێنێ.

لێرەدا جگە لە خستنەڕووی چەند ئامار و داتایەک، ستراتیژی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان پێشنیاز دەکەین.

***

نەوت هێشتاش سەرەکیترین سەرچاوەی وزەیە لە جیهاندا و زیاتر لە 35%ی کۆی پێداویستی وزەی جیهان دابین دەکات. ئەو بەرهەمە ستراتیژییە گرنگییەکی تایبەتی بۆ هەردوو بەشی وڵاتانی هەناردەکار و هاوردەکاری نەوت هەیە. وەدەستخستنی نەوت بە ڕێژە و لە کاتی پێویست و نرخی گونجاو بۆ وڵاتانی هاوردەکاری ئەو بەرهەمە کە زۆربەیان وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن پیشەسازین، زۆر گرنگە و هەر کێشەیەک لەو بابەتە کاریگەری خێرای لەسەر پلانەکانی ئابووری و گەشەی ئەوان دەبێت، بۆیە وڵاتانی هەناردەکاری نەوت بەردەوام لە هەوڵدان بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان و ڕکابەریان بۆ زیادکردنی پشکی خۆیان لە بازاڕ، بەتایبەت لە بازاڕی وڵاتانی سەرەکیی هاوردەکار کە ئەوە سەرەڕای هەوڵەکانیانە بۆ ڕاگرتنی باڵانسی بازاڕ و نرخی ئەو بەرهەمە.

ئامانجی سەرەکی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت لە پلانی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و ڕکابەری بۆ بەدەستهێنانی بازاڕ، بریتین لە:

1- بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و فرۆشتنی، داهات و توانای ئابووری وڵاتەکەیان بەرز دەکەنەوە.

2- کۆمپانیا جیهانی و خاوەن تەکنۆلۆجیاکان بۆ وڵات و کەرتی نەوتی خۆیان ڕادەکێشن تاکوو بێجگە لە پتەوترکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە، بتوانن تەکنۆلۆجیای نوێ بۆ کەرتی نەوتی خۆیان بەدەستبێنن.

3- بەرزکردنەوەی پشکی خۆیان لە بازاڕی جیهانیی نەوت و بەتایبەت بازاڕی وڵاتانی پێشکەوتوو.

لە ئەنجامی ئەو پلان و دەستکەوتانە، نە تەنیا ئابووری وڵاتانی هەناردەکاری نەوت دەتوانێت زیاتر بگەشێتەوە و بەهێزتر بێت، بەڵکوو وەبەرهێنان و ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە نەوتی خۆیان دەبەستنەوە و، بۆ ماوەیەکی درێژ خۆیان لە هەڕەشە و کێشەکانی جیهانی دەپارێزن. ڕووسیا و عەرەبستانی سعودی دوو وڵاتی زۆر پێشڕەون لە بابەتی بەکارهێنانی کارتی هەناردەکردنی نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزە بۆ ئەجێندا سیاسییەکانی خۆیان. هەربۆیە وەزیری نەوتی ئێران لە چەند لێدوانێکدا بە ڕاشکاوی گوتی ئەگەر لە ماوەی لاچوونی بەشێکی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران بیتوانیبایە بە خێرایی کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ کەرتی نەوتی ئێران ڕابکێشێت و ئاستی هەناردەکردنی نەوت بۆ چوار ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز بکاتەوە، ئەوە گەڕانەوەی ئابڵوقەی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتەکەی زۆر زەحمەتتر دەبوو.

هەڵبەت داتای بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت لە ماوەی 1970 وەو بەتایبەت پاش 2000 زۆر بە ڕوونی ئەو سیاسەتەی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت پشتڕاست دەکاتەوە:

1- کۆی یەدەکی دۆزراوەی نەوتی جیهان لە ماوەی ساڵانی 2000 بۆ 2018 بڕی 535 ملیارد بەرمیل (46%) بەرز بووەتەوە کە زیاتر لە حەوت ملیارد بەرمیلی لە وڵاتانی ناو ڕێکخراوی ئۆپێک دۆزراوەتەوە.

2-وڵاتانی ناو ڕێکخراوی ئۆپێک لە ماوەی ساڵانی 2000 بۆ 2018 و سەرەڕای کێشە سیاسی و ئەمنییەکان لە بەشێک لەو وڵاتانە وەکوو نیجریا، لیبیا و ڤەنزوێلا کە بووەتە هۆی دابەزینی زیاتر لە سێ میلیۆن بەرمیل بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتانە، بەڵام بەگشتی توانیویانە زیاتر لە چوار ملیۆن بەرمیل ڕێژەی بەرهەمهێنانی خۆیان بەرزبکەنەوە، واتا تەنیا وڵاتانی ئیمارات، سعودیە، عێراق و کوێت توانیویانە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆیان لە ماوەی ساڵانی 2000 بۆ 2018 زیاتر لە حەوت میلیۆن بەرمیل بەرزبکەنەوە.

3- ڕووسیاش لەو ماوەیەی باسکرا، زیاتر لە 4.5 میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا ئاستی بەرهەمهێنانی خۆی بەرزکردووەتەوە و بووەتە یەکێک لە سێ بەرهەمهێنەری گەورەی نەوتی خاو لە جیهاندا.

4- کەنەداش لە ماوەی ساڵانی 2000 بۆ 2018، توانای بەرهەمهێنانی خۆی زیاتر لە ملیۆنێک و 650 هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا بەرزکردووەتەوە و بووەتە سەرەکیترین هەناردەکاری نەوت بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

5- ....

لە ساڵانی 2000 بۆ 2018، تێکڕای توانای بەکارنەهاتووی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ناو ڕێکخراوی ئۆپێک زیاتر لە یەک میلیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بووە. ئەو بڕە لە ساڵانی دابەزاندنی بڕی بەرهەمهێنان کە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان جێبەجێ دەکرا، گەیشتووەتە زیاتر لە پێنج ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا.



هەڵبەت ئەو پلان و ڕکابەریانە تەنیا لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی نەوت نییە و وڵاتانی هەناردەکاری نەوت بۆ دۆزینەوەی کڕیاری نوێ یان زیادکردنی پشکی خۆیان لە بازاڕەکانی وڵاتانی کڕیاری نەوت، ستراتیژی جیاوازی وەکوو داشکاندن، وەبەرهێنانی بەشێک لە داهاتی نەوتەکەیان لە وڵاتانی کڕیار بەکاردێنن تاکوو بتوانن توانای ڕکابەریی خۆیان لە بازاڕەکاندا بەرز بکەنەوە.

واتا وڵاتانی خاوەن یەدەکی نەوت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەدوای پلان و تەکنۆلۆجیا و ستراتیژی نوێوەن بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی خۆیان لەناو بازاڕەکانی جیهانی نەوت بە دۆزینەوەی یەدەکی نوێ، بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و ڕکابەری بۆ فرۆشی زیاتر لەناو بازاڕەکانی جیهان.

### پێگەی نەوتی کوردستان لە بازاڕەکانی جیهان:

بەپێی داتاکان کە پێشتر لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 45 ملیارد بەرمیل نەوتی خاوە، واتا زیاتر لە 2.66%ی کۆی یەدەکی نەوتی جیهان لە هەرێمی کوردستانە. هەروەها زیاتر لە 315 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی لە 2018 بەرهەم هێناوە کە کەمترە لە 0.5% (پێنج لە هەزار)ی کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی جیهان کە زۆر دوورە لە ئاستی یەدەکی هەرێمی کوردستان. واتا کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای هەموو پێشکەوتنە بەرچاوەکانی، بەڵام بەپێی دۆزینەوە و خەمڵاندنی یەدەکی نەوتی خۆی نەیتوانیوە گەشە بکات لە بەرهەمهێنانی نەوت.

پلانی گەیشتن بە ئامانجی بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ ساڵی 2016 و دوو میلیۆن بەرمیل لە ساڵی 2019 تاکوو ئێستا بەهۆی قەیرانی ئابووری و شەڕی دژی تێرۆر و هەندێ کێشەی دیکە وەدینەهاتووە و پلانێکی ڕوونی جێگرەوەش بۆ ئەو ئامانجانە بەردەست نییە، هەروەها ئۆمێدێکی زۆر هەبوو کە پاش بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بۆ سەرەوەی 80 دۆلار، کۆمپانیا نەوتییەکان پڕۆژەکانیان بۆ دۆزینەوە و دەرهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگە و بیرە نەوتییەکانی کوردستان خێراتر بکەن، ئەو هیوایەش تاکوو ئێستا و بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت بۆ ژێر 50 دۆلار لە کۆتاییەکانی 2018 کە لە ئەنجامی ململانێی نێوان سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هەناردەکاری نەوت ڕوویدا، نەبووەتە پلان و ئەنجامی نەبووە، هەرچەندە نرخی نەوتی برێنت گەیشتووەتەوە 66 دۆلار (لە کۆتایی مانگی شوباتی 2018) بەڵام ناتوانێت دڵنیایی تەواو بداتە کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانیان.

### کۆتایی و پێشنیار:

بەپێی بارودۆخی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان و بازاڕی جیهانیی نەوت (بەتایبەت بۆ پێشبینییەکان تا ساڵی 2040)، پێشنیار دەکرێت:

1- بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان بۆ سەرەوەی یەک میلیۆن بەرمیل لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بکرێتە پلانی سەرەکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان.

2- کۆی پلانەکان، ستراتیژییەکان و هەوڵەکان بۆ بەدیهاتنی ئەو پلانە و جێبەجێکردن و دابینکردنی ژێرخان و پێداویستییەکانی بخرێنە کار، وەکوو:

– ئاسانکاری و بانگهێشتی دووبارەی کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ کەرتی نەوتی کوردستان.

– دانانی کۆمپانیا نیشتمانییەکانی کەرتی نەوت کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ مەبەستی سەرەوە و هەروەها خێراترکردنی پرۆسەی سازکردنی ژێرخانی گەشانەوەی کەرتی نەوتی کوردستان.

– گەشاندنەوەی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ پاڵپشتی و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەکنیکاڵ بۆ کەرتی نەوتی کوردستان.

3- بە دانانی سندووقی داهاتی نەوت یان هاوکاری لەگەڵ بانکە جیهانییەکان، پاڵپشتی دارایی و ماڵی پرۆژەکانی کەرتی نەوت بکرێت.

4- جێبەجێکردنی پلانەکان و گەشەپێدان بە میدستریم و داونستریمی کەرتی نەوتی کوردستان (وەکوو زیادکردنی توانای گواستنەوە و خەزنکردن و فرۆشتنی نەوت...)

5- بەردەوامبوون لە دۆزینەوەی کێڵگەی نەوتی نوێ و ڕاگەیاندنی داتای نوێ لەسەر خەمڵاندنی یەدەکی نەوتی کوردستان بۆ هاندانی زیاتری کۆمپانیا جیهانییەکان بۆ کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان.

پێشبینی دەکرێت بە جێبەجێکردنی ئەو پلانە، کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان زۆر خێراتر گەشە بکات و لە ئەنجامدا:

– هیوا بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمپانیا بیانییەکانی ناو کەرتی نەوتی کوردستان بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنیپلانەکانیان.

– بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان.

– گەشانەوەی بەپەلەی ئابووریی کوردستان کە دەتوانێت ببێتە هۆی دابەزینی ڕێژەی بێکاری.

– بەرزتربوونەوەی داهاتی حکومەت و توانای بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ئابووری.

– باشترکردنی پێگەی حکومەتی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهان و لەگەڵ وڵاتانی کڕیاری نەوت.

– بەرزترکردنەوەی توانای حکومەتی هەرێم لە دانوستاندنەکان لەگەڵ بەغدا بۆ مووچە.

– ...

**سەرچاوەکان:**

- وەزارەتی وزەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
- بانکی جیهانی
- ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێک)
- کۆمپانیای بی پی
- ماڵپەڕەکانی بڵاوکردنەوەی نرخی ڕۆژانەی نەوت
- ماڵپەڕی ئەلێف



## نازدار ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاودەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

نازدار جزیری، خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، نوێترین ئەلبوومی گۆرانی خۆی بەناوی "دێ تو وەرە" لە هەولێر بڵاودەکاتەوە. نازدار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای هەوڵ و ماندبوونێکی زۆر توانیمان ئەلبوومێکی گۆرانی ئامادە بکەین، کە لە 12 تراک پێکهاتووە، بەبۆنەی نەورۆز و ئادار بڕیارە لە ڕۆژی 15ی ئادار لە هەولێر بڵاوی بکەینەوە". نازدار دەشڵێت: "ئەلبوومەکەم لەسەر ئەرکی خۆم بەرهەم هێناوە و لە تورکیا تۆمارکردنی میوزیکی بۆ کراوە بە چەند ستایلێک گۆرانیم گوتووە، هیوادارم بەدڵی هەوادارانم بێت".



(فۆتۆ: ڕووداو)

### ئیلهام مەدفەعی، هونەرمەندی ناوداری عێراقی بۆ (ڕووداو):

# گۆرانی من بۆ هەموو تەمەنەکانە

**ئەیوب نووری**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی پێنجشەممەی پێشوو ئیلهام مەدفەعی، گۆرانیبێژ، ئاوازدانەر و گیتارژەنی بەناوبانگی عێراقی گۆرانییەکی نوێی بەناوی "اسکونی یا جرح" بڵاوکردەوە.

مەدفەعی لە دیمانەیەکی تایبەتدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ساڵانێکی درێژ کاری لەسەر ئاوازی ئەو گۆرانییە کردووە. گۆرانییەکە لە شیعرێکەوە سەرچاوەی گرتووە کە 40 ساڵ لەمەوبەر لە کتێبێکدا بەرچاوی کەوتووە و لای خۆی پاراستوویەتی.

مەدفەعی گوتی: "ئەمە یەکێکە لەو ئاوازە خاوەن جەماوەرەی کە لە ساڵانی حەفتاکان دامنا. لە بازاڕ پیاسەم دەکرد، لەسەر شەقامەکە چاوم بە کتێبەکەی عەبدولقاسم ئەلشابی کەوت و بە 100 فلس کڕیم. ئەو کتێبە زۆر سەرنجی ڕاکێشام".

مەدفەعی کە لە ساڵی 1942 لە دایک و باوکێکی کورد لەدایکبووە، تاکە تراکە نوێیەکەی لە سیمینارێکدا لەگەڵ موزیسیەن و هونەرمەندانی کورد لە هەولێر بڵاوکردەوە.

هونەرمەندە عێراقییەکە بەهۆی تێکهەڵکێشکردنی موزیکی نەریتیی عەرەبی لەگەڵ میلۆدی و ئامێرە ڕۆژئاواییەکان ناوبانگی دەرکردووە، بەتایبەتیش گیتار کە لە زۆربەی ئاوازەکانیدا هەیە.

> **هیچ ئاوازێک قەرەبووی لەدەستدانی هاوژینەکەم بۆ ناکاتەوە**

مەدفەعی باسی لەوەش کرد کە سروشتی ڕوحیی شیعرەکە و لایەنی سۆفیگەریی شاعیرەکە یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی مەودایەکی زۆری داهێنانی لە دانانی ئاوازەکەدا لەبەردەست بێ. ئەو هێشتاش ئەو ڕۆژەی لەبیرە کە یەکەمجار بیری لەوە کردەوە شیعری شاعیرە تونسییەکە بکاتە گۆرانی و دەڵێت: "کاتێک یەکەمجار شیعرەکانیم خوێندەوە، شتێک بە مێشکمدا هات. ئەلشابی شاعیرێکی ڕێبازی سۆفیگەرییە و شیعرەکانی وەک بڵێی ڕوحانین، ئەو شیعرەیان تایبەتمەندیی لیریکی هەیە، بەو پێیەش کە شاعیرەکەی سۆفییە مەودای بیرکردنەوەیەکی زۆرت پێدەدات".

ئەو ئاوازە نوێیە لە بەیروت تۆمار کراوە و وەک مەدفەعی دەڵێ، میشێل فازڵ، خاوەنی کۆمپانیای تۆمارکردنی گۆرانی، ئاوازەکەی بەدڵ بووە و لە ئۆکراینا لەگەڵ ئۆرکێستراکی 115 کەسیدا تۆماری کردووە.

خەڵکی سەر بە هەموو تەمەنەکان و گەلانی هەموو جیهان تام لە موزیکی مەدفەعی دەکەن، بە خەڵکی غەیرە عەرەبیشەوە. هونەرمەندە عێراقییەکە دەڵێ: "موزیکی من بۆ هەموو تەمەنەکانە، هەندێکجار سەرم سوڕدەمێنێ کاتێک دەبینم کچێکی تەمەن چوار ساڵ گۆرانی چەل چەل عەلیە ڕومان دەڵێتەوە، کچەکە ئەمریکی بوو، بەڕاستی سەرم سوڕمابوو کاتێک ئەوەم بینی".

بەڵام "اسکونی یا جرح" وەک هیچکام لە گۆرانییەکانی دیکەی نییە، چونکە ئەو گۆرانییە تەواو شەخسییە، دیارییەکە کە پێشکەش بە ڕوحی هاوژینە کۆچکردووەکەی کردووە. ئیلهام مەدفەعی لەبارەی کۆچی خێزانەکەی و ئەو گۆرانییە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەوە (کۆچی هاوژینەکەی) کاریگەریی لەسەرم دانا. من هاوسەرەکەمم لەدەستدا. هەڵبەت ئەمە شتێک نییە کە من بە بۆنەی ئەو ڕووداوەوە گوتبێتم، چونکە هیچ شتێک ناتوانێ شوێنی ڕوحی هاوژینی دووەمم بۆ بگرێتەوە. ڕووداوێکی زۆر ناخۆش بوو کە لەناکاو ڕوویدا".

گۆرانیبێژە عێراقییەکە بە خۆشییەوە یادی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکاتەوە، کاتێک گەنجەکان دڵیان دابووە موزیکەکەی و میراتی کولتووری خۆیانیان لە گۆرانییەکەی ئەودا دەدۆزییەوە.

مەدفەعی لەبارەی ئەو ڕۆژگارەوە دەڵێت، ئەوەیان باسی سەردەمێکە کە بەرەبەرە گەنجەکان دەبوونە جەماوەری موزیکەکەی ئێمە و نەوەی گەنج شتێکی لە میراتی وڵاتەکەی لەناو هونەرەکەی ئێمەدا دەدۆزییەوە. ئەوان بەرەبەرە هەستیان بە مانای ئەو وشانە دەکرد و لەگەڵیان دەکەوتنە سەما".

لای مەدفەعی تێکهەڵکێشکردنی ئامێرە موزیکاڵەکان و میلۆدییەکانی کولتوورە جیاوازەکان وەکو تێکەڵکردنی ڕەنگەکان وایە لە نیگارکێشیدا و یارمەتی خەیاڵی گوێگر دەدات و ڕێگە بۆ دروستبوونی پەیوەندی لە نێوان گۆرانیبێژ و گوێگرەکانی خۆش دەکات.

ئاوازدانەرە عێراقییەکە لەبارەی ستایلی خۆیەوە دەڵێت: "ئەوە شتێکی گرنگە کە بێین و موزیکی عەرەبی و شیعری کلاسیکی یەکبخەینەوە، لە کاتێکدا بۆ نموونە ئامێرێکی وەک گیتاریشی لەگەڵ بێ. ئەمە تەنیا وەک دانانی دوو ڕەنگ لە تەنیشت یەک نییە، بەڵکو وەک ئەوەیە هەزار دەنگی جیاواز لە یەک خولەکدا ببیستی. کەشی گۆرانییەکە دەبێ پێگەی ڕاستەقینەی خۆتت پێ ببەخشێ و ئیدی خەڵک خۆیان لە زمانی جەستەت تێدەگەن".

مەدفەعی لە زۆر وڵات ژیاوە و لە زۆر وڵاتیش کاری کردووە، لە چەند دەیەی ڕابردووشدا موزیکەکەی لەگەڵ خۆی بە هەموو جیهاندا گێڕاوە. ئەو ئێستا لە ئوردن دادەنیشێ و پێشیوایە سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە زۆرەی لە تەکنەلۆژیای دەنگ و ڤیدیۆدا هاتووەتە ئاراوە و ئەو هەمووە کەناڵی تەلەفزیۆنییەش کە کراونەتەوە، کەچی موزیکی عێراقی لە دۆخێکی باشدا نییە.

> **میوزیکی عێراقی لە دۆخێکی باشدا نییە**

هونەرمەندەکە بە خەمێکەوە لەبارەی ڕەوشی ئێستای موزیکی عێراق دەڵێت: "ستۆدیۆ و تەلەڤزیۆن زۆرن، نازانم چەند تەلەڤزیۆن هەن، بەڵام ئاکامەکەیان (بۆ موزیکی عێراق) مایەی دڵخۆشی نییە. دەنگی گەنج هەڵبژێردراون، بەڵام ئەو کاریگەرییەی لەسەر موزیک دروستیان کردووە تێکەڵە، بە جۆرێک ڕەنگی جیاوازی لە خۆگرتووە کە ڕەنگەکان لەگەڵ یەکدیدا ناگونجێن".

خەڵکانێک ڕایان وایە تێکەڵکردنی موزیکی ڕۆژئاوایی لەگەڵ موزیکی عەرەبی مەترسیی ئەوە دروستدەکات کە کولتوورە خۆماڵییەکە هێز و ڕەنگ و بۆنی خۆی لەدەست بدات. بەڵام مەدفەعی لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کۆک نییە و سەرکەوتنی موزیکی خۆی وەک نموونەیەک دەهێنێتەوە.

ئیلهام مەدفەعی دوو جار لەلایەن (بی بی سی)یەوە بۆ خەڵاتی باشترین موزیسیەنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاڵێوراوە، دوو جاریش خەڵاتی پلاتینیومی بۆ سیدییەکانی بەدەستهێناوە. دوایین کۆنسێرتی لە ئالبێرت هۆڵی ئینگتەرا بوو کە تێیدا لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێ موزیسیەنە ئینگلیزەکانیدا یەکیان گرتبووەوە. مەدفەعی لەبارەی ئەو بۆنە هونەرییە گوتی: "دڵخۆش بووم کە لەوێ بووم و ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرە عێراقییانەم پێشکەش کرد".



### هەفتەی داهاتوو لە کوردستانە

# ئاهەنگی ئینسا لە سویسرا به 19 دۆلارە و لە کوردستان بە 150 دۆلارە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو — هەولێر**

زیاتر لە 600 هەزار کەس لایکی پەیجەکەیان کردووە کە بەشێکیان کوردن. ئەو کوردی نازانێ، بەڵام کاتێک وێنەیەک لە پەیجەکەی دادەنێ، بە سەتان کۆمێنتی بە زمانی کوردی بۆ دەنووسرێ. ئەوە ئینسا هاتیای ئەلبانییە کە بەنیازە نەورۆزی ئەمساڵ ئاهەنگێک بۆ هەودارانی لە شاری هەولێر ساز بکات.

ئینسا کچە گۆرانیبێژێکی گەنجی ئەلبانییە، لە کۆتاییەکانی ساڵی 1995 لە تیرانای پایتەختی ئەلبانیا لەدایکبووە، لە ساڵی 2012 وە گۆرانی دەڵێت. بەهۆی سەرنجڕاکێشی ڕوخساری، هەروەها جلوبەرگە و ورووژێنەرەکانی زوو لە وڵاتەکەی و چەند وڵاتێکی دیکە ناسرا، ئینسا گۆرانیبێژی یانەی شەوانەیە، زۆرینەی ئەو ئاهەنگانەی لە وڵاتانی ئەورووپی دەیکات لە کڵەپەکانە،

> بەڕێوەبەری کارەکانی ئینسا:
> **لە نەورۆزدا ئاهەنگێکی پڕ چێژ لە هەولێر ساز دەکەین**

بڕیار وایە شەوی نەورۆز، ئاهەنگێکی تایبەت لە شاری هەولێر ساز بکات، هاتنی ئەم گۆرانیبێژە، یان ئەم ئەستێرە گەنجە بۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان، دەنگدانەوەی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە.

لۆرێنس، بەڕێوەبەری کارەکانی ئینسا هاتیا لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، سازکردنی ئاهەنگەکەی هەولێری پشتڕاست کردەوە. ئەو نایەوێت هیچ زانیارییەک لەبارەی ناوەڕۆکی گرێبەستەکە ئاشکرا بکات و تەنیا دەڵێت: "بەڵێ ئێمە گرێبەستمان هەیە بۆ سازکردنی ئاهەنگێک لە هەولێر. دەمانەوێت ئاهەنگێکی تایبەت و بە چێژ پێشکەش بکەین".

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی هەفتەنامەی (ڕووداو) کردوویەتی، دوایین ئاهەنگی ئینسا هاتیا لە یانەیەکی شەوانە بووە لە سویسرا. ئاهەنگەکە بە هاوبەشی بووە لەگەڵ چوار گۆرانیبێژی دیکە و نرخی چوونە ژوورەوە 20 فرانکی سویسری بووە کە دەکاتە 23 هەزار دیناری عێراقی، یاخود کەمتر لە 20 دۆلار، بەڵام نرخی بلیت لە ئاهەنگەکەی ئینسا لە هەولێر لە 150 دۆلارەوە دەستپێدەکات.

خاوەنی کۆمپانیایەکی ڕێکخستنی ئیڤێنت لە هەولێر کە ساڵی ڕابردوو پلانی هەبووە ئەم گۆرانیبێژە بانگهێشتی کوردستان بکات، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە ساڵی ڕابردوو گفتوگۆمان لەگەڵ کرد بۆ ئەوەی بۆ ئاهەنگێک بانگهێشتی هەولێری بکەین، چونکە ئینسا خاوەنی هەوادارێکی زۆرە و گەنجان لێرە حەزیان لێیەتی، ئینسا بۆ هاتنی بۆ هەولێر 30 هەزار دۆلاری دەویست، لەگەڵ شەش بلیتی فڕۆکە کە دوویان بزنس کلاس بن، هەروەها هۆتێلی پێنج ئەستێرە بۆ مانەوەی خۆی و ستافەکەی".

> خاوەنی کۆمپانیایەک:
> **ئینسا بۆ هاتنی بۆ هەولێر داوای 30 هەزار دۆلاری دەکرد**

خاوەنی کۆمپانیاکە دواجار لەگەڵ ئینسا نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن و دەڵێت "تەنیا خەرجیی هاتنی ئینسا و چوونەوەی زیاتر لە 60 هەزار دۆلاری تێدەچوو".

گەنجان لە سۆشیال میدیا سەبارەت بە بابەتی بانگهێشتکردنی ئەم گۆرانیبێژە بۆ کوردستان بوونەتە دوو بەرە، زۆرینەی لاپەڕەکانی فەیسبووک بە توانجەوە باس لە هاتنی دەکەن، گەنجانیش لە کۆمێنتەکان بوونەتە دووبەش، زۆرینەیان ڕەتیدەکەنەوە و بەپێویستی نازانن، بەشێکیشیان پێیانوایە کە پایتەختێکی وەکو هەولێر پێویستی بە دەیان ئاهەنگ و کۆنسێرتی لەمشێوەیە هەیە.

زۆرینەی کۆمێنتەکان لە سۆشیال میدیا دژی هاتنی ئینسان، بەڵام محەممەد فەخرەدین کە گەنجێکی شاری هەولێرە و حەزی بە ئاهەنگی شەوانەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەگەر ئەم ئاهەنگە لەلایەن کەرتی تایبەت ڕێکخرابێت، بە کارێکی باش و پێویستی دەزانم، چونکە بەشێکی گەنجان حەزیان لە ئاهەنگی شەوانەیە و حەز دەکەن بچنە دەرەوە، گەنجان پارەکانیان لە ئیستەنبوڵ و بەیروت و دوبەی لە یانەکان خەرج دەکەن، ئەگەر ئاهەنگ و ئیڤێنتی لەم شێوەیە لە هەولێر ڕێکبخرێت، ئەوا پارەکانمان لە هەولێر خەرج دەبن و لە بواری گەشتیاریش سوودی زۆری هەیە، چونکە هەولێر پایتەختە، خەڵکی بیانی و گەشتیاری زۆری لێ دەژین، پێویستی بە هەموو جۆرە ئاهەنگێکە، لە هەموو وڵاتانی دونیاش ئاهەنگی لەم شێوەیە هەیە.

> گەنجێک:
> **باشترە پارە لە ئاهەنگەکەی ئینسا خەرج بکەین نەک لە ئاهەنگەکانی ئیستانبوڵ**

### ئینسا هاتیا کێیە؟

ئینسا، ناوی تەواوی ڕوێنسایە، ساڵی 1995 لە دایکبووە و خەڵکی ئەلبانیایە. لە تەمەنی 15 ساڵیدا دەستیکردووە بە گوتنەوەی گۆرانیی گۆرانبێژانی دیکە و لە ڕێگەی پارچە ڤیدیۆ بڵاوی کردوونەتەوە. ساڵی 2012 لە تەمەنی 17 ساڵیدا یەکەم گۆرانی بەناوی The Best of بڵاوکردەوە. ساڵی 2016 بەربژێر کراوە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین گۆرانیبێژی کچ لە ئەلبانیا. تا ئێستا چوار خەڵاتی بەدەستهێناوە. ساڵی ڕابردوو دوایین کلیپی گۆرانی بەناوی Rendez Vous بڵاوکردووەتەوە.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (546) - دووشەممە 2019/3/11




## ژنێکی کورد ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی بیانییەکانی شارەوانی بۆخۆمە

**ڕووداو- ئەڵمانیا**

ژنێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کە لەگەڵ هاوژینەکەی لە شاری بۆخوم دەژی، پۆستێکی باڵا لە شارەوانیی شارەکەی وەردەگرێ. خوناف هاجۆ ژنێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە و ماوەی 40 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی، لەلایەن شارەوانی بۆخۆم بە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی بیانییەکانی شارەکە هەڵبژێردراوە. خوناف حاجۆ کە ماوەی پێنج ساڵە بووەتە ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی بیانی شارەوانی لە هەوڵدایە تا بتوانێ لە ڕێگەی پۆستەکەیەوە یارمەتی ڕەوەندی کوردی لە ئەڵمانیا بدات و لەو پڕۆژانەی کە بۆ پەنابەران دابینکراون پشکی شێر بۆ هاووڵاتیانی بێت.

### وەزارەتی ناوخۆی وڵاتەکە دژی بڕیارەکەیە

# بەلجیکا: پەکەکە تیرۆریست نییە

**ڕووداو- بەلجیکا**

دادگای برۆکسەل داوایەکی وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکا ڕەتدەکاتەوە و بڕیاردەدات کە "پەکەکە تیرۆریست نییە". هەروەها ڕەتیدەکاتەوە میدیای نزیک لە پەکەکە لە بەلجیکا دابخات و 35 کەسایەتیی کوردی سەر بە پەکەکە کە لە بەلجیکا و وڵاتانی ئەوروپا دەژین وەک تیرۆریست بناسێنێ.

### شەڕی نێوخۆیی

ڕۆژی 2019\3\8 لە شاری برۆکسەلی پایتەختی بەلجیکا دادگای شارەکە بڕیارەکەی ڕاگەیاند. دانیشتنەکەی دادگا بۆ لێکۆڵینەوە بوو لە سکاڵا و داواکارییەکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدراڵیی بەلجیکا. وەزارەتەکە سکاڵای لەسەر 35 کەسایەتیی کورد و دوو کۆمپانیای سەر بە پەکەکە کە کاری میدیایی دەکەن تۆمارکردبوو و بەوە تۆمەتباری کردبوون کە "پەیوەندییان بە گرووپێکی تیرۆریستییەوە هەیە و کاری بۆ دەکەن". بەڵام لە بڕیاری دادگای برۆکسەلدا هاتووە کە شەڕی پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا "شەڕێکی نێوخۆیی"یە، بۆیەش ناکرێ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێندرێ.

### ناسنامەی ساختە

لەنێو ئەو کەسانەی کە لە سکاڵانامەکەی وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکادا ناویان هاتبوو هەریەکە لە ڕەمزی کارتاڵ و زوبێر ئایدار هەبوون کە لە سەرکردە سەرەکییەکانی پەکەکە لە ئەوروپا دەناسرێن و لە دانوستاندنەکانی ئۆسلۆشدا کە ساڵانی ڕابردوو لەنێوان دەوڵەتی تورکیا و پەکەکەدا بەڕێوەچوون، هەردووکیان وەک لایەنی پەکەکە ڕۆڵ و ئامادەگییان هەبووە. وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکا داواشیکردبوو کەناڵی مێزۆپۆتامیا کە لە شارۆچکەی (دێندەرلێو)ی بەلجیکییەوە پەخشدەکات ڕابگیرێت و ئەو کۆمپانیایانەی لە پشتین دابخرێن. وەزارەتەکە پەکەکە و ئەو کەسایەتییانە و کەناڵە تەلەڤیزیۆنییەکەشی بەوە تۆمەتبار کردووە کە جگە لە پڕوپاگەندەکردن بۆ پەکەکە "لەسەر خاکی بەلجیکا ناسنامەی ساختە دروستدەکەن و بازرگانیی پێوەدەکەن. هەروەها پارە کۆدەکەنەوە و بەزۆر و بە توندوتیژی لە خەڵکی سیڤیل و بازرگانانی دەستێنن". هەروەها وەزارەتەکە پەکەکەی بەوەش تۆمەتبارکردووە کە "گەنجان لە ئەورووپاوە دەباتە کەمپەکانی مەشقکردن لە ڕۆژهەڵاتی بەلجیکا و یۆنان و عێراق و ئامادەیان دەکات بۆ شەڕی چەکداری".



دادگای برۆکسەل دەڵێت شەڕی پەکەکە و تورکیا شەڕێکی نێوخۆییە

### تێهەڵچوونەوە

دانیشتنەکەی ڕۆژی هەینیی ڕابردووی دادگای برۆکسەل یەکەمین دانیشتن نییە کە دادگاکە لەسەر ئەو دۆزە دەیکات. پێشتریش دادگاکە هەمان بڕیاری دابوو، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکا پێی ڕازی نەبوو و پەنای بۆ دادگای باڵا کرد بۆ تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە. بە بڕیاری دادگای باڵا، دادگای برۆکسەل سەرلەنوێ دانیشتەوە و جارێکی دیکەش بڕیارەکەی دووبارەکردەوە کە "پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نییە". دادگاکە ڕایگەیاندووە کە ڕاستە شەڕی پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا شەڕێکی چەکدارییە، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی یاساکانی تایبەت بە تیرۆریزمەوە. دادگاکە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە "پەکەکە و لەگەڵیدا هەپەگەش هێزی چەکداری نادەوڵەتین و بەشدارن لە شەڕێکی نانێودەوڵەتیی درێژخایەندا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، بۆیە دەکرێ بەپێی یاساکانی جەنگ مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا بکرێ کە لەنێو خاکی تورکیا و وڵاتانی هاوسنووری ڕوودەدەن".

### "ئەندامێتیی پەکەکە تاوان نییە"

هەرچەندە وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکا جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەکەکە و ئەو کەسانەی سەر بە پەکەکەن لەنێو خاکی بەلجیکا چالاکیی نایاساییان کردووە و بنەمای سکاڵا و داواکەی ئەویش هەر لەسەر ئەو چالاکییانەیە، بەڵام دادگاکە ڕایگەیاندووە "هۆکاری پێویست نەدۆزرایەوە بۆ ئەوەی بڕیاربدرێت پەکەکە و هەپەگە لە دەرەوەی ئەو ناوچەیەی شەڕی تێدادەکەن کردەوەی تیرۆریستییان کردووە". هەربۆیەش وەک دادگاکە باسیکردووە "لەبەر ئەو هۆیە بەپێی یاسای سزاکانی بەلجیکا ناکرێ بەشداریکردن لە چالاکییەکانی پەکەکە و هەپەگە و وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا سزای لەسەربێ".

> وەزارەتی ناوخۆی بەلجیکاسکاڵای لەسەر 35 کەسایەتی سەر بە پەکەکە تۆمارکردبوو

### پەکەکە و لیستی تیرۆر

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پارتێکی کوردی باکوری کوردستانە لە ساڵی 1978 وەکو پارتێکی مارکسی – لینینی دامەزراوە. یەکەم کۆنگرەی خۆی لە 1987/11/27 لە گوندی فیسی سەر بە قەزای لیجە لە ئامەد، بە بەشداریی 23 ئەندام بەست. لە ساڵی 1984 هێزی ڕزگاریی کوردستان (هەرەکە)ی دامەزراند و لە 15ی ئابی 1984دا شەڕی چەکداری لە دژی سوپا و حکومەتی تورکیا لە شەمزینان دەستپێکرد. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە لایەن چەند دەوڵەت و ڕێکخراوێکەوە بە "تیرۆریست" ناسێنراوە، لەوانە ئەمریکا، ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا، کەنەدا، ئوسترالیا، نیوزلەند، ژاپۆن، کۆماری چیک، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، ئیسپانیا، نەمسا، ئازەربایجان، بەریتانیا و چەند وڵاتێکی دیکە.

### ئێستا لە گرتووخانەی سووسێیە

# تورکیا کۆچبەرێکی کورد بە 34 ساڵ بەندکردن سزا دەدات



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دوازدە ساڵی تەمەنی لە گرتووخانەکانی تورکیادا بەسەر بردووە، ئێستاش هێنراوەتەوە گرتووخانەی سووسێ بۆ تەواوکردنی حوکمەکەی، بەڵام کاروان خۆی بەبێ تاوان دەزانێ و دەڵێ تورکێک تاوانی کردووە و ئەویان دەستگیر کردووە.

کاروان ساڵی 2006 لەگەڵ خێزانەکەی ڕێگەی کۆچ دەگرنە بەر، ئەوکات تەمەنی 17 ساڵان بووە، بەڵام لە ئەنقەرە تووشی کێشەیەک دەبێ و دەکەوێتە زیندان.

کاروان باسی ئەو کێشەیە دەکات کە زۆربەی تەمەنی گەنجێتی لێبرد و دەڵێت: "ڕۆژی 2006/6/6 چەند گەنجێکی تورک لە ئەنقەرە کە زانییان کوردم گێچەڵیان پێکردم. قسەی ناشیرینیان بە کورد گوت، بووە دەمەقاڵێمان و لێیاندام و سەرمیان شکاند، هەموو گیانم ببوو بە خوێن، منیش ئەوەندەی توانیم بەرگریم لە خۆم کرد و لێمدانەوە، دوای شەڕەکە چوومەوە ماڵەوە تاوەکو جلە خوێناوییەکانم بگۆڕم و بچمە نەخۆشخانە، بەڵام پۆلیس هاتن لە ماڵەوە دەستگیریان کردم".

کاروان ڕەوانەی دادگا دەکرێ و وەکو خۆی دەڵێ، دادوەر بڕیارێکی قورسی بەسەردا دەسەپێنێ: "منیان بردە دادگا و لەوێ 9 تۆمەتیان خستە پاڵم، گوایە من لە خەڵکم داوە، مۆبایل و پارەم لێسەندوون، گوتم من گێچەڵم پێکراوە و لێیانداوم، وتەکانیشیان گۆڕیبووم و نووسیبوویان کە من بە چەقۆ لێمداون و چەکم پێبووە. دواتر سکاڵاکەرەکانیان هێنایە نێو هۆڵی دادگا، ئەوان گوتیان ئەوە ئەو کەسە نییە کە لە ئێمەی دا، چونکە ئەو کەسێکی باڵابەرز بوو، بەڵام دادوەرەکە گوێی بە قسەی سکاڵاکارەکان نەدا و بڕیاری 34 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرکردم".

کاروان دەڵێت: "بە دادوەرەکەم گوت ئێوە منتان بەهەڵە گرتووە، چونکە من ئەو کارانەم نەکردووە و سکاڵاکەرەکان ناناسم، ئینجا ئەو سزایەی بۆ منتان داناوە لە یاسای تورکیادا نییە کە هەرزەکارێکی 17 ساڵان بە 34 ساڵ بەندکردن سزا بدرێ لەسەر شەڕێک".

کاروان باسی ڕەوشی خۆی لەنێو زیندانەکانی تورکیا دەکات و دەڵێت: "تاوەکو 2018/8/30 لە گرتووخانەکانی تورکیا بووم. 10 ساڵ لە ئەنقەرە لەنێو زیندانێکدا بووم، دواتر گواسترامەوە بۆ زیندانی یەکێک لە شارە کوردییەکان. ئینجا بۆ زیندانی مەتریس لە ئیستەنبوڵ. لەنێو زیندان زۆر ئەشکەنجەیان دام، نەیاندەهێشت بە کوردی قسە بکەم، دەیانبردمە ژووری تاکەکەسی، هەندێکجاریش فڕێیاندەدامە ژوورێکی تاکەکەسی بچووک کە ڕەنگی شین بوو، دەروونی مرۆڤی تێکدەدا یان دەیانبردمە نێو هۆڵێک کە تورک بوون و پێیاندەگوتن لێی بدەن".

> من لە جیاتی تورکێک لە زیندانم
> کاروان

دایک و خوشکەکەی کاروان زۆر هەوڵیانداوە سەردانی بکەن، بەڵام بەدەگمەن توانیویانە بیبینن، نەسرین عەبدولڕەحمان، 75 ساڵ کە دایکی کاروانە، پێیوایە کوڕەکەی بێتاوانە.

ئەو دەڵێت: "کوڕەکەمیان لەبری پیاوێکی تورکی خەڵکی ئورفە گرتبوو، ئەو کێشەی لەگەڵ چەند کەسێک هەبوو، بەڵام بەسەر کوڕەکەی منیاندا هێنا و کەس نەبوو کوڕەکەم لە زیندان ڕزگار بکات، نەشیاندەهێشت سەردانی بکەم، هەزارجار دەریاندەکردم، بەڵام هەر دەچوومەوە، جارجار ڕێگەیان دەدام چەند خولەکێک بیبینم، زۆر ئەشکەنجەیان دەدا لە زیندان. ئەوکاتەی گیرا تەمەنی بچووک بوو، دەیگوت دایە من هیچم نەکردووە و تەمەنیشم کەمە، بۆیە زوو ئازادم دەکەن".

دایک و خوشکەکەی کاروان ناتوانن لە تورکیا بمێننەوە و دوای ماوەیەک دەگەڕێنەوە هەولێر، بەڵام دایکی بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ ڕزگارکردنی. ئەو دەڵێ: "سەر و ماڵم لەسەر ئەو کوڕە دانا، پارەم قەرز دەکرد دەچوومە تورکیا بۆ بینینی کوڕەکەم، نەیاندەهێشت بیبینم، دەمگوت کوڕەکەم منداڵە، خۆ زیندانی سیاسی نییە بۆ ناهێڵێن بیبینم".

کاروان نزیکەی 6 مانگە لەڕێگەی پۆلیسی ئینتەرپۆلەوە ڕەوانەی عێراق کراوەتەوە. ئەو دەڵێ: "لە 2018/8/31 پۆلیسی ئینتەرپول منیان هێنایەوە بۆ عێراق. سێ مانگ و نیو لە زیندانێکی بەغدا بووم. دواتر لە مانگی 12ی 2018 گواسترامەوە بۆ سووسێ".

ساڵی 2016 بەشێک لە حوکمەکەی کاروان کەم کرایەوە و بەر لێبوردنی گشتی کەوت، بەڵام کێشەکەی ئەوەیە تەنیا بڕیاری دادگایان ناردووەتەوە بۆ عێراق نەک هەموو دۆسیەکەی. کاروان دەڵێت: "هەموو بەڵگەکانم لەلایە کە کەیسەکەی من بەم شێوەیە نییە و بۆم دروستکراوە، تەنانەت بڕیاری لێبووردنی گشتییەکەشی لەگەڵ نییە".

گوتیشی: "کە هێنایانمەوە بۆ عێراق سزاکەمیان کەمنەکردەوە، ئەگەر لە تورکیا بمابامەوە 4 مانگ پێش ئێستا ئازاد دەکرام بەپێی ئەو حوکمەی درابووم، لە زیندانی سووسێ چاوەڕێی بڕیاری بەغدان تاوەکو ئازادم بکەن، بەڵام بەغدا بڕیار نادات، شەش مانگە دادگاییش ناکرێم، ئەگەر ئەم دۆسیەی من لە دادگا تەسدیق بکرێ بەپێی یاسای عێراقی و تورکیش ئازاد دەکرێم، بەڵام کەس لێم ناپرسێتەوە".

کاروان پێیوایە ئەم چەند ساڵە بەتەنیا خۆی لە زیندان نەبووە و دەڵێت: "دایکم و خوشکەکەشم زیندانی بوون، چونکە ئەوان لەماوەی ئەو 12 ساڵەدا وەکو سزادراو لە ماڵەوە نەهاتنە دەرەوە، خوشکەکەم کە تەمەنی 40 ساڵانە لە خەفەتی من تووشی نەخۆشی شەکرە بووە".

خانەوادەی کاروان هەرچی کە هەیانبوو بۆ ڕزگارکردنی خەرجیانکردووە. نەسرین عەبدولڕەحمان کە مامۆستا بووە و 10 ساڵە خانەنشین کراوە، دەڵێ: "هەرچی سەروەت و سامان و مووچەی خانەنشینیم بوو بۆ ئازادکردنی خەرجمان کردووە، ئێستاش هیچمان نەماوە. شەش مانگە هێناویانەتەوە، بەڵام بەهۆی هەژارییەوە تەنیا دوو جار توانیومە بچمە لای".

ئەو گەنجە داوای بەهاناوەچوون دەکات و دەڵێ: "داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا، هەروەها مافی مرۆڤ و پارێزەرە خۆبەخشەکان دەکەم بەهانامانەوە بێن، بە بەڵگەوە دەیسەلمێنم لە تورکیا چ زوڵمێک لە خەڵکی کورد دەکرێت و چۆن ژیانی منیان فەوتاند".

ژنان
ڕووداو
ژمارە (546) - دووشەممە 2019/3/11



## پزیشکێکی کورد سێ خەڵاتی نێودەوڵەتی وەرگرت

**ڕووداو- دهۆک**

پزیشکێکی باشووری کوردستان سێ خەڵاتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە چارەسەرکردنی پزیشکی ڕزگاربووانی دەستی داعش وەرگرت. د. ەغەم نەوزاد لە دوای هێرشی داعش نۆرینگەکەی لە دهۆک بەجێهێشت بۆ ئەوەی یارمەتی پزیشکی و دەروونی ئەو کەسانە بدات کە لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە. ئەو تاوەکو ئێستا چارەسەری پزیشکی داوەتە زیاتر لە هەزار و 200 ڕزگاربووی دەستی داعش و زۆربەی کاتەکانیشی لەگەڵ ئەو ژنانە بەسەر دەبات کە لەلایەن داعشەوە کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە. بەگوتەی د. نەغەم نەوزاد، هەندێک لە ڕزگاربووان زیاتر لە 25 جار کڕین و فرۆشتنیان پێکراوە.

# بە پیلانی ژنەکەی کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

> بکوژ:
> ژنەکەی فەرمان هەڕەشەی لێکردم ئەگەر مێردەکەی نەکوژم ڤیدیۆکانم بڵاودەکاتەوە

20 ساڵ بوو پێکەوە دەژیان، کەچی دەستی لەگەڵ گەنجێک تێکەڵ کرد کە 13 ساڵ لە خۆی بچووکترە، دواتر بە پیلانێکی هاوبەش لەگەڵ گەنجەکە، مێردەکەی لەبەردەمی ماڵەکەیدا کوژرا.

شەوی 2019/3/4 پیاوێک بەناوی فەرمان ئیبراهیم، دانیشتووی گەڕەکی هاوکاریی شاری هەولێر، لەبەردەم ماڵەکەیدا کوژرا، بۆ بەیانی هەواڵەکەی لە میدیاکانەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام کەس نەیدەزانی ئەو پیاوە بۆچی کوژراوە و بکوژەکە کێیە. دوای چەند ڕۆژێکی کەم پۆلیس بکوژەکەی دۆزییەوە و دەستگیری کرد.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "توانیمان لەڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە ئۆتۆمبێلی بکوژەکە بدۆزینەوە، پاشان بکوژەکە دەستگیر بکەین".

ڕائید هۆگر هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوەی ئاشکرا کرد و گوتی: "ڕووداوەکە بەهۆی پەیوەندی نێوان هاوژینی کوژراوەکە و بکوژ بووە. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ژنەکەش دەستی لە تاوانەکەدا هەیە، بۆیە ئەویش دەستگیر کرا، لەکاتی دەستگیرکردنیشیدا چەند سیمکارتێک و هەندێ نوشتە لەنێو جانتاکەی دۆزرانەوە".

(پ) تەمەنی 12 ساڵان بووە کە لەلایەن باوکییەوە بە زۆر لە کەسێک مارە کراوە بە گوتەی خۆی لە تەمەنی باوکیدا بووە، بەڵام لەگەڵی نەگونجاوە و لێی جیابووەتەوە. پاشان شووی بە فەرمان ئیبراهیم کردووە. کەچی دوای 20 ساڵ پێکەوەبوون بە پیلانێک کوشتی.

(پ.م) کە تەمەنی 38 ساڵە، بە (ڕووداو)ی گوت: "منداڵ بووم درام بە پیاوێک تەمەنی باوکمی هەبوو. بە بینینی ئەو پیاوە توندوتیژە زۆر بێتاقەت دەبووم، دوای ئەوەی کچێکم بوو، لێی جیابوومەوە. بۆ جاری دووەم بەبێ ئەوەی پرسم پێ بکرێ بەشوویان دامەوە، سێ منداڵم لە فەرمان هەبوو، بەڵام هیچ خۆشییەکم لەو هاوسەرگیرییە نەبینی".

(پ) پەیوەندی لەگەڵ (د) دادەنێ کە 13 ساڵ لە خۆی بچووکترە. لەبارەی ناسینی ئەو گەنجەوە دەڵێت: "ساڵێک پێش ئێستا کوڕەکەمم برد بۆ سەرتاشخانە، ئەو گەنجەم لەوێ بینی، گەنجێکی قۆز بوو. ژمارە مۆبایلەکەی خۆی بۆ هەڵدام و منیش هەڵمگرتەوە. عاشقی بووم، پێشتر وامدەزانی من بەس ئامێرێکم ماڵ پاک دەکەمەوە و منداڵ دروست دەکەم، بەڵام هەستم دەکرد (د) قەرەبووی سەردەمی گەنجێتم بۆ دەکاتەوە".

بەگوێرەی زانیارییەکانی پۆلیس، (پ) و (د) پێکەوە پلانی کوشتنی فەرمانیان داناوە. لەو کاتەی فەرمان لە دەرەوە بووە و ویستوویەتی بگەڕێتەوە ماڵەوە، (د) چاودێری کردووە، تاوەکو گەیشتووەتە بەر دەرگای ماڵەوە، ئیدی لەوێ بە دەمانچە تەقەی لێکردووە و سێ گوللەی لێداوە.

(د) دوای کوشتنی فەرمان هەڵدێت و خۆی دەشارێتەوە، بەڵام پۆلیس لە ڕێگەی کامێرای چاودێرییەوە شوێنەکەی دەدۆزێتەوە. کاتێکیش (د) لەبەردەمی پۆلیس دان بەوەدا دەنێت کە بۆچی فەرمانی کوشتووە، باوکی هەر لەوێ حاشای لێدەکات.

(د) لەبارەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ (پ) بە (ڕووداو)ی گوت: "من لە هیچم کەم نەبوو، بەڵام کەوتمە ژێر کاریگەری خۆشەویستی ئەو ژنەوە، ئەگەرچی ئەو 13 ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو، بەڵام زۆر کەسێکی ئارەزووباز بوو. زۆر هانی دەدام بەردەوام بم لەگەڵی. زۆر حەزی لە من بوو. منیش بیرم لە تەمەن و جوانی و ناشیرینی نەدەکردەوە، ئەو جادووی لە من کردبوو، بۆیە منیش تەواو هۆگری ببووم و هەرچییەکی بگوتایە ڕەتمنەدەکردەوە، تا ئەوەی هاوژینەکەی خۆشی پێ بەکوشتندام".

کاتێک (ڕووداو) لە (د)ی پرسی لە کوشتنی فەرمان پەشیمانی؟ ئەو دەستە کەلەپچەکراوەکانی بۆ چاوەکانی برد تاوەکو فرمێسکەکانی بسڕێت: "ئەوەی نەدەبوو ببێت ڕوویدا، تازە پەشیمانی هیچ سوودی نییە. کەسێکم کوشت نە دەمناسی، نە ئاگاداری ئەوەش بوو پەیوەندیم لەگەڵ ژنەکەیدا هەیە، بەڵام لەژێر هەڕەشەی (پ)دا فەرمانم کوشت، چونکە ئەو پێیگوتم دەبێت فەرمان بکوژیت بۆ ئەوەی تاهەتایە بەیەکەوە بین، ئەگینا گرتەی ڤیدیۆیی کاتی پێکەوەبوونمان بڵاودەکەمەوە".

بەگوتەی (د) منداڵەکانیشیان ئاگاداری پەیوەندی نێوانیان بوون، هەر کاتێک دەچوو بۆ لای، منداڵەکان دەچوونە ژوورێکی دیکە. (ش) تەمەن 17 ساڵ و کچی گەورەی (پ)، دەڵێ: "ئێمە بە پەیوەندییەکەی ئەوانمان دەزانی، بەڵام دایکم دەیگوت ئەگەر ئاشکرای بکەن خۆم دەسووتێنم، بۆیە لەترسی خۆسووتاندنی دایکم بێدەنگ بووین".

فەرهاد ئیبراهیم، برای فەرمان، دەڵێت هیچکات گومانی خراپیان لە (پ) نەبووە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "کە براکەم کوژرا گومانمان لە کەس نەکرد، چونکە براکەم کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، بۆ ماڵ و منداڵی خۆی بێوێنە بوو، ژنەکەشی لە هیچی کەم نەبوو، چی گوتبایە فەرمان بە قسەی دەکرد، بۆیە سەرمان سوڕماوە چۆن توانیویەتی ناپاکی لەو پیاوە بێتاوانەی بکات و بەکوشتیشی بدات".






بکوژی فەرمان ئیبراهیم دەڵێت لەژێر هەڕەشەی هاوژینی فەرماندا ئەو تاوانەی کردووە

# پیاوانی دهۆک بۆ هێنانی ژنی دووەم دەچنە شێخان

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

> پیاوان لە هەولێر و سلێمانییەوە دێن بۆ دادگای شێخان
> پارێزەرێک لە دادگای شێخان

ماوەی ساڵێک بوو بە ژنەکەی دەگوت گوایە لە دەرەوەی وڵاتە. تا ڕۆژێکیان هاوژینەکەی لە بازاڕێکی شاری دهۆک لەگەڵ ژنێکی دیکە دەبینێ، ئیدی ئاشکرا بوو کە بە دزی ئەوەوە ژنێکی دیکەی مارە کردووە. ئەمە یەکێکە لەو دەیان کەیسەی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە دهۆک کە بە کەیسی "مارەکردنی ژن بە نهێنی" ناودەبرێن.

مارەکردنی ژنی دووەم بە نهێنی و بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەم لە دادگای شێخان خەریکە دەبێتە دیاردە، تەنیا ساڵی ڕابردوو 10 ژن هانایان بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان بردووە، دوای ئەوەی ئاشکرا بووە مێردەکانیان بە نهێنی ژنی دووەمیان مارە کردووە.

پەرلەمانی کوردستان ساڵی 2008 یاسای باری کەسێتی عێراقی هەموار کردووە کە بە یاسای ژمارە 188ی ساڵی 1959 ناسراوە، بە گوێرەی هەموارەکە ڕێگەدان بۆ هێنانی ژنی دووەم مەرجدار کراوە، بەڵام ئێستا زۆر لە پیاوان بۆ هێنانی ژنی دووەم پەنا بۆ دادگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەبەن. لە بادینانیش دادگای شێخان کە سەر بە حکومەتی عێراقە، کورتترین ڕێگایە بۆ پیاوان.

موقەددەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە دهۆک باسی کێشەکانی دادگای شێخان دەکات و دەڵێت: "کێشەی ئەو دادگایە ئەوەیە کە لە ئێمەوە نزیکە و بە یاساکانی عێراق کار دەکات، زۆر خەڵک بۆ هێنانی ژنی دووەم پەنا بۆ ئەو دادگایە دەبەن، ئێستا ئەمە خەریکە دەبێتە دیاردە".

یەکێک لەو حاڵەتانەی کە ئێستا زۆر بووە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانیش دەمێکە هەستی پێکراوە، هێنانی ژنی دووەمە بە نهێنی.

موقەددەم ئارام دەڵێت: "ئێستا هەندێک پیاو فێربوون بە نهێنی ژنی دووەم دێنن، ژنەکە دەبەنە شوقەیەک یان خانوویەک لە دەرەوەی شار، هەفتانە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ بە بیانووی سەفەرکردن بۆ هەولێر دەچێتە لای ژنە تازەکەی، یان بە ڕۆژ لەلای ژنە تازەکەیەتی و بە شەویش دەچێتەوە لای ژنە کۆنەکەی".

تەنیا ساڵی ڕابردوو 10 ژن دوای ئەوەی ئاشکرا بووە مێردەکانیان بەدزییەوە ژنی دووەمیان هێناوە، پەنایان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بردووە.

> 10 کەیسمان لەلایە کە بە نهێنی ژنی دووەمیان هێناوە
> موقەددەم ئارام ئەحمەد

موقەددەم ئارام باسی یەکێک لەو کێشانە دەکات کە بەلای ئەوەوە زۆر سەرنجڕاکێش بووە و دەڵێت: "پیاوێک کە دانیشتووی شاری دهۆکە، زیاتر لە ساڵێکە لەلای کەسوکارەکەی گوتوویەتی دەچێتە دەرەوەی وڵات، تەلەفۆنەکەشی داخستبوو تەنیا لە ڕێگەی ڤایبەرەوە قسەی لەگەڵ ژنەکەی دەکرد. ئەو ژنە ڕۆژێک لە بازاڕ بە ڕێکەوت هاوژینەکەی دەبینێ لەگەڵ ژنێکی دیکەیە و منداڵێکیشیان پێیە، لەوێ دەردەکەوێ کە ئەو پیاوە سەفەری نەکردووە، بەڵکو بە نهێنی ژنی دووەمی هێناوە. دۆسیەی ئەو ژن و پیاوە لەلای ئێمەیە و هێشتا یەکلانەبووەتەوە".

بەپێی یاسای باری کەسی، هەر کەسێک گرێبەستی هاوسەرگیری بۆ زیاتر لە ژنێک بکات، لە کاتێکدا ژنی یەکەمی هیچ کێشە و نەخۆشییەکی نەبێ، سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێ. هەروەها بە 10 ملیۆن دیناریش غەرامە دەکرێ.

خەیرییە ساڵح کە 15 ساڵە پارێزەرە لە دادگای باری کەسی شێخان، دەڵێت: "مارەکردنی ژنی دووەم لە دادگای شێخان بە بەراورد بە ڕابردوو زۆر زیادی کردووە. تەنانەت خەڵک لە هەولێر و سلێمانی و شوێنەکانی دیکەشەوە بۆ مارەکردنی ژنی دووەم دێنە دادگای شێخان".

خەیرییە هەروەها دەڵێت: "بەو پێیەی دادگای شێخان سەر بە حکومەتی ناوەندییە، هیچ لایەنێک ناتوانێ ناچاری بکات کە ڕێگە بە مارەکردنی ژنی دووەم نەدات".

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئاگادارن لە دادگای شێخان چی دەگوزەرێ. ڕێژین نهێلی بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان – لقی دهۆک دەڵێت "ئەوەی لە دادگای شێخان ڕوودەدات، پێشێلکردنی ئاشکرای مافی ئافرەتانە، بۆیە دەبێ لایەنە پەیوەندیدارەکان بێنە سەر هێڵ و بەر بەو دیاردەیە بگرن".

## مەرجەکانی هێنانی ژنی دووەم:

- وەرگرتنی ڕەزامەندی ژنی یەکەم لە بەردەم دادوەردا.
- ژنی یەکەم نەخۆشییەکی سەلمێندراوی هەبێ، وەکو لەدەستدانی توانای سێکس، نەزۆکی.
- توانای دارایی پیاوەکە بەشی بەخێوکردنی پتر لە ژنێک بکات.
- بەڵێننامەیەک پڕ بکاتەوە کە لە کاری سەرجێی لەگەڵ ژنەکانی، یەکسان و دادپەروەر بێ.
- نابێت ژنەکە مەرجی ئەوە لە گرێبەستی هاوسەرگیرییەکەیدا هەبێ کە هەوێی بەسەر نەیەت.

# پەیژەی لە ماڵی دراوسێکەیان خواست و خۆی هەڵواسی

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**



ئاڤان داوای پەیژەی لە ماڵی دراوسێکەیان کردبوو بۆ هەندێک کاروباری نێو ماڵ، تەلەفۆنیشی بۆ هاوژینەکەی کردبوو کە کەی دەگاتەوە ماڵەوە، بەڵام هاوژینەکەی بەسەر ڕووداوێکی جەرگبڕدا هاتەوە و ژنەکەی بە هەڵواسراوی بینی. ئەو ژنەکەی لەدەستچوو، خۆیشی لە زیندانە و ئایندەی سێ منداڵەکەشیان ناڕوونە.

ئێوارەی ڕۆژی 2019/3/4 ئافرەتێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی (ئاڤان.س)، دایکی سێ منداڵ و دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلی لە شاری کەرکووک، بە پەت خۆی هەڵواسی و خنکا. کەس ئاگای لەوە نەبوو کە ئاڤان خۆی خنکاندووە، تا ئەوکاتەی هاوژینەکەی لە بازاڕ گەڕاوەتەوە و بینیویەتی ئاڤان لە ژووری میوان، بە حەبلێک خۆی هەڵواسیوە.

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی عروبە بە (ڕووداو)ی گوت: "مێردی ئەو ژنە پۆلیسی ئاگادار کردەوە کە لەو کاتەی لە دەرەوە بووە، ژنەکەی، خۆی خنکاندووە، پۆلیس چوونە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمی ئافرەتەکەیان برد بۆ پەیمانگەی دادپزیشکی بۆ ئەوەی دڵنیا ببنەوە لەوەی کە ئایا ئەو ژنە خۆی خنکاندووە، یان خنکێنراوە".

تا ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە بۆ پۆلیس ڕوون نییە، هەر بۆیە مێردی ژنەکەیان دەستبەسەر کردووە. پۆلیس دەڵێت "مێردی ژنەکە دەستبەسەر کراوە تاوەکو لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە تەواو دەبێ، ئەگەر دەرکەوت ڕووداوەکە پەیوەندی بە ئەوەوە نییە، ئازاد دەکرێ".

هاوژینی ئاڤان لە ئیفادەی سەرەتایی بۆ پۆلیس گوتوویەتی: ئەو کاتەی ژنەکەی "خۆی خنکاندووە"، ئەو لە دەرەوە بووە بۆ ئەوەی سەتەلایتی ماڵەکەیان کۆپی بکاتەوە، ئاڤان تەلەفۆنی بۆ کردووە و لێی پرسیوە کەی دەگاتەوە ماڵەوە، ئەویش پێیگوتووە: کەمێکی دیکە دەگاتەوە.

کاتێک هاوژینی ئاڤان دەگاتەوە ماڵەوە، دەبینێ هەرسێ منداڵەکەی لەبەردەرگا یاری دەکەن. کاتێک چووەتە ژوورەوە، دەبینێ دەرگای چوونە ژوورەوە داخراوە، دواتر لە پەنجەرەی ژووری میوانەوە ئاڤانی بە هەڵواسراوی بینیوە، بۆیە یەکسەر دەرگاکەی شکاندووە و پەتەکەی لە ملی ئاڤان کردووەتەوە، بەڵام کار لەکار ترازابوو، ئاڤان گیانی دەرچووبوو.

کەسێکی نزیک لەو ئافرەتە کە ئاگاداری ژیانیەتی، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئاڤان دایکی نەما بوو، لەلایەن زڕدایکی ژیابوو، هەر بۆیە زوو شووی کرد. هاوژینەکەی پێشمەرگە بوو، بەڵام کاتێک داعش هات وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا، هیچ ئیشیشی نەبوو، بەردەوام لە ماڵ بوو".

بە گوتەی ئەو، کێشەی ئاڤان لەگەڵ مێردەکەی تەنیا ئیشنەکردنی مێردەکەی بووە.

"بەردەوام شەڕیان بوو، ئاڤان بە مێردەکەی دەگوت تۆ هیچ ئیشێک ناکەی و ناتوانی بەخێومان بکەی. ئاڤان لەوە بێزار بوو، بۆیە تۆرا و بۆ ماوەیەک چووەوە ماڵی باوکی، دوای ئەوە ئیدی مێردەکەی بەدوای ئیشدا گەڕا و لەو ماوەیە کارێکی دەستکەوتبوو، بۆیە ئاڤان بڕیاری دا بگەڕێتەوە لای".

ئەو ژنە باسی ئەو کاتە دەکات کە ئاڤان خۆی خنکاندووە و دەڵێت: "ئاڤان چوو بوو بۆ ماڵی دراوسێکەیان، داوای پەیژەی کردبوو، گوتبووی پەردەی پێ هەڵدەواسێ".

هەروەها دەڵێت: "ئاڤان منداڵەکانی ناردبووە بەر دەرگا، پێیگوتبوون دانیشن تا باوکتان دێتەوە، خۆیشی چوو بوو لە ژووری میوان پەتێکی لە ملی خۆی خستبوو".



## پێشمەرگەیەک دوو پۆلیس دەکوژێ

**رووداو- هەولێر**

پێشمەرگەیەک لەنێو بازاڕی هەڵەبجە دوو پۆلیس دەکوژێ و خۆشی بە بریندارى دەستگیری دەکرێ. بەرزان عوسمان، گوتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند: "شەوی 2019/3/9 لەناو بازاڕی هەڵەبجە لە ئەنجامی شەڕ و تەقەکردن، دوو کارمەندی پۆلیس کە یەکێک لە پۆلیسەکان کارمەندی پۆلیسی پاسەوانییەکانی سلێمانییە بە دەستی پێشمەرگەیەکی سەر بە هێزەکانی 70 کوژران". گوتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە گوتیشی "کوژراوەکان ی تەمەنیان 34 و 35 ساڵە، بکوژەکەش تەمەنی 32 ساڵە و بریندارى لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشەوە دەستگیرکراوە، لێکۆڵینەوە لە رووداوەکەش بەردەوامە و تۆمەتبارەکەش بەپێی ماددەی 406 دەستگیرکراوە".

# 338 قوتابی لە گرتووخانەوە دەخوێنن

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی ئارەزوومەندانی خوێندن لە چاکسازییەکاندا زیاتر دەبێت، بەڵام ئیدارەی چاکسازییەکان نیگەرانن لەوەی شوێنی خوێندنی زیندانییەکان گونجاو نییە. بەڕێوەبەری چاکسازییەک دەڵێ دەیانجار داوامان کردووە، باڵەخانەمان بۆ دابین بکەن، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە.

لە هەرێمی کوردستان 6 بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەن کە خوێندنیان تێدا دەکرێ. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا 338 زیندانی لە گرتووخانەکانی چاکسازی دەخوێنن.

چاکسازی گەورانی هەولێر تاکە چاکسازییە لەسەر ئاستی عێراق کە خوێندنی زانکۆی تێدابێ. زریان عەزیز، بەڕێوەبەری قوتابخانەی چاکسازیی گەورانی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئێمە توانیومانە نموونەیەکی جوانی چاکسازی پیشان بدەین. لەسەر ئاستی عێراق تاکە چاکسازین زانکۆ و ئامادەیی بە سیستەمی ئاسایی هەبێت، قوتابیمان هەیە لە قۆناغی یەک تاوەکو نۆی بنەڕەتی، لەکاتێکدا لە زۆربەی چاکسازییەکانی دیکە خوێندن بە سیستەمی خێرایە".

لە ساڵی خوێندنی 2017-2018 تەنیا لە چاکسازی گەورانی هەولێر 163 قوتابی سزادراو لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن هەبوون، 35 یان قوتابی 12ی ئامادەیی بوون کە 10یان دەرچوون بۆ زانکۆ، 19 قوتابی لە پۆلی نۆی بنەڕەتی، 16 خوێندکاری زانکۆ و سێ خوێندکاری پەیمانگا.



چاکسازی گەورانی هەولێر تاکە چاکسازییە لەسەر ئاستی عێراق کە خوێندنی زانکۆیی تێدابێ

لەبارەی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی تا ئێستا لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرگیراون، زریان گوتی: "لە ساڵی 2010 تاوەکو 2019، 43 سزادراو لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرگیراون، بەشێکیان بڕوانامەی زانکۆیان وەرگرتووە.

زۆربەی ئەو قوتابیانە کە ژمارەیان 28 قوتابییە لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی وەرگیراون. مامۆستای زانکۆکان دێنە چاکسازی و وانە بە خوێندکارەکان دەڵێنەوە".

زریان عەزیز هەروەها دەڵێت: "زانکۆ و پەیمانگاکان بەپێی توانا مامۆستای بابەتەکانیان بۆ وتنەوەی وانە ناردووەتە چاکسازی. هەندێک قوتابیش بۆ تاقیکردنەوە نێردراون بۆ زانکۆ و پەیمانگا.

تەنیا لە ساڵی 2018 لە یەک زانکۆ زیاتر لە 350 جار مامۆستا هێنراوەتە چاکسازییەکەمان".

یەکێک لە سزادراوەکان کە ئێستا خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی کۆمەڵناسییە، بە (رووداو)ی راگەیاند: "خوێندنی زانکۆ منی گەڕاندەوە نێو کۆمەڵگە". ئەو سزادراوە گوتیشی: "ئەو تاوانەی لەسەری سزادراوم، ئەگەر ئەوکات لەو قۆناغەی ئێستا بوومایە هەرگیز بە خەیاڵیش بیرم لێنەدەکردەوە".

فاتیمە کەمال، توێژەری پێشکەوتوو و سەرپەرشتیاری قوتابخانەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لەبارەی ئاستی خوێندن لەنێو چاکسازییەکاندا بە (رووداو) ی گوت: "ژمارەی قوتابی و خوێندکار لەنێو چاکسازییەکان زۆر بوون، ئێستا 338 قوتابی و خوێندکارمان هەن کە 325یان پیاون و 13یان ئافرەتن".

لە چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر 22 قوتابی قۆناغی بنەڕەتی و 6 قوتابی ئامادەیی هەن. لە چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی 16 قوتابی بنەڕەتی و سێ قوتابی ئامادەیی هەن کە تاقیکردنەوەی دەرەکی دەدەنەوە. لە چاکسازی ژنان و منداڵانی دهۆک 14 قوتابی هەن. لە چاکسازی گەورانی سلێمانی 44 قوتابی بنەڕەتی و 20 قوتابی ئامادەیی هەن، لە چاکسازی گەورانی دهۆکیش 48 قوتابی بنەڕەتی و 19 قوتابی ئامادەیی تاقیکردنەوەی دەرەکی دەکەن.

کێشەی سەرەکی خوێندن لەنێو چاکسازییەکان نەبوونی باڵەخانەیە، ئومێدە محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و نەوجەوانانی سلێمانی بە (رووداو) ی راگەیاند: "کێشەی نەبوونی باڵەخانەمان هەیە، ئەوانەی چوونەتە قۆناغی ئامادەیی، بەهۆی نەبوونی باڵەخانەوە تاقیکردنەوەی دەرەکی دەکەن. دەیانجار داوامان لە وەزارەتەکانی پەروەردە و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە باڵەخانەمان بۆ دابین بکەن، بەڵام وەڵامیان نەداوینەوە".

گوتیشی: "قوتابیمان هەبووە زانکۆی تەواو کردووە و ئێستا ماستەر دەخوێنێ. قوتابیشمان هەبووە لە چاکسازیەکەی ئێمە خوێندوویەتی و ئێستا مامۆستایە لە زانکۆ".

لەبارەی کێشەی باڵەخانەی خوێندن لەنێو چاکسازییەکاندا سەرپەرشتیاری قوتابخانەی چاکسازییەکان دەڵێ: "ئەمە کێشەی سەرەکی ئێمەیە، خوێندنی ئامادەیی تەنیا لە چاکسازی گەورانی هەولێر و سلێمانی هەیە، چاکسازی ژنانی دهۆک کێشەی نەبوونی بینای قوتابخانەیان هەیە، بڕیار بوو بۆیان دروستبکرێ و نەخشەکەشیان ئامادەبوو، زەوی بەتاڵیشیان هەبوو، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکراوە. هەروەها چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر داوای قوتابخانەی ئامادەییان کرد، بەڵام پەروەردە رازی نەبوو، چونکە ژمارەی قوتابییەکان زۆر کەم بوو".

لەبارەی ژمارەی مامۆستایانیش کە لەنێو چاکسازییەکان وانە دەڵێنەوە، فاتیمە کەمال دەڵێ: "هەموو چاکسازییەکان مامۆستایان بۆ دابینکراوە، ئێستا 92 مامۆستا لەنێو چاکسازییەکاندا وانە دەڵێنەوە کە 65یان لەسەر میلاکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین و 27 مامۆستاش لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەن، چەندین مامۆستای بیانیش، لەوانە مامۆستای هیندی و بەریتانی و مامۆستای زانکۆ تایبەتەکانیش لەنێو چاکسازییەکان وانە دەڵێنەوە".

فاتیمە کەمال دەشڵێ: "بیرۆکەی ئەوەمان هەیە کە بەشی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکەینەوە، چونکە بەندکراومان هەیە تەمەنی زۆرە و ناکرێ لەگەڵ قوتابییەک داینێین کە تەمەنی بچووکە".

# لەلایەن دراوسێکەیەوە کوژرا



**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

چاودێر داوا لە دراوسێکەی دەکات ئاگاداری منداڵەکانی بێت بەرد فڕێ نەدەنە حەوشەیان، لەسەر ئەوە دەبێتە دەمەقاڵەیان، پاشان چاودێر پەنا بۆ چەکەکەی دەبات و لەو کاتەی دراوسێیەکەی دەیەوێ چەکەکەی لێوەربگرێ، چەند فیشەکێک لە چەکەکە دەردەچن و بەر چاودێر دەکەون و هەر لەوێش گیانی دەردەچێ.

رۆژی 2019/2/25 گەنجێکی تەمەن 26 ساڵ بەناوی چاودێر فریاد، دانیشتووی گەڕەکی حوڕیەی شاری کەرکووک و باوکی سێ منداڵ، لە ئەنجامی دەمەقاڵێ لەگەڵ دراوسێکەیان کوژرا.

چاودێر کارمەندی یەکێک لە بنکەکانی پۆلیسی کەرکووک بوو. عەقید هەڤاڵ بەرزنجی، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عرووبە کە دۆسیەیان بۆ رووداوەکە کردووەتەوە بە (رووداو) ی راگەیاند: "چاودێر لەگەڵ دراوسێکەیان لەسەر منداڵ بە کێشە هاتوون و لە تەلەفۆن قسەیان بە یەکدی گوتووە. دراوسێکەیان لەگەڵ خزمێکیان دەچن بۆ ماڵی چاودێر، لەوێ دیسان بەشەڕ هاتوون، دراوسێکەیان ویستوویەتی چەک لە دەستی چاودێر دەربێنێ، بەڵام چەند فیشەکێک لە چەکەکە دەرچووە و بەر چاودێر کەوتوون، گوللەیەکیش بەر قاچی خزمی دراوسێکەیان کەوتووە".

دراوسێکەی چاودێر لەگەڵ خزمەکەی بە پەلە خۆیان دەگەیەننە بنکەی پۆلیس و سکاڵا لەسەر چاودێر تۆمار دەکەن، ئەوان نەیانزانیبوو کە چاودێر کوژراوە، پۆلیس هەر لەوێ هەردووکیان دەستگیر دەکات.

وەک پۆلیس ئاماژەی بۆ دەکات، تۆمەتبار لە ئیفادەکەیدا دەڵێت: "لە ئیش بووم، چاودێر تەلەفۆنی بۆ کرد، پێیگوتم منداڵەکەت بەردی خستووەتە ماڵی ئێمە، ئیدی لە تەلەفۆن بوو بە شەڕە قسەمان، چاودێر گوتی وەرەوە لەبەردەرگای ماڵ چاوەڕێت دەکەم. منیش پەیوەندیم بە خزمێکی خۆمەوە کرد بۆ ئەوەی لەگەڵم بێت، بەڵام چاودێر و براکەی بە کڵاشینکۆفەوە چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد، دیسان لەوێ بوو بە شەڕە قسە، ویستمان کلانشیکۆفەکە لە دەست برای چاودێر دەربێنین، بەڵام ئەو تەقەی کرد، چەند گوللەیەک بەر چاودێر کەوتن و گوللەیەکیش بەر قاچی خزمەکەی من کەوت".

عەقید هەڤاڵ دەڵێت: "ئەو دوو کەسەی دەستگیرمان کردوون، سکاڵایان لەسەر چاودێر هەیە و دەڵێن ئێمە تەقەمان نەکردووە، بەڵام دۆسیەکەمان ناردوون بۆ دادگا، لەوێ یەکلادەبێتەوە کێ تەقەی کردووە؟".

چاودێر تەنیا هەشت مانگ بوو چووبووە نێو خانووە تازەکەی، برایەکی دەڵێت هەموو هەوڵێکی چاودێر بۆ ئەوە بوو ببێتە خاوەنی خانووی خۆی، ئۆتۆمبێلەکەی و زێڕی هاوژینەکەی بۆ فرۆشت، بۆ ئەوەی رزگاری بێ لە کرێچێتی، بەڵام لە خانووە تازەکەیدا نەحەسایەوە و کوژرا.

ئیبراهیم نازانێ براکەی لەسەر چی کوژراوە، چاوەڕێ دەکات لێکۆڵینەوەی پۆلیس تەواو بێت و تۆمەتباران دادگایی بکرێن.

سەبارەت بە ئیفادەی دراوسێیەکەی چاودێریش کە دەڵێت برای چاودێر تەقەی کردووە، ئیبراهیم گوتی: "تا ئێستا کەسمان نازانین کێ تەقەی کردووە، چاوەڕێین دادگا ئەوە یەکلایی بکاتەوە".

(ع. س) کە دراوسێی هەردووکیانە لەبارەی شەڕەکەوە دەڵێت: "شەڕەکە بەهۆی منداڵانەوە بووە، منداڵی دراوسێکەیان بەردی هاوێشتووەتە ماڵی چاودێر. لەسەر ئەوە بووەتە دەمەقاڵەیان".

## بکوژەکەی دوو رۆژ بوو لە گرتووخانە دەرچووبوو

# زیاد لە نێوبژیوانیی دوو گەنجدا کوژرا

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

زیاد بە مەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە پێشبڕکێی مۆتۆڕسواری، چووە دەرەوە، لەوێ کەوتە نێوبژیوانی دوو گەنجی بەشەڕهاتوو، بەڵام بە چەقۆی یەکێک لە گەنجەکان کوژرا.

دوای نیوەڕۆی رۆژی 2019/3/1 گەنجێکی تەمەن 24 ساڵ بەناوی زیاد ئازاد، دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلی شاری کەرکووک، لە کاتی نێوبژیوانی دوو گەنجی بەشەڕهاتوودا، دوو چەقۆی بەرکەوت و مرد.

ئەو گەنجەی دوو چەقۆکەی لە زیاد دا، ویستی هەڵبێ، بەڵام ئەوانەی لەوێ بوون گرتیان و دایانە دەستی پۆلیس. عەقید هەڤاڵ بەرزنجی، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عرووبە بە (رووداو)ی راگەیاند: "تۆمەتبارەکە گەنجێکی بە رەگەز عەرەبی کەرکووکە، لە ئیفادەکەیدا دەڵێت من لەگەڵ یەکێکی دیکە شەڕم بوو ئەو هاتە نێوانمان، پێمگوت هەقی منت نەبێت، بەڵام ئەو نەڕۆیشت، بۆیە دوو چەقۆم لێدا".

محەممەد ئازاد لە یەکەم رۆژی پرسەی براکەیدا بە (رووداو)ی گوت، زیادی برای سەعات دووی دوای نیوەڕۆ روخسەتی لێوەرگرتوون، بچێ بۆ بینینی پێشبڕکێی ماتۆڕسواری کە هەموو رۆژانی هەینی لە گۆڕەپانێکی نزیک گەڕەکەکەی خۆیان دەکرێ و گەنجێکی زۆر لەوێ کۆدەبنەوە.

زیاد کە ماتۆڕی هەبووە، لەلایەن هاوڕێکانییەوە داوای لێکراوە بەشداری لە پێشبڕکێیەکە بکات. ئەحمەد عەلی کە هاوڕێی زیادە و لەو کاتەدا لە شوێنی رووداوەکە بووە، باس لە هۆکاری شەڕی نێوان ئەو دوو کوڕە دەکات و دەڵێت: "نزیکەی سەعات چوار بوو، کۆمەڵێک هاوڕێ بەیەکەوە دانیشتبووین، کوڕێکی عەرەب هات ویستی بە ماتۆڕ بە شەقامەکەدا تێپەڕێت. لەوکاتەدا یەکێک لە کوڕەکان لە شەقامەکە دەپەڕییەوە، ماتۆڕسوارەکەی راگرت، ئەویش جنێوی پێدا، گەنجەکەش وەڵامی دایەوە، ئێمەش چووین ناوبژیوانییان بکەین، بەڵام سوودی نەبوو".

ئەحمەد هەروەها دەڵێت: "گەنجە عەرەبەکە چەقۆی دەرهێنا و دوو چەقۆی لە زیاد دا، یەکێکیان بەر قۆڵی و ئەوەی دیکەیان بەر ملی کەوت".

وەک ئەحمەد باسی دەکات، گەنجە عەرەبەکە ویستبووی هەڵبێ، تەنانەت زیادیش گوتبووی وازی لێبێنن منداڵە، بەڵام ئەوان کاتێک بینیبوویان خوێنی لەبەر دەڕوات، گەنجەکەیان دەستگیرکردبوو تا پۆلیس گەیشتنە شوێنی رووداوەکە. ئەحمەد دەڵێت: "زیادمان هەڵگرت و بردمان بۆ نەخۆشخانە، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

محەممەدی برای باسی ئەو کاتە دەکات کە هەواڵی مەرگی براکەیان پێداوە. محەممەد گوتی: "سەعات چوار بوو، پەیوەندیان پێوە کردم گوتیان زیاد بە چەقۆ لێیدراوە و لە ژیاندا نەماوە، تەرمەکەی لە نەخۆشخانەیە و وەرن بیبەنەوە، بەڵام من باوەڕم نەکرد".

ئازاد رەمەزان کە باوکی زیادە، بە گریانەوە گوتی: "کوڕەکەم هیچ تاوانی نەبوو، لە هیچ و خۆڕایی کوژرا، داوا لە دادگا دەکەم خوێنی کوڕەکەم بە فیڕۆ نەڕوات و سزایەکی توندی بکوژ بدرێ".

بکوژەکە دوو رۆژ پێش ئەو رووداوە لە زیندان ئازاد بووە. کەسوکاری زیاد ترسیان هەیە تۆمەتبارەکە هیچی لەگەڵ نەکرێ و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێ، چونکە وەک هاوڕێکانی باسی دەکەن، گەنجەکە لەوکاتەی دەستگیرکراوە، گوتوویەتی هەر ماوەیەکی کەم لە زیندان دەبم و دێمە دەرەوە.

محەممەد دەڵێت: "دیارە ئەو تاوانبارە هێزێکی لە پشتە بۆیە ئەو قسەیەی کردووە، بەداخەوە ئێمەی کورد لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هیچ دەسەڵاتێکمان لەم شارەدا نەماوە".



کەسوکاری زیاد ترسیان هەیە بکوژی کوڕەکەیان هیچی لەگەڵ نەکرێ و پاش ماوەیەک ئازاد بکرێ

## د. ئەحمەد نەقیبزادە، بیرمەندی ناسراوی ئێرانی و پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان بۆ (ڕووداو):

# دەوڵەتێک بۆ کورد کە هاوخوێنمانن لە بەرژەوەندیی ئێرانە



بەپێچەوانەی سیاسەتوانان و کاربەدەستانی وڵاتەکەی، سەربەخۆیی کوردستان بە گرنگ دەزانێ و پێیوایە لە بەرژەوەندی ئێرانە. د.ئەحمەد نەقیبزادە، بیرمەندی ناسراوی ئێرانی و پسپۆڕی زانستە سیاسییەکان، میوانی فۆرومی هەولێر بوو کە لە سەرەتای ئەم مانگە لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو لە ژێر ناونیشانی (ئاسایش و سەروەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بەڕێوەچوو. نەقیبزادە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕوانگەی خۆی لەبارەی گشتپرسی، پەیوەندیی ئێران و عێراق، ململانێی ئەمریکا و ئێران و چەند پرسێکی دیکە دەخاتەڕوو.

**هەڤپەیڤین: فوئاد ڕەحیم**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: ئێوە لە کاتی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، وتارێکتان نووسی بە ناونیشانی: "گشتپرسی هەرێمی کوردستان.. لەدایکبوونی ئێرانی دووەم". مەبەستتان لەو شوبهاندنە چی بوو؟**

**نەقیبزادە:** زۆر نادادپەروەرانەیە 30 تا 40 ملیۆن کەس کە لە یەک نەتەوەن، خاوەنی دەوڵەت نەبن. ئێمە ئاگاداری هەستیاریی حکومەتەکانی ناوچەکەشین. ڕاستە ئێرانییەکان بەرامبەر بە کورد هەست بە هاوسۆزی دەکەن. من کارم بە حکومەتەکانەوە نییە، بەڵام لە تورکیا گرووپێکی تەواو جیاواز هەن کە تەنانەت بوونی کوردیش ڕەتدەکەنەوە و بە تورکی کێوی دەیانناسن. من زۆر دڵم لەگەڵ گشتپرسیی کوردستان بوو، پێموابوو سەردەکەوێ و کوردستان سەربەخۆ دەبێ. بەڵام بەداخەوە هەندێ تاکتیکی هەڵە گیرانەبەر، خۆزگە ئەو گشتپرسییە لە کاتێکی دیکە بکرایە و ئەنجامی دڵخوازی لێبکەوتایەتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەم کارە هەر دەبوو بکرێ. کەسانێکیش کە دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانن، لە هەڵەدان و لە داهاتووشدا زیانی ئەو هەڵەیە بەرۆکیان دەگرێت.

**ڕووداو: هۆکاری ئەم قسانەی ئێوە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**نەقیبزادە:** مێژوو و کولتوور. سەیرکەن، کورد بناغەدانەری پاشایەتیی ئێرانن، هەمیشەش لە ناوچەکەدا ئامادە بوون. ناوچەیەک کە لەڕاستیدا جوگرافیای کولتووریی ئێرانە و دەزانن زۆربەی جارەکان ئێران لە هەمبەر ئیمپراتۆریای ڕۆم سەردەکەوت و ئێمەش لە ناوچەکەدا کەمینەیەکین و زۆربەی ناوچەکە عەرەبن. ئەگەر ئێمە وڵاتێکی هاوڕێ و دراوسێ و هاوخوێنمان هەبێ، زۆر بە قازانجمانە لە داهاتوودا. بەڵام بەداخەوە حکومەتەکەی ئێمە بونیاتی ستراتیژیی خۆی لەسەر وڵاتانی عەرەبی ڕۆژاوە و ئەوانیش بەڕای من جێی متمانە نین. بەڵام پێموایە ئەگەر کوردستانی عێراق سەربەخۆ ببێ، ئێمە لەدایکبوونی ئێرانێکی دیکە دەبینین و دەتوانین ساڵانێکی زۆر بە باشی پێکەوە بژین.

**ڕووداو: واتە دەبێ ئێران پشتیوانی لە کوردستانێکی سەربەخۆ بکات؟**

**نەقیبزادە:** بە جدی و بە توندی دەبێ پشتگیریی سەربەخۆیی کوردستان بکات، چونکە عێراق لە ڕووی جیۆستراتیژییەوە کێشەی زۆری لەگەڵ ئێمە هەیە و دیار نییە کاتێک کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر دەبن، چۆن لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوت دەکات. سووریاش کاتێک حکومەتی بەشار ئەسەد بڕووخێ یان نەمێنێ، هەموو ئەو سەرمایەیەی کە ئێران لەسەری دایناوە، بەفیڕۆ دەچێت. بۆیە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لەڕاستیدا دەرفەتێکی باشە کە یەکەم: کێشەیەک بەناوی عێراق بۆ هەمیشە بۆ ئێران کۆتایی بێت. دووەم: هاوڕێیەکی نوێی لە ناوچەکەدا ببێ. هاوڕێیەکی خوێنی و کولتووری. بۆ ئەمەش هیچ هۆکارێک نابینم کە کوردستانی عێراق ببێتە هۆی نیگەرانیی ئێران و هەرچیی تێدایە هەمووی بەرژەوەندییە. ئێمە وڵاتێکمان نەبووە بە ناوی عێراق، لەڕاستیدا ئەمە لە تێکەڵکردنی سێ گرووپی ئەتنی و ئاینیی جیاواز پێکهاتووە و لە ساڵی 1921 لەدایک بووە. ئێمە بینیمان لە ڕەوتی شۆڕشە ئازادیخوازییەکان و سەربەخۆیی دەوڵەتەکاندا، هەموو ئەو دەوڵەتانەی پاش شەڕی دووەمی جیهانی و لە نەتەوەی جیاجیا پێکهاتبوون، هەموویان لێکترازان. سەیری چیکۆسلۆڤاکیا بکەن، سەیری یۆگوسلاڤیا بکەن. عێراقیش لە ناوچەکەدا لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتێکدا بوو دەنا ئەویش هەمان چارەنووسی دەبوو، بەڵام ئێستا ئەمە هاوکات بووە لەگەڵ شەپۆلی بەجیهانیبوونیش، بۆیە بەبۆچوونی من سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق، بێ سێ و دووە و حاشاهەڵنەگرە.

**ڕووداو: باشە بۆچی ئەوەندە دژایەتی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکرێ؟**

**نەقیبزادە:** لەبەر بۆچوونێکی هەڵە. بۆچوونەکە ئەوەیە کە کاتێک کوردستان سەربەخۆ ببێت، کوردی ئێرانیش داوای سەربەخۆیی دەکەن، لە کاتێکدا وا نییە. کوردی ئێران خۆیان بە ئێرانی دەزانن و لەوانەیە تەنیا داوای خودموختاری بکەن و خودموختاریش نابێتە کێشە. لە بەرژەوەندیی تورکیا و ئێرانیشە کوردستانی عێراق سەربەخۆ ببێت. ئەوکاتە ئەوانیش سەقامگیریی زیاتر بەخۆیانەوە دەبینن، چونکە کاتێک کورد دەوڵەتێکیان بۆ خۆیان هەبێت، لەڕاستیدا متمانەبەخۆبوونیان زیاتر دەبێ و ئۆقرە دەگرن و ئەوسا تەنیا داوای خودموختاری دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەم کارە نەکرێ و کورد دەوڵەتێکیان نەبێ، ئەم سەربەخۆییخوازییە بە ناوچەکەدا بڵاودەبێتەوە. ئەوکاتە دەکرێ دۆخەکە زۆر خراپتر بێت لەوەی کە خودموختارییان پێ بدرێت.

**ڕووداو: ئەم بۆچوونەی بەڕێزتان تا چەند لە سیاسەتی دەرەوە و ناوچەیی ئێراندا دەبینرێ؟**

**نەقیبزادە:** بەداخەوە ئێران سیاسەتێکی ناوچەیی دروستی نییە و لەسەر عەرەبەکان سەرمایە دادەنێ و قووڵایی ستراتیژیی خۆی لەسەر سووریا و عێراق پێناسە دەکات. لە کاتێکدا ئەوانە ئەو وڵاتانە نین کە لە درێژماوەدا لەگەڵ ئێران بمێننەوە. قووڵایی ستراتیژیی ئێمە دەوڵەتی کوردستانە ئەگەر سەربەخۆیی وەربگرێ. ئەوەی کە تۆ بتەوێ سەرمایە لەسەر لوبنان و سووریا دابنێی، لە کورتماوەدا ئەنجامی دەبێ، بەڵام لە درێژماوەدا نا.

**ڕووداو: هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی ناوچەیی ئێران چ پێگەیەکی هەیە؟**

**نەقیبزادە:** بە خۆشحاڵییەوە ئێران لە سیاسەتی کرداریدا بە هەمان شێوەی سیاسەتی ستراتیژی ناجووڵێتەوە. من دەبینم لە هەمانکاتدا کە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق دەکات، هاوکاریی باشیشی لەگەڵ هەرێم هەیە. ئەمەش خۆی دەبێتە بنەمایەک بۆ پەیوەندییەکانی داهاتوو.

**ڕووداو: ئەگەر ڕۆژێک ئەنجامی گشتپرسی کاری پێ بکرێ، ئایا ئێران هەمان هەڵوێستی پێشتری دەبێ؟**

**نەقیبزادە:** ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی کە شەپۆلەکە چەندە بەهێز دەبێ. ئەگەر شەپۆلی سەربەخۆییخوازی زۆر بەهێز بێ، ئێرانیش نەرم دەبێت. بەڵام ئەگەر شەپۆلەکە سست و لاواز بێ، ئەو کارە سەرناگرێ و دیسان ئێران دژایەتی دەکات.

**ڕووداو: ئێوە ئەو داواکارییە لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

**نەقیبزادە:** لە ئاستێکی بەرزدا دەیبینم. سەربەخۆییخوازیی کوردستان بۆ کورد هیوایەکە و من پێموایە ئێوە قۆناغێکتان تێپەڕاندووە و ئەم کارە مسۆگەرە. من قەت پێموانەبوو هەرێمی کوردستان هێندە پێشکەوتوو و جوان و ڕازاوە بێت. پێموابوو ساڵانێکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سەدام حوسێندا سەرکوت کراون و دەبێ ئێستا شارێکی وێران ببینین، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە ئاوەدانی زۆر هەیە و خەڵکی لێرە خۆیان بە کورد دەزانن و حکومەتی عێراق لە خۆڕایی وزەی خۆی بەفیڕۆ دەدات بۆ دژایەتیکردنی سەربەخۆیی کوردستان.

**ڕووداو: یەکەمین سەردانتانە بۆ کوردستان، ئەو تایبەتمەندیانەی دەوڵەتبوون چین کە لێرە بینیتان؟**

**نەقیبزادە:** من پێموابوو هاتوومە وڵاتێکی ئەورووپیی پێشکەوتووی دیموکراسی. ئاستی دیموکراسی زۆر لەسەرەوەیە. بونیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوە و جوانکردنی سیمای شارەکان لە ئاستێکی بەرزدایە. بۆیە ئەو وێنا و بۆچوونەی من پێشتر هەمبوو، زۆر کەمیش بووە بۆ ئێرە. ئێستا من گەیشتوومەتە ئەو دڵنیاییەی کە لەم ساڵانەدا هەرێمی کوردستان سەربەخۆ دەبێت و ئەمە شتێک نییە پێشی پێ بگیرێت.

**ڕووداو: پێتانوایە ئەوە چەند دەخایەنێ؟**

**نەقیبزادە:** ئەوە دەبێ چاوەڕێی ڕووداوێک بن، چاوەڕێی ڕەوتێک بن کە لەڕووی زەینی و فیکرییەوە بوار خۆش بکات. بەڕای من تورکیا بەربەستێکی گەورەترە لە ئێران، بەڵام بەڕێز ئەردۆغان قسەیەکی کردووە کە سەرنجڕاکێشە. لەڕاستیدا بەشێوەی دووپاڵوو سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانی قەبووڵ کردووە. گوتوویەتی: ئێمە لێرە کوردمان نییە، ئەگەر کەسێک دەیەوێ کورد بێ، با بچێت بۆ کوردستانی عێراق، واتە دانی بەوەدا ناوە کە ئێرە لەڕاستیدا شوێنێکە بۆ کورد. بۆیە ئەویش کەمێک نیگەرانی سەربەخۆییخوازیی کوردی تورکیایە کە ئەویش بەڕای من نابێ نیگەران بێ، چونکە کێشەی ئەوانیش تا ڕادەیەکی زۆر دەکرێ بە خودموختاری چارە بکرێت، بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کورد هەر دەبێ دەوڵەتێکی خۆیان هەبێ، باشترین دەرفەت و دۆخیش بۆ ئەمە، کوردی عێراقن کە بگەنە سەربەخۆیی و کوردی دیکەش خودموختاری وەربگرن یان ئەگەر بارودۆخ لەبارتر بوو ئەوانیش هەنگاوی دیکە هەڵبگرن.

**ڕووداو: خۆڕاگری کورد لە عێراق، تورکیا و سووریا بەشێکە لە پاراستنی شارستانیەتی ئێران؟**

**نەقیبزادە:** من کورد بە ئێرانی دەزانم بێئەوەی مەبەستم ئەوە بێ کە کوردی ئێران دەبێ وڵاتێکی جیا پێکبێنن، چونکە چ لە دوو وڵاتدا بن یان سێ وڵات، هەر یەکێکن. بەڵام سیاسەتی یەکەکەم قبووڵ نییە، چونکە ئێستا سەردەم سەردەمی خەباتی چەکداری نییە. سەردەمی چالاکیی کولتووری و ئامادەیی فیکری و بەتایبەت چالاکیی میدیاییە، کە دەبێ زەینەکان لە هەموو جیهاندا ئامادە بکرێن و لایەنگر پەیدا بکەن، بۆ نموونە ئەمریکا لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردستانە لە هەموو ناوچەکان، ئەمە خۆی دەستکەوتێکی گرنگە. پاشان وڵاتانی دیکەش ڕازی بکرێن. تەنیا پێویستە لەم بوارەدا بە هێمنی و بە پارێزەوە هەنگاو بنرێت و بەتایبەتی ئێران و تورکیا نابێ نیگەران بکرێن. چونکە ئەگەر نیگەران بکرێن، پێکەوە یەکدەگرن و پێش بە زۆر شت دەگرن.

**ڕووداو: لە کاتی گشتپرسی هەندێک لایەن هەرێمی کوردستانیان بە ئیسرائیلی دووەم ناوبرد؟ ئایا ئەو بەراوردە لە جێی خۆیەتی؟**

**نەقیبزادە:** ئەوە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە، چونکە کورد تا ئێستا شەڕکەر و خەباتکار بوون و پەیوەندیی باشیشیان لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی ناوچەکە هەیە، بۆیە پێیانوایە لە داهاتوودا ئێرە دەبێتە پێگەیەک بۆ ئیسرائیل. بەڵام ئەگەر پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە باش بێ، بۆ دەبێ تەنیا لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییان هەبێ؟ ئیسرائیل دەتوانێ وڵاتی بیستەم یان سییەم بێت لە پەیوەندیی دەرەوەیی هەرێمی کوردستاندا. من پێموایە دەبێ نیشان بدرێت کە کورد زۆر جیاوازن لەگەڵ ئیسرائیل. بیری ئازاد و پەیوەندیی دروستی کورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە، نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە ئەوانیش هاوشێوەی ئیسرائیلن.

**ڕووداو: لەبارەی مافەکانی کورد لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چ تێبینییەکتان هەیە، چ پێشنیازێکتان بۆ ئێران هەیە؟**

**نەقیبزادە:** ماف بەو جۆرەی لەسەر کاغەز نووسراوە، هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان ئێرانییەکاندا، چ کورد بن، تورک بن، یان عەرەب. ئەو جیاوازییەی کە دەیبینن ئەو ناڕەزایەتییەی کە هەیە، ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر ڕەهەندی سیاسی و مەزهەبی هەیە، چونکە بەشی زۆری کورد نیشتمانپەرست و ئێرانپەرستن. ئێمە نوخبەگەلێکمان هەیە لە کرماشان و ناوچە شیعەنشینەکان کە زۆر زۆر ئێراندۆستن. بەڵام بەداخەوە حکومەتەکەی ئێمە حکومەتێکی ئایدیۆلۆژی مەزهەبییە و هەندێک توندە لەگەڵ سوننە و پشتگوێیان دەخات. ئەگەر ئەو پرسە نەبووایە، پێموایە هیچ جیاوازییەک لەنێوان کورد و فارسدا نییە، توندییەکانی حکومەتیش زیاتر پەیوەندیی بەخۆیەوە هەیە. ئەگەر کوردێک گوێڕایەڵی بێت، ڕەنگە بگاتە پێگەیەکی باشتر لە فارسەکەش. ئێمە دەبێ زۆر زیاتر لەگەڵ کورد نەرم بین و مافەکانیان بە فەرمی بناسین بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێمە بمێننەوە. حکومەت هەندێ کاری کردووە وەک دابینکردنی کارەبا و ئاو و قیرتاو، بەڵام ئەوانە بەس نین دەبێ لە بواری کولتووریشدا هەندێ ئازادییان پێ بدرێت.

**ڕووداو: ئایا مافی کورد وەکو نەتەوە تا چەند لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە پارێزراوە؟**

**نەقیبزادە:** پرسی ناوی ئێتنیک و نەتەوە، هەندێ باسی مافناسی هەڵدەگرێ کە نەتەوە چۆن پێناسە دەکرێت. بەڵام بەهەرحاڵ وەک کەمینەیەک ناسراوە کە جیاوازی لەگەڵ زۆرینە هەیە. شتێک کە لە ئێراندا هەیە و لە هیچکام لە وڵاتەکانی دیکە نییە، ئەوەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێران، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کورد نییە. واتە کورد زۆر خۆشەویستن و هەموو گەلی ئێران دەزانن کە کورد لە گەلە کۆنەکانی ئێرانن. حکومەت وەک گوتم تێڕوانینەکەی زیاتر سیاسییە. تێڕوانینێکی سیاسی ئەمنیی هەیە بۆ دەوروبەری جا هەر کوێ بێت. چونکە سیاسەتی سعودیە هەندێک لەسەر بەهێزکردنی سوننەکان بونیاتنراوە. ئێران هەست بە مەترسی دەکات لەلایەن سوننەکانەوە بە گشتی و هەندێک نیگەرانە کە سعودیە تا چەند دەچێتە پێشەوە. خۆ دەزانن هەندێ بەڵگەشی هەیە و لەخۆڕا قسە ناکات. بۆ نموونە هەندێ کەس دەستگیرکراون کە پارەیان لە سعودیە وەرگرتووە. بۆیە تێڕوانینی حکومەت تێڕوانینێکی دیاریکراوی سەرکاغەزە، کاتێک دەنووسێ سەرنجێکی زیاتر بدرێتە سوننەکان، ئیدی هەمووی دەگرێتەوە، بەڵام ئێستا وەک ئاماژەم پێکرد، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کوردە شیعەکان نییە و لە دەسەڵاتیشدا ڕۆڵیان هەیە، لە شوێنە هەستیارەکانی ئیدارەی ئێرانیشدا هەن، بەڵام بەرامبەر کوردی سوننە زۆر هەستیارە.

**ڕووداو: ئێستا ململانێیەک لە نێوان نەریتخواز و ریفۆرمیستەکانی ئێراندا هەیە، پێتانوایە ئەو ململانێیە بەرەو کوێ دەڕوات؟**

**نەقیبزادە:** من پێمباشە سەبارەت بە داهاتووی ئێران قسە نەکەم، چونکە هەندێ شت هەن ناتوانم بیانڵێم. هەندێ شتیش دەوڵەتی ئێمە پێی قبووڵ ناکرێ، بەڵام بەداخەوە قەیرانێک کە ئەمریکا بۆ ئێران دروستی کردووە، ئەو قەیرانە تا ئاستێکی زۆر کاریگەری داناوە و پەرەی بە قەیرانەکانی ناوخۆی ئێران داوە. نەریتخوازەکان وڵات و شۆڕش بە هی خۆیان دەزانن. ریفۆرمخوازەکانیش پێیانوایە نەریتخوازەکان وڵات بەرەو هەڵدێر دەبەن، بۆیە لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا هەرگیز ئاشتی پێکنایە. لە کۆتاییشدا نەریتخوازەکان دەیبەنەوە، چونکە ئەوان توندڕەوترن و هەمیشە توندڕەوی لە بەرامبەر میانڕەویدا زیاتر بەختی بردنەوەی هەیە.

**ڕووداو: لە وتارێکدا دەڵێی حکومەتی ناوەندیی بەهێز لە عێراق لە بەرژەوەندی ئێران نییە، بۆچی؟**

**نەقیبزادە:** لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ عێراق هەندێ ناکۆکیی جیۆستراتیژیمان هەیە کە پەیوەندی بە دەسەڵاتە سیاسییەکانەوە نییە. ئێمە لە کاتی ڕژێمی شادا کێشەمان لەگەڵ عێراق هەبوو، لە کاتی کۆماری ئیسلامیشدا هەمانبوو. ئێستا حکومەتێک لە عێراقدا نییە، تۆ دەتوانی لەوێ بە ئاسانی هەژموون و دەسەڵات بنوێنی، بەڵام تا کەی؟ دواجار ڕۆژێک ئەم دەسەڵات و نفوزە کۆتایی دێت و عێراقییەکان لەسەر پێی خۆیان دەوەستن، کاتێک لەسەر پێی خۆیان وەستان، بە ئێرانییەکان دەڵێن لەو وڵاتی ئێمە بچنە دەرەوە. کە کەمێکیش هێزیان بەدەستهێنا، دیسان ڕووی تفەنگەکانیان لە ئێران دەکەنەوە. ئەمە لە داهاتوودا ڕوودەدات. بۆیە کاتی ئەوە بوو کە ئێران پشتی سەربەخۆیی کوردستانی بگرتایە، دەسەڵات و کاریگەری لە بەسرە و ناوچە شیعەنشینەکان زیاتر دەبوو، دەسەڵاتی لە ناوچەی کوردستانی عێراقیش زیاتر دەبوو.

**ڕووداو: پێتانوایە داهاتووی ململانێی ئێران و ئەمریکا بە کوێ دەگات؟**

**نەقیبزادە:** جارێ ئێران لە گەمارۆیەکی زۆر قورس و تاقەتپڕووکێندا چەقیوە. ئەگەر تا دوو ساڵی دیکە حکومەت لە ئەمریکا نەگۆڕدرێ، من پێموایە ئەو گرفتانەی ئێران هەیەتی، وڵاتەکە لەپێ دەخات. بەڵام ئەگەر دیموکراتەکان بچنە سەر دەسەڵات، هەر وەک خۆیشیان گوتوویانە ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە فەرمی دەناسن. هەموو شتێک پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە، من پێموایە ئەمریکا بەرەو ڕووخاندنی ڕژێم و لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی هەنگاو دەنێت.

**ڕووداو: پێتانوایە پێکدادانێکی فیزیکی لە نێوانیان ڕوودەدات؟**

**نەقیبزادە:** ئەو ئەگەرە هەیە. هەڵبەت نەک شەڕێکی بەردەوام و چڕ، بەڵام شەڕێکی سنووردار. واتە بدات لە خاڵێک و خاپووری بکات، پاشان بچێت خاڵێکی دیکە خاپوور بکات.

> ئەگەر کوردستانی عێراق سەربەخۆ ببێ لەدایکبوونی ئێرانێکی دیکە دەبینین

> من زۆر دڵم لەگەڵ گشتپرسیی کوردستان بوو، پێموابوو سەردەکەوێ

> ئەگەر تا دوو ساڵی دیکە حکومەتی ئەمریکا نەگۆڕدرێ، ئێران لە پێ دەکەوێ

> نەریتخوازەکانی ئێران دەیبەنەوە، چونکە توندڕەوی زیاتر بەختی بردنەوەی هەیە

> حکومەتی عێراق لە خۆڕایی وزە بەفیڕۆ دەدات لە دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان

> عێراقییەکان بەهێز ببنەوە، ڕووی تفەنگەکانیان لە ئێران دەکەنەوە

> ئەمریکا بەرەو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەنگاو دەنێت

> هۆکارێک نابینم کە کوردستانی عێراق ببێتە مایەی نیگەرانی بۆ ئێران

> ریفراندۆمی کورد کارێک بوو هەر دەبوو بکرێ

> ئێران سیاسەتێکی ناوچەیی دروستی نییە

> کوردی ئێران خۆیان بە ئێرانی دەزانن ڕەنگە تەنیا داوای خودموختاری بکەن

> لە بەرژەوەندیی تورکیا و ئێرانیشە کە کوردستانی عێراق سەربەخۆ ببێت

> قووڵایی ستراتیژیی ئێمە دەوڵەتی کوردستانە

> دەبێ ئێران زۆر بە توندی پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکات

# ماسولکەکانی سکت ڕێک بکە، گیرفانیشت ڕێک دەبێتەوە

کریس وایت*
وەرگێڕانی: ساڵح وەڵەدبەگی

زۆربـەی خەڵـک خوازیـاری ئـەوەن تەندروستییەکی باشتر و سامانی زیاتریان هەبێت، ژیرتریش بن، بەڵام تەنیا هەندێکمان بەو ئامانجە دەگەیـن، زۆربەشـمان لـە نیوەی ڕێگا تووشـی ئاستەنگ دەبین.

لەم چەند ساڵەی دواییدا لەگەڵ ڕاهێنەرەکەم کـە نـاوی پیتـەرە، سـەرقاڵی وەرزش بـووم. ئـەو توانـی هاوکارێکـی باشـم بێـت لـەوەی تەندروسـتییەکی باشترم هەبێ. پیتەر لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕاهێنەرایەتی خۆیدا توانیویەتی پـەرە بە باری سـایکۆلۆژی یاریزانـەکان بدات و ئاگاداریـان بکاتــەوە لەوەی کـە چ دەبێتە هۆی ئەوەی هاوکاریان بێ یاخود ڕێگرییان لێ بکات بۆ ئەوەی تەندروستییەکی باشتریان هەبێت.

کۆمپانیـای ڕاوێژکاریـی زووپـر کـە بنکـەی سـەرەکی لـە ئوسـترالیایە، ڕاوێـژ بـە خەڵـک دەدات بـۆ باشـترکردنی دۆخی داراییـان. من و پیتەر گەیشـتینە ئەو ئەنجامەی کە هەردووکمان هەڵسـوکەوت لەگەڵ هەمان بەشـی سایکۆلۆژی مرۆڤەکان دەکەین.

لـە خوارەوە ئاماژە بـەو ئەنجامانە دەدەم کە پێی گەیشتین. ئەو یاسایانەی کە دەکرێ لەسەر ڕێکترکردنی ماسولکەکانی سک ڕەچاویان بکەن، دەکرێ سوود لە هەمان ئەو تێگەیشتنە وەرگرنەوە بۆ ڕێکخستنی گیرفانەکانتان و باری داراییتان.

هەمووان حەز بە ئەنجامی خێرا دەکەن لە کار و چالاکییەکانیـان، بەڵام ئەمە لە هەموو کاتێکدا ڕوونـادات. ئەگـەر لەگـەڵ ڕاهێنەرەکەتان بچنە دەرەوە و ڕاهێنانـی زۆر قـورس و تاقەتپڕوکێـن بکەن، ئەگەری زیانگەیشـتن بە ماسولکەکانتان زیـاد دەکات، ئەمـەش لـە کۆتاییـدا هەواڵێکی ناخۆشە و دەبێتە هۆی ئەوەی خولییەکەی سەر ملتـان فڕێ بـدەن و واز لە یاری بهێنن. کارێکی زیرەکانە نییە هەمان ئەو ڕێنماییانەی بۆ ماراسۆن هەن، لـە ڕاکردنی خێـرادا ڕەچاویـان بکەنەوە، دەکرێ ئەمە وەک یەکێک لە پلانەکانی ساڵی نوێ لەبەرچاو بگرن.

هەروەکو ڕاهێنانی لەسـەرخۆ و هۆشـمەندانە لەسەر ماراسـۆن، کۆکردنەوەی ماڵ و سامانیش دەبێـت هێـواش هێواش بـێ، بەشـێوەیەک کە ڕۆژ بـە ڕۆژ و مانـگ بە مانگ پـارە کۆبکەنەوە. ئەگـەر نموونەیـەک بهێنینەوە بۆ ئاسـانکردنی بابەتەکـە، دەکرێـت بڵێیـن ئێـوە دەتوانن ئەو پارەیە پاشـەکەوت بکەن کە خەرجی دەکەن بۆ خواردنەوەی قاوەیەکی ڕۆژانە، یاخود ئەو خواردن و خواردنەوەی کە لە ڕۆژی هەینی حەزتان لێیە، بـەم شـێوەیە لە کۆتایی سـاڵدا 1000 دۆلارتان گەڕاندووەتـەوە بـۆ خەزێنـەی ماڵ و خۆشـتان دەتوانن ئەمە لە پلانی ڕۆژانەتان چاودێری بکەن.

وەبەرهێنان لە تەندروستی جەستەیی و دارایی، ئەنجامی زۆر گەورەی دەبێت لە داهاتوودا. ئەگەر ئەمـڕۆ وەبەرهێنان لە تەندروسـتی جەسـتەتان بکـەن، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی پێکان و کەمتر وەرگرتنی مۆڵەت لەکار بەهۆی نەخۆشی و لـە هەمووشـی گرنگتـر ئەوەیـە دەبێتە هۆی جموجۆڵـی زیاتـر و ئازادیی زیاتر لـە داهاتوودا و پـارەی پاشـەکەوتکراو لە بانک یـان لە ماڵ، هەروەها دوورکەوتنەوە لە کڕینی دەرمان.

کەواتـە ئەمانـە هەمـووی مانـای ئەوەیە کە ناونووسـین و بەشـداری لە یانەیەکی وەرزشـی یان بەپێ ڕۆیشـتن بۆ سـەر کارەکەت و ڕاکردن بەشـێوەیەکی بـەردەوام لەگـەڵ هاوڕێیەکت لە ئەمڕۆدا، دەبێتە گەورەترین وەبەرهێنان و ئەنجامی دڵخۆشکەری دەبێت لە داهاتوودا.

دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دواخستنی کار و چالاکییەکان لەمڕۆدا دەبێتە هۆی بەرتەسککردنی سنووری ئازادیيە داراییەکان لە داهاتوودا، ئەوەش ئاشـکرایە کە داهاتوو زۆر بە خێرایی بەرەورووی هەمووسـان دێت. بەڕاسـت هەرگیز نەتانگوتووە: ئەوە سـاڵێک ڕۆیشـت، خۆ دەڵێی دوێنێ بوو؟ کەواتە ئاگاداری خێرایی کات بەو بەفیڕۆی مەدە.

پەیڕەوی یاسای "یان هەمووی یان هیچ" مەکەن، بەڵکو سازان و خۆگونجاندن کلیلی سەرکەوتنە. بۆنە و ڕۆژەکانی پشوو کاتی بەسەربردنی خۆشی و ڕابواردنە، بەڵام هیچ یاسـایەکیش نییە ناچارت بکات کە ئێوە پێویسـتە لەو کاتـەدا لە دەرەوە بن. پێویسـت ناکات ئەوەندە خواردن بخۆین کە هەناسەمان بۆ نەدرێت و هەفتەیەک لەسەر جێگا پاڵ بدەینەوە و پاشـان بڵێیـن "بە نەفرەت بێ، ئەو هەموو خواردنە چی بوو خواردم". جوان بیر بکەوە و لێرە هەڵوەستەیەک بکە و بە خۆت بڵێ: پەیمـان بێـت جارێکی دیکە ئەو هەمـوو پارەیە بە خواردنێکی زۆر نادەم کە تەندروسـتیم بخاتە مەترسـییەوە. کەواتە دوو وانەمان لێرە وەرگرت، یەکەمیان بڕێک پارەمان پاشەکەوت کرد بەکڕینی خواردنی کەمتر، دووەم تەندروسـتیمان باشـتر دەبێت ئەگەر بڕی پێویستی خواردن بخۆین.

کاتێک بابەتەکە دێتە سـەر پـارە، زۆربەمان دەکەوینـە تەڵـەی ئـەو "نەفرەتـە". جەوهەری بابەتەکـە ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە ناتوانین هەموو پارەکانمان پاشەکەوت بکەین، مانای ئەوەش نییە کە هەمووی بە جارێک لە شوێنێک هەڕاج بکەین. هەمیشە هەوڵ بدە باڵانسێک دروست بکەی و بە بەردەوامـی خۆتی پێوە پابەند بکەی. هەوڵ بدە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەی لەگەڵ خۆتدا.



## پێوەر بۆ هەموو شتێک دابنێ و ئامانجەکانت دیاری بکە

کاتێـک مـرۆڤ شـتێک دەپێوێـت، ئـەوە دەتوانێـت بەدواداچوونـی بۆ بـکات و تەنانەت گۆڕانکاریش بکات، بەڵام کاتێک نەتوانێت شـتە گۆڕاوەکان ببینێت، ئەوە ناتوانێت هیچ شتێکیش پێوانـە بکات. سـەبارەت بـە تەندروسـتیمان شـتی زۆر هـەن کە دەکرێت پێوانـە بکرێن، بۆ نموونە ژمارەی ڕۆژەکانی ڕاهێنان، بڕی کالۆریی وەرگیراو، کێش، ژمـارەی هەنگاوەکان، ژمارەی کۆرسـی ڕاهێنانـەکان و دووبارەکردنەوەیـان، ژمـارەی خواردنـەوە شـلەکانی وەکـو ئـاو و شەربەت، سەعاتەکانی خەوتن و زۆر شتی دیکە کە دەکرێت بۆ ئەم لیستە زیاد بکرێت.

ئەو شتانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن بۆ پێوانەکردنی شتەکان لە کاتی ڕاهێناندا دەکرێ لە بابەتی پاشەکەوتی پارەش بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە دەکرێت بڵێین ئەمڕۆ، ئەم هەفتەیە یاخود ئەم مانگە چەند پارەمان خەرج کردووە؟ چەندی ئـەو پارەیـە بۆ یـاری و کاتبەسـەربردن بووە، چەنـدی بۆ ئاو و کارەبا بووە، چەندی بۆ کرێی خانوو و کڕینی شتومەک و چا و قاوە بووە؟ یان دەکرێت بڵێین چەندمان پاشەکەوت کردووە؟ ئایا ئەو پارەیەی کە خەرجی دەکەی یان پاشەکەوتی دەکەی لای خۆت تۆماری دەکەی؟ باشترین شت ئەوەیە کە ئەو وردەکارییانە بە وردی تۆمار بکەی بۆ ئەوەی ئاماری وردترت دەستبکەوێ.

کاتێـک باسـی ئامانجـە تاکەکەسـییەکان دەکەیـن، دەبێـت چاومـان لە هیـوا و خەونە گـەورەکان بێـت و ئامانجـە داراییەکانمـان بەشـێوەیەکی هۆشـمەندانە ڕێکبخەین تاوەکو هاوکاریمان بکات لەوەی تەرکیزمان لە دەسـت نەدەین و بە گوڕوتینەوە بەرەو پێشەوە بەردەوام بین.

## جێگرەوە زیرەکەکان هەموو کات دڵخۆشمان دەکەن

زۆر چاکە، با سەیری ئەم جێگرەوانە بکەین. لە جیاتی دۆندرمە شتێکی دیکە بخۆ کە کالۆری کەمتـری تێدابێت. هەوڵ بدە مۆزێک بخۆیت لە جیاتی ئەوەی چوکلێتێک بخۆیت. ئەمڕۆ ناتوانی ڕاهێنان بکەی؟ زۆر چاکە دەتوانی لەجیاتی ئەوە هەندێک زیاتر بەپێ بڕۆی یان پیاسەیەک بکەی. کاتـت نییە بڕۆی بۆ هۆڵی ڕاهێنـان؟ دەتوانی سـوود لـەو بەرنامانـەی مۆبایـل وەربگری کە ڕاهێنانـی چڕوپڕیان تێدایە و بە حەوت خولەک کۆتایی دێت. لەجیاتـی خواردنەوە گازییەکان، شەربەتی میوەی سروشتی یان ئاو بخۆرەوە.

دەتوانیـن بڵێیـن ئـەم بەدیلانـە لـە پاشـەکەوتکردنی پـارەش وەکـو زێـڕ وان بۆ ئێمـە. دەتوانن لە ماڵەوە خواردنێکی شـاهانە دروسـت بکـەن بە کەمتر لە نیـوەی ئەوەی لە چێشتخانەیەکی دەرەوە دەیخۆن، جگە لەوەش لە ماڵەوە لە پاک و خاوێنی تەواوی خواردنەکە دڵنیای. ئەگەر بیر بکەنەوە بە سەدان و هەزاران شـتی جێگرەوە هەیە کە ڕۆژانە لە دەوروبەرتان هەیە و بەبێ ئاگایی بە تەنیشتیدا تێدەپەڕن.

*** توێژەرێکی ئوسـترالییە، ئەزموونی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن جەسـتەیەکی دروستتری هەیە و پارەی زیاتریشی پاشەکەوت کردووە.**

# چوار هەفتە دوای وازهێنان لە ئەلکحول چی ڕوودەدات؟



رووداو- هەولێر

توێژینـەوەی زۆر لەسـەر زیانەکانـی خواردنـەوەی ئەلکحـول کـراون. لـە دواییـن توێژینـەوەی نێودەوڵەتیشـدا دەرکەوتـووە ئەلکحـول بڕەکـەی هەرچەنـد بـێ زیانـی هەیە، بەوپێیـەی خواردنەوەی ئەلکحول ڕێ خۆش دەکات بۆ تووشـبوون بە شـێرپەنجە جیـاوازەکان، خەڵەفـان و نەخۆشـییەکانی جگەر. ماڵپەری برایت ساید گۆڕانکارییەکانی 28 ڕۆژ دوای وازهێنـان لـە ئەلکحولـی خستووەتەڕوو.

### هەفتەی یەکەم

**ئارەزووی خواردن زیاد دەکات:**

دوای وازهێنان لە ئەلکحول، کەسـەکە ئـارەزووی بۆ خواردن و خواردنـەوە زیـاد دەکات، بـۆ دوورکەوتنەوە لـە خواردنەوەی ئەلکحول دەتوانێت سوود لە شەربەتە سروشتییەکان وەربگری.

هەندێک لەو جۆرانەی ئەلکحول کە شـەکریان تێدایە، ئاستی شـەکر لـە خوێندا بـەرز دەکەنـەوە، بۆیـە دوای وازهێنان لەوە ئارەزووی خواردنی شیرینی دەکەی، بەڵام ئەمە لە هەموو کەسێکدا وەکو یەک نییە، بەڵکو لەوانەیە هەندێک تووشی دابەزینی ئاستی شەکر ببن لە خوێندا.

**کواڵیتی خەو تێکدەچێت:**

دوای وازهێنان لە مەی، کەسەکە بە سەختی خەوی لێدەکەوێت و کواڵیتـی خـەوی تێکدەچێـت، تەنانەت دەبێتـە هۆی بینینی خەونی ناخۆش.

**تووشی سەرئێشە دەبی:**

لـە هەفتەی یەکەمـی دوای وازهێنان لە ئەلکحـول، هەندێک کەس تووشـی سەرئێشـە دەبن، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە جەستەت خۆی لە ئەلکحول پاکدەکاتەوە، هەروەها گوشاری خوێن بەرزدەبێتەوە و زیاتر هەست بە ئازارەکانی جەستە دەکەی

### هەفتەی دووەم

**جگەر چاک دەبێتەوە:**

ئەلکحـول هۆکارە بـۆ زیانگەیاندن و مردنی خانەکانـی جگـەر، بـەڵام دوای وازهێنان لەوە جگەر دەست دەکات بە چاکبوونەوە.

**ئاساییبوونەوەی ڕەنگی پێست:**

خواردنەوەی ئەلکحول دەبێتە هۆی تێکدانی سـووڕی خوێـن، بەمـەش بڕێکـی کەمتـری ئۆکسجین دەگاتە پێست، ئەمەش وشکبوونەوە و چرچولۆچبوونی پێستی لێدەکەوێتەوە، بۆیە تەنیا بە وازهێنان لە ئەلکحول پێسـت ئاسایی دەبێتەوە.

**کرداری هەرس باشتر دەبێت:**

کرداری هەرس باشتر دەبێت و ئازاری گەدە کەمتر دەبێتەوە، چونکە یەکێک لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەلکحول لەسـەر کۆئەندامی هەرس ئەوەیە ڕێژەی دەردانی ترشـی نێـو گەدە زیاد دەکات، ئەمەش بە نەڕێنی کاردەکاتە سەر گەدە و ئازار دروستدەکات.

### هەفتەی سێیەم

**ڕەشیی ژێر چاو نامێنێ:**

ئەوانەی بەردەوام ئەلکحول دەخۆنەوە، پێستی ژێر چاویان ڕەش و لۆچ هەڵگەڕاوە، بۆیە بە وازهێنان لە ئەلکحول ڕەشیی ژێر چاو نامێنێ.

**زوو خەبەرت دەبێتەوە**

خواردنەوەی ئەلکحول بەتایبەت لە شـەواندا دەبێتە هۆی ئـەوەی بەیانیان بە زەحمەت بە ئاگا بێیتەوە، چونکە ڕێژەی ئەلکحـول لە خوێندا هـەر دەمێنێ، بـەڵام دوای وازهێنان لە ئەلکحول بەهۆی ئەوەی چیدی ڕێژەی ئەلکحول لە جەسـتەدا نییە، بەیانیان بە ئاسانی بەخەبەر دێی.

**مەترسیی کلۆربوونی ددان کەم دەبێتەوە:**

کاتێک کەسـێک بەردەوام ئەلکحول دەخواتەوە ڕێژەیەکی کەمتر لیکی نێودەم دەردەدات، بەمەش مەترسیی کلۆربوونی ددانی زیاد دەکات.

**هەستی بۆن و تام ئاسایی دەبنەوە**

لە هەفتەی سێیەمی وازهێنان لە ئەلکحول هەستی بۆنکردن و تامکردنی خواردن ئاسایی دەبێتەوە.

### هەفتەی چوارەم

**کێشت دادەبەزێ:**

خواردنـەوەی مـەی هۆکارێکـی زیادبوونـی کێشـی جەسـتەیە، دوای ئەوەی واز لە خواردنەوە دێنی کێشـی جەستەت ئاسایی دەبێتەوە.

مەترسیی نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکات:

بەهۆی ئـەوەی ئەلکحول دەبێتە هـۆی بەرزبوونەوەی گوشـاری خوێن، مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ زیـاد دەبێت، بە وازهێنان لە ئەلکحول مەترسـییەکە بەڕێژەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

**مێشک باشتر کاردەکات**

خواردنـەوەی بەردەوامـی ئەلکحـول زیـان بـە دەمارەخانەکانی مێشک دەگەیەنێ و دەبێتە هۆی مردنیان، بەڵام دوای وازهێنان بڕێکی باشـتری ئۆکسجین بۆ مێشک دەڕوات، بەمەش مێشک بەشێوەیەکی باشتر کاردەکات.

# ژنان زیاتر لە پیاوان دەژین

رووداو- هەولێر

توێژینەوە پزیشـکییەکان ئاشـکرایان کـردووە خانمان لە پیاوان زۆرتر دەژین. بەپێی داتاکانی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا، تێکڕای تەمەنی پیاوان دەگاتە 76 ساڵ و تێکڕای تەمەنی خانمانیش دەگاتە 81 ساڵ.

د.پێرمیندەر ساچدیڤ، پسپۆڕی دەروونناسی لە گۆڤاری هێڵس تایمز لەبارەی هۆکاری ئەم جیاوازییەی تەمەندرێژیی خانمان دەڵێت: "پیاوان زیاتر روو دەکەنە خووە نادروستەکان، بۆ نموونە جگەرەکێشان و خواردنـەوەی ئەلکحـول، هەروەها کەمتر گرنگی بە تەندروسـتییان و پشـکنینی پزیشـکی دەدەن. لە کاتـی دەستنیشانکردنیشـیان بە نەخۆشییەک کەمتر پابەندی ڕێنمایی و چارەسەرییەکانی پزیشک دەبن".

پسپۆڕەکەی دەروونناسی یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئەوەی خانمان لە پیاوان تەمەندرێژترن دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆرمۆنی تێستۆسـتیرۆن لـە پیاوانـدا، کەمبوونـەوەی ئـەم هۆرمۆنـە مەترسـیی تووشـبوون بـە چەندیـن نەخۆشـیی درێژخایـەن زیـاد دەکات، بەتایبەت نەخۆشـییەکانی دڵ، لەبەرامبـەردا هۆرمۆنەکانـی مێیینە بەتایبەت ئیسترۆجین هۆکاری تەمەندرێـژی خانمانـە، چونکـە ئـەم هۆرمۆنـە کاریگەریی دژەئۆکسێنی هەیـە و ناوکەترشـی خانـەکان لـە گۆڕانـە بۆماوەییـەکان و زیانە دەرەکییەکان دەپارێزێ.



د. پێرمیندەر دەشـڵێت، جگـە لـە هۆرمۆنـی ئیسـترۆجین، میکانیزمەکانـی دیکەش هـەن لـە جەسـتەی خانمانـدا کە دەبنە هۆی تەمەندرێـژی، لەوانـەش لەکاتی سووڕی مانگانەدا لێدانـی دڵـی خانمـان خێراتـر دەبێت، ئەمەش نزیکەی هەمان کاریگەریی وەرزشـێکی مامناوەندی هەیە.

# بێکاری: هەڕەشە گەورەکەی سەر ئاسایشـ

پەیمانگەی بروکینگزی ئەمریکی:

## سیاسەتی حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی بێکاری سیاسەتێکی فاشیل بووە

**ڕووداو – هەولێر**

لە چارەکە سەدەی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا گەورەترین ڕێژەی بێکاریی گەنجانیان تێدا تۆمار کراوە لەسەر ئاستی جیهان، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیی ناسەقامگیری ئەم ناوچەیە بووە لە دەیەی ڕابردوودا. پەیمانگەی بروکینگزی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی 15 ساڵی ڕابردووی حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە کە بەشی زۆریان سیاسەتێکی فاشیل بوونە.

### ژمارە ترسناکەکان و سیاسەتی حکومەتەکان

لە سەرەتای ئەم سەدەیە، ناوچەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین و باکووری ئەفریقا کە بە (مێنا- MENA) ناسراوە، کورتکراوەی (Middle East and North Africa)، خاوەنی ژمارەی دانیشتووی گەنج و بەرزترین ڕێژەی بێکاریی گەنجان بووە لە جیهاندا. بەگوێرەی ڕاپۆرتی پەیمانگەی بروکینگز، ئەم دوو فاکتەرە لەپشت تێکچوونی سەقامگیریی ئەم ناوچەیە بوونە: "سیاسەتوانان هەستیان کرد دەبێ بەپەلە هەلی کاری پێویست دروستبکەن، بۆ ئەوەی لێشاوی گەنجانی ناوچەکە بکاتە خاوەن کار، سەرەڕای ئەوەش وڵاتانی ناوچەکە نەیانتوانی تا 2010 کێشەی بێکاریی دانیشتووە گەنجەکانیان چارەسەر بکەن کە دواجار لە 2011 بەهاری عەرەبی لێکەوتەوە".

بەگوێرەی داتاکانی بانکی جیهانی، ڕێژەی بێکاریی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە 2017 نزیکەی 30% بووە، بەو پێیەش ڕێژەی بێکاریی گەنجان لە (MENA) 17٪ زیاترە لە ڕێژەی بێکاریی گەنجان لە جیهاندا. جیا لەمە ژمارەیەکی زۆری ئەو گەنجانەش کە کاریان هەیە، ساڵانێکی زۆر بەدوای کاردا گەڕاون، ئەمەش قۆناغی "چاوەڕوانی"ی گەنجانی درێژ کردووە.

نادر قەببانی، ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی بروکینگز دەڵێت، درێژەکێشانی قۆناغی چاوەڕوانی لەلایەکەوە قۆناغی پێگەیشتن (زەماوەند، پێکەوەنانی ماڵ و بەشداریی مەدەنی)ی گەنجان دوادەخات، لەلایەکی دیکەشەوە وزەی سەردەمی گەنجێتی بەفیڕۆ دەدات.

هەرچەندە بارودۆخی ئابووریی وڵاتانی (مێنا) یەکجار جیاوازە، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەی بانکی جیهانیدا دەردەکەوێ، هەموو وڵاتانی ناوچەکە بەدەست بێکاریی گەنجانەوە دەناڵێنن. قەببانی پێیوایە هەرچەند قەیرانە داراییەکەی 2008ی جیهان، ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و شکانی نرخەکانی نەوت هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی بێکاریی گەنجان، بەڵام جەخت دەکاتەوە لەوەی فاکتەرە بونیادییەکان (واتە سیستەمی حوکمڕانی، کۆمەڵایەتی و ئابووری) هۆکاری سەرەکین.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، دەسەڵاتی فەڵەستینی بە 43٪ زیاترین ڕێژەی بێکاریی گەنجانی هەیە، دوای ئەو سعودیە بە 42٪، ئوردن بە 36٪ و تونس 36٪ لەدوای ئەو دێن. ڕێژەی بێکاری لە نێوان گەنجانی عێراق 16.75٪ تۆمار کراوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نزیکەی نیوەی دانیشتووانی عێراق تەمەنیان لەژێر 21 ساڵە و یەکێک لە گەنجترین وڵاتانی جیهانە.

ڕێژەی بێکاریی گەنجانی ناوچەی (MENA) ڕەهەندێکی ڕەگەزیشی هەیە. بەجۆرێک وەک چۆن ڕێژەی ئافرەتانی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، بەهەمانشێوە ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە بازاڕی کاریشدا بەرز نەبووەتەوە. لە ساڵی 2017 تەنیا 15٪ی ئافرەتانی ناوچەکە لە هێزی کاردا بوون و ڕێژەی بێکاریی ئافرەتە گەنجەکانیش 80٪ لە ڕێژەی بێکاری پیاوانی گەنج بەرزترە، لە کاتێکدا ڕێژە جیهانییەکەی ئەو جیاوازییە ڕەگەزییە 20٪ زیاتر نییە.

ڕاپۆرتەکەی بروکینگز کۆمەڵێک فاکتەر بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری دەخاتەڕوو، لەوانەش بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان و گۆڕانە دیمۆگرافییەکان، سیستەمی پەروەردەی بێبەرهەم کە ناتوانێ هێزی کاری بەتوانا دروستبکات. نەبوونی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار کە یارمەتی خەڵک بدات کار بدۆزنەوە، یەکنەگرتنەوەی داوای خەڵک و بڕی مووچەی کارەکان، لاوازیی کەرتی تایبەت و بەرزبوونی مووچەی کەرتی گشتی کە وای کردووە گوشارێکی زۆر بکەوێتە سەر حکومەت، بەو حاڵەشەوە ڕاپۆرتەکە پێیوایە گەورەترین فاکتەر ئەوەیە ئابووریی ئەو وڵاتانە ناتوانێ هەلی کاری گونجاو بۆ خەڵکەکەی دروستبکات.

نەبوونی هەلی کار ژمارەیەکی زۆری گەنجانی ناچار کردووە لە نێوخۆی وڵاتدا کۆچ بکەن، ئەمەش گوشارێکی زۆری لەسەر بازاڕی کار لە شارەکان دروستکردووە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەکی زۆری گەنجان بە یەکجاری ناوچەکە جێدەهێڵن. لە نێوان ساڵانی 2000 بۆ 2015 نزیکەی 8.4 ملیۆن کەس ناوچەی (MENA) یان جێهێشتووە، ئەو ژمارەیە کۆچی وڵاتانی

### هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری:

- بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتووان و گۆڕانە دیمۆگرافییەکان
- سیستەمی پەروەردەی بێبەرهەم کە ناتوانێ هێزی کاری بەتوانا دروستبکات.
- نەبوونی سیستەمی زانیاریی بازاڕی کار کە یارمەتی خەڵک بدات کار بدۆزنەوە.
- یەکنەگرتنەوەی داوای خەڵک و بڕی مووچەی کارەکان.
- لاوازیی کەرتی تایبەت و بەرزبوونی مووچەی کەرتی گشتی کە گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر حکومەت

# چی لە ئافرەتەکانی داعش دەکرێ؟



داعش دوو هێزی ئەمنی و سەربازی بۆ ئافرەتان دروستکردبوو

**ڕووداو – هەولێر**

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا دەیان هەزار ژن و منداڵ لە باغۆز سەرووەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕایانکردووە کە زۆربەیان هاوژین و منداڵی داعشن. لە ناو ئافرەتەکاندا ژمارەیەکی ڕۆژئاواییین و ژمارەیەکیش پێشتر چەکدار و پۆلیسی داعش بوون. پرسیارێک لە چەند هەفتەی ڕابردوودا حکومەتەکانی ڕۆژئاوا و دەسەڵاتە ئەمنییەکانی ناوچەکە بووەتەوە ئەوەیە چی لەو ئافرەتانە بکرێ.

### داعش و ژن

هەر لە ساڵی 2014وە داعش مامەڵەیەکی چەند لایەنەی لەگەڵ ئافرەتدا هەبووە، لە لایەکەوە چەکدارانی ئەو گروپە سەدان کچ و ژنی ئێزدیان کردبووە کۆیلە، لەلایەکی دیکەشەوە "جیهادی نیکاح"ی ڕاگەیاندبوو، بەڵام هەمان گروپ چەکدار و پۆلیسی ئافرەتیشی هەبوو کە بەگوێرەی داعش بەرگرییان لە "شەڕەفی خوشکەکانیان" دەکرد.

لە گەرمەی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا، داعش داوای لە ئافرەتان دەکرد چەک هەڵگرن، لە دوو ساڵی ڕابردووشدا ستایشی ڕۆڵی ئافرەتانی لە شەڕەکان کردووە، لێدوانی بەرپرسانی ئەمنی و ئیداریش ئاماژەن بۆ ئەوەی هەڵمەتەکەی داعش بە ڕاکێشانی ئافرەتان سەرکەوتوو بووە. مانگی ڕابردوو زوهەیر موحسین محەممەد ئەعرەجی، سەرۆکشارەوانی مووسڵ، بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاندبوو "دوای کەوتنی داعش لە مووسڵ، نیگەرانیمان لەبارەی ئافرەتە داعشەکانەوە زیاتر بووە".

ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ژێر دەسەڵاتی داعش بەشێک بوون لە هێزی لیوای خەنسا کە هێزی پۆلیسی ئافرەتانی داعش بووە و ڕۆڵی گەورەی لە سەرکوتی ئافرەتانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا هەبووە. جیا لەمە ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی دیکە لە لیوای ئوم ڕەیاندا ئەندام بوون کە لە شەڕ و پێکدادانەکاندا بەشدار بوون، بەدەر لەو ڕۆڵە سەربازی و ئەمنیانە، ئافرەتان بەشێکی سەرەکی لە پڕوپاگەندەی داعشیش بوون.

ڤێرا میرۆنۆڤا، شارەزای گروپە جیهادییەکان لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی، لە وتارێک لە (تایمز)ی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ژمارەیەک لەو ئافرەتانە بە ناچاری لەگەڵ هاوژینەکانیان چوونەتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش، لە کاتێکدا هەندێکیان ئەوەندە داعشێکی سەرسەخت کە ئامادە نەبوون لەگەڵ هیچکەسێکدا هاوسەرگیری بکەن، جگە لەو پیاوانە نەبێ کە شەڕکەری بەرەی پێشەوەن، چونکە ویستوویانە لە خێزانێکی تەواو جیهادیدا بن.

میرۆنۆڤا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری ئافرەتانی داعشی کەمپەکان قسەیکردووە و بۆی دەرکەوتووە هەندێک لەو ئافرەتانە لەبەر تۆڵە دەیانەوێ لە داهاتوودا لەگەڵ داعش بەردەوام بن، لەبەر ئەوەی هێزە عێراقییەکان تۆقاندوویانن، دەستدرێژییان کردوونەتە سەر یان ماڵ و حاڵیانی بە تەواوەتی تاڵان کردوون. شارەزا ئەمریکییەکە دەڵێت ئەو هەڵمەتە نوێیەی داعش بۆ ڕاکێشانی ئافرەتان هێندەی گوزارشت لە لاواز بوونی ریزەکانی داعش و کەمبوونەوەی چەکداری پیاو دەکات، هێندە ئاماژە نییە بۆ ئەوەی ڕوانگەی ئەو ڕێکخراوە بەرامبەر ئافرەت و ڕۆڵیان لە جیهادا گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

### ئافرەتە بیانییەکان

کەیسی ئافرەتە داعشە بیانییەکان کاتێک تەقییەوە کە شەمیمە بەگوم، ئافرەتی بەریتانی داعش و هودا مەسەننا، ئافرەتی ئەمریکی داعش داوای گەڕانەوە بۆ "وڵاتی خۆیان" کرد. بەگوم تەمەنی 15 ساڵ بوو کاتێک لە 2015 لەگەڵ دوو هاوڕێی دیکەی ڕوویان لە سووریا کرد. کۆتایی هەفتەی ڕابردووش هەواڵی مردنی منداڵەکەی بەهۆی هەوکردنی سییەکانی بڵاوبووەوە.

حکومەتی بەریتانیا لە چوارچێوەی بڕیاری "پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی" مافی هاووڵاتیبوونی لە بەگوم سەندووەتەوە. ساجد جاوید، وەزیری نێوخۆی بەریتانیا، ڕوونیکردبووەوە ئەو بڕیارە منداڵەکەی بەگوم ناگرێتەوە، بەڵام ڕەخنەگرانی حکومەت پێیانوایە دەسەڵاتی بەریتانی هیچی نەکرد بۆ ئەوەی منداڵەکە بهێنێتەوە بەریتانیا.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی واشنتنیش ڕایگەیاندووە هودا موسەننا ناتوانێ بگەڕێتەوە ئەمریکا. پاسپۆرتی موسەننا لە سەردەمی ئیدارەی پێشوودا سفرکرابووەوە.

شەش لێکۆڵەری ئەمریکی و ئەورووپی لە وتارێکی هاوبەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕۆژئاوا لە نێوان دوو ڕوانگەی سەرەکیدا گیری خواردووە. یەکێکیان ئافرەتە داعشەکان وەکو قوربانییەکی بێتاوان پیشاندەدات و ئەوەی دیکەیان دەیەوێ ئەو ئافرەتانە وەک کۆمەڵە دێوێک دەربخات کە دەبێ لە هەموو مافێک بێبەش بکرێن.

لێکۆڵەرەکان دەڵێن هیچکام لەو دوو بۆچوونە ئەوە لەبەر چاو ناگرن کە بەشداری ئافرەتان لە داعش هاوشێوەی بەشداریی پیاوان پاڵنەری ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی لە پشتە و پێویستی بە ڕێگەچارەی سیاسی، ئایدیۆلۆژی و یاسایی تۆکمەیە، ئەمەش دەبێ وەک توخمێکی سەرەکیی ناو "ستراتیژی قۆناغی پاش شەڕ" لەبەرچاو بگیرێ، ئەگینا ئەو پرسە ڕێگە بۆ بەردەوامبوونی توندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ڕۆژئاواییش خۆشدەکات.

بەگوێرەی ئاژانسی بەریتانیی (ڕۆیتەرز)، هەتا کۆتایی هەفتەی ڕابردوو زیاتر لە 62 هەزار ئافرەت، منداڵ و چەکداری داعش لە باغۆز ڕایانکردووە و زۆرینەیان لە کەمپی هۆل سەر بە پارێزگای حەسەکە جێگیرکراون. بەشێکی زۆر لەوانەی لێدوانیان لێوەرگیراوە باس لەوە دەکەن بە فەرمانی سەرکردایەتی داعش، بە گوتەی خۆیان "خەلیفە و ئەمیری موئمینین" ڕایانکردووە. یەکێک لەو ئافرەتانە بە ناوی ئوم نوح، ئافرەتێکی بەلجیکی داعش، بە باڵاپۆش و ڕووپۆش و دەستکێشی ڕەشەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندووە "داعش لە دڵمان دایە، ئەگەر هەمووشمان بکوژن، هەر خۆشمان دەوێ". ئوم نوح کە خاوەنی سێ منداڵە، ئامادە نییە بگەڕێتەوە بۆ بەلجیکا، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتە بەشێک بووە لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی.

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا فۆکەسی میدیاکان لەسەر ئەو ئافرەتە بیانیانە بووە کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان، بەڵام کێشە گەورە و درێژخایەنەکە ئافرەتە سووری، عێراقی و ئافرەتەکانی وەکو ئوم نوحن کە سوورن لەسەر ئەوەی لە ناوچەکە بمێننەوە و درێژە بە "جیهاد" بدەن. لە کاتێکدا هەسەدە ژێرخان و هێزێکی مرۆیی و دامەزراوەی دادوەریی ئەوەندە بەرفراوانی نییە کە بەهۆیەوە چارەنووسی ئەو ژمارە زۆرەی ئافرەت و منداڵی داعش یەکلابکاتەوە.

قووڵایی ئەو کارەساتەی کە چاوەڕێی ناوچەکە دەکات لە لێدوانی خۆبەخشێکی نێودەوڵەتی لە کەمپی هۆل دەردەکەوێ کە بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی دەڵێ "ئەمە کارەساتە، ناتوانین ئەو هەموو خەڵکە ڕابگرین". ڕاگرتنی ئەو خەڵکە تەنیا خۆراک و پێداویستییەکان نییە، بەڵکو دەبێ بەپێی پابەندییان بە داعش و ڕابردوویان لەو ڕێکخراوە جیابکرێنەوە و بۆ دادگایی ئامادە بکرێن، هەروەها چارەنووسی منداڵەکانیشیان یەکلابکرێتەوە.

تەنیا ئەو سێ پرۆسەیە پێویستیان بە ستاف و کاتێکی یەکجار زۆرە. لەو کەس بە کەسەی ئێستای باغۆز و چارەنووسی ڕۆژئاڤای کوردستان لەدوای کەوتنی یەکجاریی داعش، ئەستەمە هەسەدە و هاوپەیمانان تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوە لەو کێشەشیان هەبێ کە دەکرێ لە چەند ساڵی داهاتوودا سەر ئێشەی گەورەتر لەوەی ئێستا بۆ ناوچەکە دروست بکات.

ئەمریکا بۆ هاوپەیمانان:

# خۆتان یەکلایی بـ

**ڕووداو – هەولێر**

ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێ پلانێک بۆ سەقامگیریی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و ڕێگری لە سەرهەڵدانەوەی داعش دابڕێژێ، بۆ ئەوەش داوای لە هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی کردووە دوا بڕیاری خۆیان لەسەر مانەوە یان دەرچوونی هێزەکانیان لە سووریا بدەن.

بەرپرسانی ئەمریکی بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)یان ڕاگەیاندووە کە حکومەتی ئەمریکا داوای لە هاوپەیمانە سەرەکییەکانی لە شەڕی دژی داعش کردووە وەک بەشێک لە هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی بمێننەوە و ڕێگە لە سەرهەڵدانەوەی داعش لە سووریا بگرن. تورکیا، فەرەنسا و بەریتانیا لە نێوان ئەو هەشت وڵاتەن کە ئیدارەی ئەمریکی ئەو داوایەی ئاراستە کردوون.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو پلانە ڕێگری لە سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان هێزەکانی تورکیا و هێزەکانی سووریای دیموکراتە کە لە ساڵی 2015 بە دەستپێشخەری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) و بە پاڵپشتی ئەمریکا و هاوپەیمانان دامەزراوە.

بەرپرسێکی بەریتانی بە مەرجی ئاشکرانەکردنی ناوەکەی، بە ماڵپەڕی (ئەلمۆنیتەر)ی ڕاگەیاندووە: "دەمانەوێ لەگەڵ ئەمریکییەکان باسی پلانەکەیان (بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا) بکەین، بەڵام وەک وەزیری دەرەوەشمان گوتوویەتی، هێزەکانمان ناتوانن شوێنی هێزە ئەمریکییە کشاوەکان بگرنەوە".

کۆتایی ساڵی ڕابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزە سەربازییەکەی وڵاتەکەی لە سووریا دا، بەڵام مانگی ڕابردوو پاشگەز بووەوە و ڕایگەیاند کە 400 سەربازی ئەمریکی لە سووریا دەمێننەوە. بەرپرسێکی ئەورووپی دیکەش بە ماڵپەڕەکەی گوتووە: "ئەگەر ئەو 400 سەربازەی ئەمریکاش بمێننەوە، فەرەنسا و بەریتانیا ناتوانن شوێنی ئەو سەربازە ئەمریکییانە بگرنەوە کە دەکشێنەوە".

### پلانەکەی ئەمریکا

وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لە دوایین پلانی ئیدارەی ترەمپدا هێزێکی ئەمریکی لە شاری مەنبج جێگیر دەکرێ و لەگەڵ سوپای تورکیا چاودێری دۆخی ئەمنی دەوروبەری مەنبج دەکەن. هێزێکی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات دەبن، ئەم هێزە چاودێری ناوچەی ئارامی نێوان سووریا و تورکیا دەکەن. بە گوتەی بەرپرسانی سەربازی، ئەو هێزانە مەشق و ڕاوێژی سەربازیش پێشکەش بە هێزە لۆکاڵییەکان دەکەن.

هێزی سێیەمی ئەمریکا لە شارۆچکەی تەنف لە باشووری سووریا دەبن، ئەو هێزانە وەک بەشێک لە بەرەنگاربوونەوەی دوایین پاشماوەکانی داعش و ڕێگری لە فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو ناوچەیە جێگیر دەبن.

ئێس 400ی ڕووسی هەڕەشە لە یەکگرتـ

## سیستمی دژەمووشەکیی ڕووسـ

# تورکیا لەبەردەم بـ



ئەمریکا تا کۆتایی ئەم مانگە مۆڵەتی بە تورکیا داوە بڕیاری خۆی لەبارەی کڕینی سیستمی دژە مووشەکەکەی بدات

# ـى ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست




كه‌نداو له‌خۆناگرێ.

له ساڵی 2004 بانكی جیهانی هۆشداری دا كه وڵاتانی ناوچه‌ی مێنا ده‌بێ له بیست ساڵی یه‌كه‌می ئه‌م سه‌ده‌یه‌دا 97 ملیۆن هه‌لی كار دروستبكه‌ن. سێ ساڵ دواتر هه‌مان ناوه‌ند ڕایگه‌یاند "وه‌به‌رهێنان له گه‌نجان هۆكارێكی سه‌ره‌كیی گه‌شه‌ی ئابوورییه". حكومه‌ته‌كانی ئه‌و ناوچه‌یه له 2000 وه بۆ 2015 ژماره‌یه‌كی زۆر دامه‌زراوه، ده‌ستپێشخه‌ریی تایبه‌ت به به‌رزكردنه‌وه‌ی توانای گه‌نجانیان ڕێكخست. ڕاپۆرته‌كه‌ی برووكینگز ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌كات كه زۆربه‌ی ئه‌و هه‌وڵانه له‌سه‌ر مه‌شق و ڕاهێنان بوون. په‌ره‌پێدانی توانای كارسازی و خزمه‌تگوزارییه‌كان و پرۆگرامه‌كانی دامه‌زراندن ته‌نیا ٪10ی هه‌وڵه‌كانیان پێكده‌هێنا.

## سیاسه‌تی فاشیل

قه‌ببانی ده‌ڵێت سیاسه‌توانانی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست ده‌یانزانی بۆچی بێكاریی گه‌نجان كێشه‌یه‌كی گرنگه، ده‌شیانزانی ده‌بێ چی بكرێ، له‌وانه‌ش چاكسازیی به‌شی په‌روه‌رده، به‌رزكردنه‌وه‌ی توانا و شاره‌زایی هێزی كار، لادانی ئه‌و یاسایانه‌ی به‌ربه‌ستی گه‌شه‌كردنی كه‌رتی تایبه‌ت بوون. خاڵی شكستی وڵاتانی ناوچه‌كه ئه‌وه بوو نه‌یانزانی چۆن سیاسه‌ته‌كانی تایبه‌ت به دامه‌زراندنی گه‌نجان جێبه‌جێ بكه‌ن، بۆیه‌ش شكستی ئه‌وان له‌وباره‌دا "شكستی حوكمڕانی" بوو.

ئاماده‌كاری ڕاپۆرته‌كه جه‌خت له‌وه ده‌كاته‌وه كه "ناكرێ گه‌شه‌یه‌كی ئه‌وتۆ له دامه‌زراندنی گه‌نجاندا بێته‌ئاراوه، ئه‌گه‌ر ژماره‌ی كاره‌كانی ناو بازاڕ یه‌كجار كه‌م بێ. ئه‌گه‌ر وڵاتێك ته‌نیا ئاستی په‌روه‌رده‌یی و شاره‌زایی هێزی كاری به‌رز بكاته‌وه، بێ ئه‌وه‌ی هه‌لی كاری نوێ دروست بكات، ئه‌وه دواجار ژماره‌یه‌ك گه‌نجی به‌سه‌ر ده‌سته‌وه ده‌مێنێ كه بێكارن، یان كارێكی گونجاویان نییه".

به‌پێی ڕاپۆرته‌كه، دروستكردنی ژماره‌یه‌كی زۆری هه‌لی كار پێویستی به چالاككردنی كه‌رتی تایبه‌ته، ئه‌مه‌ش واده‌خوازێ ئه‌و ڕێسا و ڕێوشوێنه زیاده‌ لابدرێن كه سنوور بۆ گه‌شه‌ی ئه‌و كه‌رته داده‌نێن، له‌وانه‌ش ڕێوشوێنه یاسایی و بیرۆكراتییه نادروسته‌كان كه زیانی گه‌وره به ژینگه‌ی ئابووریی وڵاتان ده‌گه‌یه‌نن.

# ـكه‌نه‌وه له سووریا ده‌مێننه‌وه یان نا



تەنیا فه‌ره‌نسا قایل بووه هێزه‌كانی له سووریا بهێڵێته‌وه

به‌رپرسانی ئه‌وروپی ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌كه‌ن كه هه‌تا بڕیاره‌كه‌ی كانوونی یه‌كه‌می ترەمپ (سه‌باره‌ت به كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی ئه‌مریكا)، پلانی ئه‌وان ئه‌وه بوو كه هه‌موو هاوپه‌یمانان پێكه‌وه له سووریا ده‌ربچن، به‌ڵام پێش ده‌رچوونیان ده‌بووایه قۆناغی سه‌قامگیركردنه‌وه و مه‌شقی هێزه لۆكاڵییه‌كان ته‌واو بكه‌ن. به‌رپرسێكی ئه‌وروپی له‌وباره‌وه به ڕۆژنامه ئه‌مریكییه‌كه‌ی گوت "هه‌موو كات جه‌ختمان ده‌كرده‌وه كه پێكه‌وه هاتووین (بۆ ناو شه‌ڕی داعش) و پێكه‌وه‌ش لێی ده‌رده‌چین".

له دوو مانگی یه‌كه‌می 2019 دا به‌رپرسانی سه‌ربازی و دیپلۆماته ئه‌مریكییه‌كان ده‌یانویست قه‌ناعه‌ت به هاوتا ئه‌وروپییه‌كانیان بهێنن ئه‌وان شوێنی هێزه‌كانی ئه‌مریكا بگرنه‌وه و ناوچه‌ی ئارام بپارێزن، به‌ڵام وڵاتانی ئه‌وروپی به‌و پلانه ڕازی نه‌بوون و گوتبوویان ئه‌وانیش له‌گه‌ڵ ئه‌مریكییه‌كان ده‌كشێنه‌وه.

كاربه‌ده‌ستانی باڵای وه‌زاره‌تی به‌رگریی ئه‌مریكا له لێدوانیاندا بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ) ڕایانگه‌یاندووه كه ئه‌و 400 سه‌ربازه ئه‌مریكییه له‌سه‌ر داوای ئه‌وروپییه‌كان له سووریا ماونه‌ته‌وه، چونكه پێویستیان به پشتیوانی هێزی ئاسمانی، لۆجیستیك و هێزی كاردانه‌وه‌ی خێرای ئه‌مریكایه. به‌گوته‌ی كاربه‌ده‌سته‌كانی پێنتاگۆن، ئه‌وروپییه‌كان ژماره‌ی هێزه‌كانیان بۆ گرنگ نییه، ئه‌وان بۆیان گرنگه هێزێكی ئه‌مریكی له‌وێ بێ كه گه‌ره‌نتی به‌رده‌وامی هاوكاری و پشتیوانییه سه‌ربازی و ئاسمانییه‌كان به ئه‌وروپییه‌كان بدات.

تاوه‌كو ئێستا ته‌نیا فه‌ره‌نسا قایل بووه هێزه‌كانی له سووریا بهێڵێته‌وه، ئه‌ویش داوای ورده‌كاریی زیاتری له‌باره‌ی پلانه‌كه‌ی ئه‌مریكا كردووه. هه‌رچی ئه‌مریكایه ڕۆژی هه‌ینی وه‌كو دوا واده‌ی خۆیه‌كلاكردنه‌وه‌ی ئه‌وروپییه‌كان داناوه، به‌ڵام ئه‌وروپییه‌كان پێیانوایه ڕۆژی هه‌ینی جارێ سه‌ره‌تای گفتوگۆیه‌كی درێژه له‌باره‌ی ستراتیژی هاوپه‌یمانان بۆ سووریا.

ڕۆژی پێنجشه‌ممه‌ی ڕابردوو ژه‌نه‌راڵ جۆزێف ڤۆتێل، فه‌رمانده‌ی هێزه‌كانی ئه‌مریكا له ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست له كاتی وه‌ڵامدانه‌وه‌ی پرسیاره‌كانی لیژنه‌ی هێزه سه‌ربازییه‌كانی ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌رانی ئه‌مریكا، ڕایگه‌یاند: "بوونی هاوپه‌یمانان ڕۆڵێكی سه‌ره‌كی له هه‌وڵه‌كانی ئه‌مریكا له سووریا ده‌گێڕێ".

له هه‌فته‌ی دووه‌می مانگی شوباته‌وه، هه‌سه‌ده و هاوپه‌یمانێتی نێوده‌وڵه‌تی ده‌ستیان به هه‌ڵمه‌تی كۆنترۆڵكردنه‌وه‌ی ناوچه‌ی باغۆز له پارێزگای دێره‌زوور كردووه. هه‌تا ڕۆژی هه‌ینیی ڕابردوو زیاتر له 62 هه‌زار كه‌س له باغۆز ڕایانكردبووه لای هێزه‌كانی هه‌سه‌ده. باغۆز به دوایین ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی سووریا له قه‌ڵه‌م ده‌درێ كه به ئاشكرا له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی داعش مابێ.

ڤۆتێل له‌به‌رده‌م ئه‌نجوومه‌نی نوێنه‌ران ڕایگه‌یاند كه ورده‌كاریی پلانێكیان بۆ قۆناغی دوای كه‌وتنی ته‌واوه‌تی داعش ئاماده كردووه، له پلانه‌كه‌شدا جه‌خت له‌سه‌ر به‌رده‌وامی شه‌ڕی هاوپه‌یمانان له‌دژی داعش ده‌كرێته‌وه و تێیدا بیر له به‌شداریی هاوبه‌شه‌كانی ئه‌مریكاش كراوه‌ته‌وه.

به‌شێك له ئاڵۆزیی مه‌سه‌له‌كه په‌یوه‌ندیی به‌وه‌وه هه‌یه هه‌تا ئێستا ئه‌مریكییه‌كان و ئه‌وروپییه‌كانیش به‌رچاویان ڕوون نییه ئاخۆ له قۆناغی دوای تێكشكانی به‌ته‌واوه‌تی داعش، به‌شداری سه‌ربازیی هێزه‌كانیان له ناوچه ئازادكراوه‌كان چه‌نده ده‌بێ و چالاكییه‌كانیان له چ جۆرێك ده‌بن.

هاوپه‌یمانێتیی نێوده‌وڵه‌تیی دژی داعش به سه‌ركردایه‌تی و ده‌ستپێشخه‌ریی ئه‌مریكا له ئه‌یلوولی 2014 بۆ تێكشاندنی خه‌لافه‌ته‌كه‌ی داعش دروستكرا، هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه هه‌ست ده‌كرا بۆشاییه‌كی ستراتیژی گه‌وره له پلانی هاوپه‌یمانێتییه‌كه بۆ قۆناغی دوای داعش هه‌یه. به‌گوێره‌ی ڕاپۆرته‌كه‌ی (جورناڵ)ی ئه‌مریكی ئه‌وروپییه‌كان پێیانوایه ئه‌وان بۆ تێكشكاندنی داعش هێز و یارمه‌تییان ڕه‌وانه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست كردووه و بۆیه‌ش گۆڕینی هه‌نگاوه‌كان له قۆناغی دوای ڕووخانی خه‌لافه‌ت ئاسان نابێ، له كاتێكدا ئه‌مریكا پلانی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ئێرانیشی وه‌ك خاڵێكی سه‌ره‌كیی ستراتیژی خۆی بۆ سووریا داناوه.

ئه‌مریكا و هاوپه‌یمانان ڕایانگه‌یاندووه تاكه ڕێگه بۆ چاره‌سه‌ریی قه‌یرانی سووریا ده‌ستپێكردنی قۆناغی گواستنه‌وه له چوارچێوه‌ی پرۆسه‌ی جنێف به چاودێریی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان بووه. ئه‌و بۆچوونه له‌گه‌ڵ ڕوانگه‌ی ڕووسیا بۆ داهاتووی سووریا یه‌كناگرێته‌وه كه له كۆتایی سه‌ره‌تای 2017‌ه‌وه به ڕه‌زامه‌ندی توركیا و به به‌شداری ئێران پلاتفۆرمی ئاستانه‌ی له ده‌ره‌وه‌ی دانوستاندنه‌كانی جنێف داناوه. ڕووسیا سووره له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌سه‌د له‌سه‌ر كورسی ده‌سه‌ڵات بمێنێته‌وه و ته‌نیا كۆمه‌ڵێك چاكسازیی له ده‌ستووری سووریادا بكرێ.

ئارۆن ستاین، لێكۆڵه‌ر به‌ڕێوه‌به‌ری پرۆگرامی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست له په‌یمانگای ئه‌مریكیی سیاسه‌تی ده‌ره‌وه، له دیمانه‌یه‌كی (ئه‌لمۆنیته‌ر) پێیوایه ئه‌مریكییه‌كان "هیوایان وایه ئه‌گه‌ر هێزێك له سووریا بهێڵنه‌وه، ده‌توانن ڕووسیا له ڕوئیای خۆیان بۆ داهاتووی سووریا نزیك بكه‌نه‌وه. ئه‌مه خه‌یاڵه، به‌ڵام وادیاره كۆمه‌ڵێك به‌رپرسی باڵای كۆشكی سپی بڕوایان به خۆیان هێناوه كه ده‌كرێ ئه‌م هه‌نگاوه ئه‌و ئاكامه‌ی لێبكه‌وێته‌وه".

پاتریك ڕایده‌ر، گوته‌بێژی فه‌رمانده‌یی هێزه هاوبه‌شه‌كانی ئه‌مریكا، له‌وه گه‌شبینتره و جه‌خت ده‌كاته‌وه له‌وه‌ی "پلانه سه‌ربازییه‌كان له‌گه‌ڵ هاوپه‌یمان و هاوبه‌شه‌كانمان به‌رده‌وامن، هه‌تا ئێستاش ڕاوێژ و گفتوگۆكان درێژه‌یان هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی بزانین له كام بواردا ده‌توانن باشترین به‌شدارییان هه‌بێ، به كورتییه‌كه‌ی ئێستا له‌سه‌ر ڕێگه‌ی ڕێككه‌وتنین".

## ـوویی ناتۆ ده‌كات

## ـیا یان ئه‌مریكا هه‌ڵده‌بژێرێ؟

# ـڕیارێكی یه‌كلاكه‌ره‌وه‌دایه

ڕووداو- هه‌ولێر

توركیا بڕیاری داوه سیسته‌مێكی مووشه‌كی له ڕووسیا بكڕێ، له كاتێكدا هه‌تا ئێستا چاره‌نووسی ئه‌و سیسته‌مه مووشه‌كییه دیار نییه كه بڕیار بوو له ئه‌مریكای بكڕێ. ململانێكانی ئه‌مجاره‌ی واشنتن و ئه‌نقه‌ره هه‌ڕه‌شه له یه‌كگرتوویی ناتۆ ده‌كه‌ن، ئه‌گه‌ری ئه‌وه‌ش به‌رزده‌كه‌نه‌وه كه ئه‌مریكا جارێكی دیكه سزا به‌سه‌ر هاوپه‌یمانه‌كه‌ی خۆیدا بسه‌پێنێ.

حكومه‌تی ئه‌مریكا هه‌تا كۆتایی ئه‌م مانگه‌ی كات به توركیا داوه بڕیاری خۆی له‌باره‌ی سیسته‌می دژه‌مووشه‌كی ئه‌مریكی بدات كه به ڕایسیۆن په‌تریۆت ناسراوه و نرخه‌كه‌ی 3.5 ملیار دۆلاره. ئه‌مریكا ئه‌و واده‌یه به "دوا واده‌ی نه‌رم" ناوده‌بات، به‌و مانایه‌ی ئه‌گه‌ری درێژكردنه‌وه‌ی ماوه‌كه هه‌یه. به‌ڵام له سه‌رده‌می سه‌رۆكایه‌تیی دۆناڵد ترەمپدا دواخستنی گرێبه‌ست مه‌ترسی به‌دواوه‌یه.

ساڵی ڕابردوو كێشه‌ی دیپلۆماسی هه‌ردوو وڵات له‌سه‌ر چاره‌نووسی قه‌شه‌یه‌كی ئه‌مریكی دۆخه‌كه‌ی گه‌یانده ئه‌وه‌ی ئه‌مریكا سزای دارایی به‌سه‌ر كۆمه‌ڵێك به‌رپرسی توركیادا بسه‌پێنێ، ئه‌مه‌ش نرخی لیره‌ی به‌شێوه‌یه‌كی به‌رچاو دابه‌زاند. هه‌فته‌ی ڕابردوو، سه‌ره‌ڕای دڵنیاییه‌كانی بانكی ناوه‌ندیی توركیا ڕێژه‌ی

> **توركیا كاتی به‌ده‌سته‌وه نییه بیر له كڕینی سیستمێكی دیكه‌ی دژه‌مووشه‌كی بكاته‌وه**
>
> شاره‌زایه‌ك

نرخی لیره به ڕێژه‌ی 1.5% دابه‌زی، هۆكاره‌كه‌شی بۆ نیگه‌رانی بازرگانه‌كان له دوایین گرژییه‌كانی وڵاته‌كه‌یان له‌گه‌ڵ ئه‌مریكا ده‌گه‌ڕایه‌وه.

په‌یوه‌ندییه‌كانی توركیا و ئه‌مریكا به‌شێوه‌یه‌ك تێكچوون كه هه‌ندێك ڕووداوی ئاساییش ناڕه‌زایه‌تیی لایه‌نه‌كانی لێده‌كه‌وێته‌وه. هه‌فته‌ی ڕابردوو، مێلانیا ترەمپ، خانمی یه‌كه‌می ئه‌مریكا، سه‌ردانی باخچه‌یه‌كی منداڵان له ئۆكلاهۆمای كرد، توركیا ڕایگه‌یاند باخچه‌كه سه‌ر به جه‌ماعه‌تی گوله‌نه و ڕه‌خنه‌ی له ئیداره‌ی ئه‌مریكا گرت.

له‌ڕووی به‌شداریی سه‌ربازییه‌وه ئه‌مریكا و توركیا هێزی یه‌كه‌م و دووه‌می ناتۆن، په‌یوه‌ندییه‌كانی ئه‌و دوو وڵاته‌ش هیچكات به‌و شێوه فره‌لایه‌نه‌ی ئێستا هه‌ڕه‌شه‌ی له‌سه‌ر نه‌بووه. حاڵی حازر توركیا و ئه‌مریكا له‌سه‌ر چاره‌نووسی باكووری ڕۆژهه‌ڵاتی سووریا، په‌یوه‌ندییه‌كانی ئه‌مریكا و هێزه‌كانی ڕۆژئاڤای كوردستان، سزاكانی سه‌ر ئێران، چاره‌نووسی فه‌تحوڵڵا گوله‌نی سه‌رۆكی بزووتنه‌وه‌ی خزمه‌ت و ده‌ستبه‌سه‌ربوونی ستافی كۆنسوڵخانه‌ی ئه‌مریكا له توركیا ناكۆكن. كێشه‌ی سیسته‌می دژه‌مووشه‌ك ڕه‌هه‌ندێكی قووڵتر به‌و كێشانه ده‌دات.

توركیا پێشنیازی ئه‌مریكا له‌باره‌ی سیسته‌می دژه‌مووشه‌كی ڕایسیۆن په‌تریۆتی ڕه‌تنه‌كردووه‌ته‌وه، به‌ڵام ڕه‌جه‌ب ته‌یب ئه‌ردۆغان، سه‌رۆككۆماری توركیا، له دیمانه‌یه‌كی هه‌فته‌ی ڕابردووی له‌گه‌ڵ كه‌ناڵ 24 ڕایگه‌یاند "ئێمه پرسی (ئێس 400)مان بڕاندووه‌ته‌وه، شته‌كان ته‌واوكراون و گه‌ڕانه‌وه‌ی تێدا نییه. ئێمه له‌گه‌ڵ ڕووسه‌كان گرێبه‌ستمان كردووه به‌رهه‌مهێنانی هاوبه‌ش ده‌ستپێده‌كه‌ین، دوای ئه‌وه‌ش كار له‌سه‌ر (ئێس 500) ده‌كه‌ین". كه نه‌وه‌یه‌كی داهاتووی ئه‌و سیسته‌مه دژه‌مووشه‌كه له قه‌ڵه‌م ده‌درێ.

وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریكا هه‌ڕه‌شه له توركیا ده‌كات ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر هاوكارییه مووشه‌كییه‌كانی له‌گه‌ڵ ڕووسیا به‌رده‌وام بێ، ئه‌وه ئه‌مریكا به گرێبه‌سته سه‌ربازییه‌كانی له‌گه‌ڵ توركیادا ده‌چێته‌وه، له‌وانه‌ش گرێبه‌ستی تایبه‌ت به فڕۆكه‌ی جه‌نگیی (لۆكهید مارتن ئێف 35)ه.

پێشتر ئه‌مریكا ڕازی ببوو 100 دانه له‌و فڕۆكانه به ئه‌نقه‌ره بفرۆشێ و تاوه‌كو ئێستا دوو له‌و فڕۆكانه‌شی ڕه‌وانه‌ی توركیا كردووه، به‌ڵام ساڵی ڕابردوو كۆنگرێس فه‌رمانی ده‌ركرد ناردنی فڕۆكه‌ی زیاتر ڕابگرن. ئه‌مریكا ده‌توانێ له چوارچێوه‌ی یاسای به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی دژبه‌ره‌كانی ئه‌مریكا، سزا به‌سه‌ر توركیادا به‌سه‌پێنێ.

ڕۆژی هه‌ینی، وه‌زاره‌تی به‌رگریی ئه‌مریكا به توندی هه‌ڕه‌شه‌ی له توركیا كرد و ڕایگه‌یاند ئه‌گه‌ر توركیا له‌سه‌ر گرێبه‌سته مووشه‌كییه‌كه‌ی له‌گه‌ڵ ڕووسیا به‌رده‌وام بێ "لێكه‌وته‌ی سه‌ربازیی گه‌وره‌ی ده‌بێ". یه‌كێك له لێكه‌وته‌كانیش ئه‌وه‌یه توركیا له به‌شێكی زۆری پیشه‌سازیی سه‌ربازیی ئه‌مریكا بێبه‌ش ده‌كرێ.

سیسته‌می دژه‌مووشه‌كی (ئێس 400) نوێكردنه‌وه‌ی سیسته‌مێكی دیكه‌یه كه به (ئێس 300) ناسراوه و ڕووسیا ڕه‌وانه‌ی سووریای كردووه. جگه له توركیا، هه‌ر یه‌ك له سعوودیه، قه‌ته‌ر، چین، هیندوستان به‌نیازی كڕینی (ئێس 400)ن. شاره‌زایان پێیانوایه هۆكاری نیگه‌رانیی ناتۆ و ئه‌مریكا له بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌و سیسته‌مه ته‌نیا بۆ پێشكه‌وتووبوونه‌كه‌ی ناگه‌ڕێته‌وه، به‌ڵكو هۆكاره سه‌ره‌كییه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه هه‌ڕه‌شه له‌سه‌ر هاوپه‌یمانییه‌كان دروست ده‌كات.

ئه‌وه‌ی توركیا له وڵاتانی دیكه‌ی كڕیاری ئه‌و سیسته‌مه جیاده‌كاته‌وه، ئه‌ندامێتیی ئه‌و وڵاته‌یه له ناتۆدا. سیسته‌می به‌رگریی مووشه‌كیی توركیا له‌گه‌ڵ سیسته‌می به‌رگریی ناتۆدا یه‌كخراوه، بۆیه‌ش كڕینی (ئێس 400) هه‌م كێشه و هه‌م مه‌ترسیش بۆ سیسته‌می به‌رگریی ناتۆ دروستده‌كات. كێشه‌كه ئه‌وه‌یه چۆن سیسته‌می به‌رگریی ڕووسی له‌ناو سیسته‌مه‌كه‌ی ناتۆدا جێی ده‌بێته‌وه؟ چۆن په‌یوه‌ندی له نێوان داتاكانی سیسته‌می به‌رگریی ناتۆ و سیسته‌مه‌كه‌ی ڕووسیا دروستده‌كرێ.

به‌رپرسانی سه‌ربازیی ناتۆ و ئه‌مریكا هۆشداری ده‌ده‌ن مه‌ترسییه‌كانی ئه‌و تێكه‌ڵكردنه‌ی سیسته‌می مووشه‌كیی ڕووسیا و ناتۆ له كێشه‌كانی گه‌وره‌ترن. گه‌وره‌ترین مه‌ترسیش ئه‌وه‌یه ڕووسه‌كان ده‌ستیان به زانیارییه هه‌ره ورده‌كانی سیسته‌میی به‌رگریی ناتۆ ڕابگات و له كاتی پێویستدا به‌كاریبهێنن.

هه‌رچی حكومه‌تی توركیایه ده‌ڵێ به‌شێك له پاره‌ی سیسته‌مه‌كه‌ی داوه، شاره‌زایانیش پێیانوایه ئه‌سته‌مه ئه‌ردۆغان پێش هه‌ڵبژاردنی شاره‌وانییه‌كان له 31ی مانگ كێشه‌ی ڕووسیا بۆ خۆی دروستبكات و له ڕێككه‌وتنه‌كه بكشێته‌وه. ئۆزگور ئونلوهیسارچیكلی، له ناوه‌ندی جێرمه‌ن مارشاڵ فاند، ئاماژه بۆ ئه‌وه ده‌كات كه "هه‌تا ئێستا توركیا بۆ یه‌كجاریش باسی ئه‌وه‌ی نه‌كردووه ڕه‌نگه بیركردنه‌وه‌یان له‌باره‌ی ئه‌و سیسته‌مه‌وه بگۆڕێ"، له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه "توركیا ده‌یه‌وێ بناغه‌یه‌كی هاوبه‌ش بدۆزێته‌وه بۆ مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ڕووسیا له سووریا، كاتێكی ئه‌وه‌نده زۆریشی به‌ده‌سته‌وه نه‌ماوه بۆ ئه‌وه‌ی جارێكی دی بیر له كڕین یان نه‌كڕینی سیسته‌مه‌كه بكاته‌وه".

له‌و دۆخه‌ی ئێستا ئه‌گه‌ری سزای ئه‌مریكا له‌سه‌ر توركیا زیاتره. هه‌فته‌ی ڕابردوو ئۆفیسی نوێنه‌رایه‌تی بازرگانی ئه‌مریكا ڕایگه‌یاند توركیا له لیستی ئه‌و وڵاتانه لاده‌درێ كه ده‌توانن بێ باج و ڕسووماتی گومركی كاڵا ڕه‌وانه‌ی بازاڕه‌كانی ئه‌مریكا بكات. نووسینگه‌كه جه‌ختی له‌وه كردووه‌ته‌وه بڕیاره‌كه سیاسی نییه، به‌ڵكو په‌یوه‌ندی به‌وه‌وه هه‌یه كه ئابووری ئه‌و وڵاته به‌پێی پێویست پێشكه‌وتووه و چیدی پێویستی به پشتگیری ئه‌مریكا نییه.

ئولوچ ئۆزولكه‌ر، دیپلۆماتی خانه‌نشینی توركیا، له‌باره‌ی دۆخی دیپلۆماسی وڵاته‌كه‌ی به (ڕۆیته‌رز)ی ڕاگه‌یاندووه "ئه‌مریكا له لایه‌ك و ڕووسیا له لایه‌كی دیكه، ئێمه له‌و نێوانه گیرمان كردووه. توركیا ناتوانێ له‌و قه‌یرانه ده‌ربچێ".





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کام پارێزگار بۆ کەرکووک؟

ئێستا یەکێک لە گرێکوێرەکانی نێوان پارتی و یەکێتی کە دانانی پارێزگاری کەرکووک بوو، خەریکە بەرەو کرانەوە دەچێت. بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی نێوانیان لە 4ی ئادار، وا پێکهاتوون کە ئەو پرسە بۆ کەسی یەکەمی ئێستای هەردوو حیزبەکە جێبهێڵن و بەڕێککەوتنی (بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ) پارێزگارێکی کورد لە یەکێتی دابنرێت. هەرچەندە بەدووریش نازانرێت بەهۆی هەستیاریی تورکیا و ئێران سەبارەت بە کەرکووک، ماوەیەک پرۆسەی دانانی پارێزگار دوابکەوێت، بەتایبەت کە ئێستا تورکیا لەبەردەم هەڵبژاردندایە و ڕەنگە هەروا بە ئاسانی ڕێگە بەوە نەدات ئیدارەی ئەو شارە تەسلیم بە کورد بکرێتەوە. چ لەڕێگەی گوشارە ڕاستەوخۆکانی بۆ سەر هەرێم و بەغدا و هەروەها لە ڕێگەی تورکمانەکانی کەرکووکیشەوە دەتوانێت گرفتی بهێنێتە پێش، لانیکەم تا دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکان.

گەرچی لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە تا کۆتایی حوکمی پاشایەتی، سەرجەم پارێزگارەکانی کەرکووک کورد بوون و هیچ عەرەبێک تا کۆتایی پەنجاکان نەکراوەتە پارێزگاری کەرکووک، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوکات کورد خاوەن هیچ ئیدارەیەکی خۆبەڕێوەبەرێتی نەبوو، ناکرێت ئەو قۆناغە وەک ئەزموونی حوکمڕانی کورد لە کەرکووک ئەژمار بکرێت. ئەوەی کە دەبێت بکرێتە بناغە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیدارەی کورد لە کەرکووک، لە دوای کەوتنی سەدامەوەیە. لە 2003 تا 2017 کورد دوو ئەزموونی لەبەردەستن لە دانانی پارێزگاری کورد بۆ شارەکە کە هەردووکیان کاندیدی (ی.ن.ک) بوون، یەکەمیان وەک بێلایەن و دووەمیان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی بوو، هەردووکیشیان لەلایەن مام جەلال و کاک مەسعودەوە بڕیار لە دانانیان درا. سێیەم پارێزگاریش هەر لەلایەن یەکێتییەوە و بە ڕەزامەندی بارزانی دیاری دەکرێت، هەرچەندە هێشتا مەعلوم نییە چ کارەکتەرێک بۆ ئەم قۆناغە دەستنیشان دەکەن، بەڵام دانانی پارێزگاری ئەمجارە بەهۆی ئەو هەلومەرجە تایبەتەی ئێستای کەرکووکەوە پێویستی بە بڕیاری بەرپرسیارانەتر هەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرجی دوای کەوتنی سەدام و گەڕانەوەی کورد بۆ شارەکە و بڕیاردان لەسەر دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک، ئەوکات سەرباری ئەوەی چەند ساڵێک بوو شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی کۆتایی هاتبوو، بەڵام هێشتا متمانە لەنێوانیان بەهێز نەبوو، دوو ئیدارە و دوو زۆنی سیاسی تایبەت بەخۆیان هەبوو. لە هیچ شوێنێکی کوردستان تێکەڵ بەیەک نەبووبوونەوە. لە چوونەوەمانەوە بۆ کەرکووک، یەکەم شوێنێک ئەم دوو هێزەی پێکەوە بەستەوە کەرکووک بوو. لەگەڵ تورکمان بێ ئەوەی هیچ کێشە و ئاڵۆزییەک هەبووبێت، بەڵام حەساسیەتێکی زۆر لە نێوان کورد و تورکمان هەبوو. عەرەبی زاڵ لە شارەکە کە عەرەبی تەعریب بوون، بەهۆی ئەوەی کرابوونە ئامرازی داگیرکاری ماڵی کورد، بەچاوی دوژمنایەتییەوە تەماشای کوردیان دەکرد. ئەمریکا لە ترسی تەقینەوەی ناکۆکی نێوان پێکهاتەکان، گوشاری جۆراوجۆری لەسەر کورد هەبوو. تورکمان و عەرەب بەچاوێکی کەم لە کوردیان دەڕوانی و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆیان لەسەرووی کوردەوە دەبینی. بۆیە لەو دۆخەدا بەپلەی یەکەم قبوڵکردنی پارێزگارێکی کورد بۆ شارەکە دەستکەوتێکی گەورە بوو.

یەکێتیی بە دیاریکردنی کەسایەتییەکی خاوەن پێگە و ڕێزلێگیراو بۆ پارێزگار، توانی ئەو بەستەڵەکەی نێوان پێکهاتەکان بتوێنێتەوە و هەرسێ پێکهاتەی تورکمان و عەرەب و مەسیحی، کورد قبوڵ بکەن. ماوەی ئەو حەوت ساڵەش تا قۆناغی دووەمی ئیدارەی کورد لە کەرکووک، هیچکام لەو پێکهاتانە کێشەیان لەگەڵ ئیدارە نەبوو، ئەوەی وەک ناکۆکی و کێشەگەلێکی جیاواز سەریان هەڵدا، لەناو ئەنجوومەنی پارێزگا بوو کە ئەگەر لەو دەستپێکەوە کورد بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنیش هاوشێوەی ئیدارە کەسێتییەکی کەرکووکی ناحیزبی دانابایە، ڕەنگە ئێستا کەرکووک بە جۆرێکی تر بووایە. لە قۆناغی دووەمی دانانی پارێزگارەوە کێشەکان گواسترانەوە بۆ کێشەی پێکهاتەکان لەگەڵ ئیدارەی شارەکە کە ئیدارەیەکی کوردی بوو. ئەنجامەکەشمان بینی کە کەرکووک بە چ دۆخێکی خراپ گەیشت.

ئەگەر بەراوردێکی ئەو دوو قۆناغە بکەین، ئەوە لە یەکەمیاندا قۆناغی قبوڵکردنی کورد و پتەوکردنی ژێرخانی ئیدارەی کوردی بوو لە کەرکووک، لە دووەمیشیاندا هەڵوەشانەوەی پەیوەندیی پێکهاتەکان و دروستبوونی وێنایەکی ناشرین بۆ دەسەڵاتی کوردی و هەڵتەکاندنی ئەو متمانەیەی پێشتر دروستبووبوو. هۆکارەکەشی ئەو بازنە حیزبییە بوو لە چواردەوری ئیدارەی شارەکە کە کەرکووکیان گەیاندە دۆخێک، ئەگەر ڕۆژانە گوێ لە کوردی کەرکووک بگرین لە کەناڵە میدیاییەکانەوە کاتێ باسی هەژموونی حەشدی شەعبی و سەپاندنی حوکمی عەسکەر دەکەن بەسەر شارەکەدا، خەڵکانێکی زۆر دەڵێن ئێستایان باشترە (دەڵێن لە دەستی دز و مافیا ڕزگارمان بوو). دەبێت بپرسین کێ حوکمی کەرکووکی دەکرد وا بە دەسەڵاتی مافیا ناوزەد دەکرێت. لە کاتێکدا سەتان پێشمەرگە و ئاسایش و خۆبەخشی کورد ڕۆحیان کردە قوربانی پاراستنی کەرکووک لە پەلاماری داعش. ئەگەر پێشمەرگە نەبووایە کەرکووکیش هاوشێوەی شارە سوننییەکان لەگەڵ زەویدا تەخت دەکرا، کەچی ئەنجامەکەی بەو جۆرەیە تورکمان و عەرەب و بەشێکی کوردیش نەفرەت لەو ڕۆژانە بکەن کە کورد دەسەڵاتی بەڕێوە دەبرد. دەبێت هەڵوەستە لەئاستی ئەو تێڕوانینە بکرێت کە بەرانبەر بە دەسەڵاتی کورد لە کەرکووک دروست بووە.

سەرباری ئەو ناڕەزایەتیەش بەرانبەر بە حوکمی کورد لە کەرکووک، بەڵام بەهۆی ڕەفتارەکانی پارێزگاری بە وەکالەتی کەرکووکەوە (ڕاکان جبوری) کە پرۆسەی بەعەرەبکردن بەڕێوە دەبات، کوردی کەرکووک لە قۆناغی کاردانەوەدایە، خەریکە هەستێکی بۆ دروست دەبێت کە خۆی وەک چەوساوە و مەزڵوم ببینێتەوە. ئەمە بۆ کاتێکی وەک ئێستا کە لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگادایین، گرنگە. ئەگەر بەباشی وەبەربهێنرێ ڕەنگە ببێتەوە مایەی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی کورد لە کەرکووک. بۆیە دیاریکردنی کارەکتەر بۆ پارێزگار لەم هەلومەرجەدا هەستیاری زیاتری پێویستە، چونکە بەدانانی پارێزگار ئەو هەستی کاردانەوەیە کۆتایی دێت کە ئێستا بەرانبەر بە تەعریبچییەک هەیە.

کەواتە دەبێت کەسێک بکرێتە پارێزگار قەرەبووی ئەو دۆخە سایکۆلۆجییەی کورد بکاتەوە. ئەگەرنا ئەوە مەرج نییە دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کورد ببێتە دەستکەوت. ڕاستە گرنگە کوردێک پارێزگار بێت، بەڵام پێویستە کوردێکی باش بێت. ئەگەر ڕەچاوی ئەوە نەکرێت کەسێکی شایستە و گونجاو بۆ ئەم قۆناغەی کەرکووک دابنرێت، ڕەنگە لەم دۆخی بەردەم هەڵبژاردنەدا پارێزگارێکی خراپی عەرەب خێری بۆ کورد زیاتر بێت لە پارێزگارێکی کوردی خراپ.

دەبێت سەرکردایەتی یەکێتی بەتایبەتیش ئەوانەی زیاتر ئیدیعای ئەوە دەکەن درێژە بە ڕێباز و سیاسەتی مام جەلال دەدەن، ئەوە لەبەرچاو بگرن یان ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن، بۆچی مام جەلال نەجمەدین کەریمی هێنا و کردی بە پارێزگار و خستییە سەرووی بەشێکی زۆری ئەوانەی 35 ساڵ بوو شانبەشانی مام سەرکردایەتی ئەم شۆڕشەیان دەکرد. هۆکارەکەی ڕوون بوو، چونکە نەیدەویست ئەوانەی تر بکات بە پارێزگار. لە کاتێکدا ئەوکات دۆخی کەرکووک بەراورد بە ئێستا (وەک شامی شەریف وابوو).

* * *



ڕەحمان غەریب

# تەپوتۆزی دارمانەکەیان نەبینی

کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی تیمی کابینەی هەشت لەبارەی لابردنی پاشەکەوتی مووچە، بومەلەرزەیەک بوو لەناو ئەو یەقینە سیاسییەی پشووی نەدەدا، شەو و ڕۆژی خستبووە سەر یەک، تا بیسەلمێنێ کە ریفراندۆم هەموو دەرگاکانی بەڕووی کوردستاندا داخستووە و تەنانەت پەنجەرەیەکیش نەماوە بۆ ڕوانین لە داهاتووی ئەم ئەزموونە، لایان ئاسایی بوو بۆ ئەوەی کابینەیەکی یەکێتی و پارتی بڕووخێت، کوردستانیشی بەدەمەوە بڕوا.

یەقینیان هەبوو (نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی) دەکەونە ژێر داروبەردی کابینەی هەشتەوە، بۆیە نەک بە هێمنی کشانەوە، بەڵکو کردیانە بۆنەیەکیش بۆ موزایەداتی سیاسی ء چاوەڕوانی بینینی تەپوتۆزی دارمانەکە بوون، کورد واتەنی ئاو بوەستایە ئەمان نەدەوەستان. یەقینیان هێندە قایم بوو، تەنانەت بۆ ساتێکیش بیروڕاکانیان نەخستە ژێر تیلسکۆبی ڕێژەییبوون.

باسم لە لابردنی پاشەکەوت نییە ء وەک کەسێکی چەپ پێموایە کۆی سیاسەتی ئابووری ئەم حکومەتە کە لەسەر بناغەی بازاڕی بەربەرەڵا دامەزراوە، پێویستی بە چاوپێداخشانەوە هەیە، بەڵکو هەندێکیان ئەوەندە هەڵەن دەبێت لە بنچینەوە هەڵتەکێ وەک ئەوەی کە حکومەت بە ڕێکخراوەیی لەبەردەم چاوچنۆکیی کەرتی تایبەت پاشەکشە دەکات. کەرتی گشتی ڕەزیل ء سەفیل دەکات تا بۆ خزمەتگوزارییەکانی خوێندن ء تەندروستی و هی تریش، پەنایان بۆ ببەین ء گیرفانی هەژاران هەڵتەکێنن.

من قسەم لەسەر ئەو یەقینەیە کە دەیگوت: ریفراندۆم دوا بزمار بوو لە تابووتی ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان درا ء ریزیان بەستبوو بچن بینێژن. کشانەوە و پاکانەیان کرد، نوقڵانەی دارمانی ئەزموونی حوکمڕانی هەرێمی کوردستانیان لێدا، بەڵام خاوەن ئیرادە کەم بوون، کەم بوون ئەوانەی دەستیان بە ئومێدەوە گرتبوو، کەم بوون ئەوانەی لە کۆتایی تونێلەکە تروسکایی ئومێدیان دەبینی (نێچیرڤان ئیدریس بارزانی ء قوبادی مام جەلال) دوو کەسە گەشبینەکەی ناو ئەو زەمەنە ئاڵۆز و تاریکە بوون.

هاوپەیمانەکانیان لەناو حکومەت و دەرەوەش تەماشاکەرێکی دڵڕەق بوون، بۆ ئەوەی یەکێتی و پارتی و کابینەی هەشت بڕوخێت، ئامادەبوون ئەزموونی حوکمڕانی کوردستانیش بکەنە قوربانی ئەم یەقینەیان. هەق وا بوو ڕێژەیەک دابنێن بۆ هەڵە، تا ناچار نەبن سەرلەنوێ بچنەوە سەرباسی یەکڕیزی.

ئیتر ئەزموون وامان فێر دەکات کە زۆر بۆچوون ء هەڵوێستی سیاسی چونکە حساباتی ڕێژەییبوونی تێدا نەکرا، رادەستی ڕەهابوون و موتڵەقگەرایی ء یەقینی سیاسی کرا، لە نێوان ڕەنگی ڕەش ء سپیدا ڕەنگە کاڵ ء تۆخەکانی ڕەساسییان نەبینی، لەیەک سووچەوە تەماشای تابلۆ گەورەکەی کوردستانیان کرد، بۆیە حزب ء خاوەنەکانیانی تووشی ئیحراجبوونی زۆر کرد.

هەوڵی بەشداریی حزبەکان لە کابینەی نۆ سەلمێنەری ڕاستی ڕێژەییبوونە لە دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی، ئەوەی کە بەتەواوی دوێنی بەلاتەوە هەڵە بووە، ئێستا بەڕاستی دەزانیت. لێرەدا سیاسەت نەک هونەری مومکین، بەڵکو هونەری دەربازبوونیشە لە کەوتنە ناو خەرەندی موتڵەق.

ئیدی ئەمجارەیان نەڕووخا، خۆ گەر هەر خەونی سیاسیتان بوو تا تەپوتۆزی دارمانی کابینەی نۆ ببینن، نە ئەوەندە ئاسانی بکەن کە خوار هەژدە ساڵیش بتوانێت دەنگی لەسەر بدات، نە ئەوەندەش ئاڵۆز کە زانای ئەتۆمیش سەری لێ دەرنەکات. پەنا بۆ وردبینی پیشەی بەرگدروو بەرن، جوان قوماشەکە بپێون، ئەوسا مقەستی لێبدەن.

* * *



ئازاد وەلەدبەگی

# کۆچی مێشکەکان

ئەمڕۆ هێز و توانا و پێگەی هەر وڵاتێک بە سەرمایە زانستییەکانی ئەو وڵاتە دەپێورێت، نەک بە ئاستی سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوینییەکانی وڵات. ئەوەی کە گرنگە، توانا و سەرچاوە و هێزی مرۆییە و هەموو سەرچاوە مادی و مەعنەوییەکانی وڵاتیش دواجار بۆ خزمەتی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤن. زاراوەی کۆچی مێشکەکان بریتییە لە کۆچی هێزی پسپۆڕ و شارەزا بۆ دەرەوەی وڵات کە لە وڵاتانی گەشەنەکردووەوە بەرەو وڵاتانی گەشەکردوو کۆچ دەکەن و سەرمایە و سامانی زانستی و هزریی خۆیان دەخەنە خزمەتی ئەو وڵاتەی کۆچی بۆ دەکەن. دیاردەی کۆچ لە ئەنجامدا، هەل و توانای داهێنان و بەرهەمهێنان و پرۆسەی گەشەکردن لە وڵاتانی گەشەنەکردوودا دەوەستێنێ یان دوایدەخات.

بەپێی تیۆری نەتەوەگەرایی، کۆچی سەرمایە مرۆییەکان کە بە بەشێکی جیانەکراوەی گەشەکردنی ئابووری-کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێن، دەبێتە هۆی لەدەستچوونی هێزی مرۆیی شارەزا و پسپۆڕ کە ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ئابووریی وڵات دەبێت و لە ئەنجامدا لە قازانجی دەوڵەتانی گەشەکردوو و بە زیانی وڵاتانی جیهانی سێیەم کۆتایی دێت. ئەو سەرمایە مرۆییانە کە هەر یەکەیان سەدان هەزار دۆلار لە سامانی گشتی وڵاتیان بۆ خەرجکراوە هەتا گەیشتوونەتە ئەو ئاستە، ئێستا بە پێگەیشتوویی دەچنە وڵاتێکی گەشەکردوو، لەوێ تواناکانی خۆیان دەخەنە خزمەت ئەو وڵاتانەوە.

هۆکار و فاکتەرەکانی کۆچ دەرئەنجامی کاردانەوەی سروشتیی نوخبەکانە بەرامبەر بە کۆمەڵێک لەو کەلێن و ناهاوسەنگییە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و ڕۆشنبیرییانەی کە لە وڵاتی دایکدا بەدیدەکرێن، ئەمەش دەتوانێ لەژێر کاریگەری تایبەتمەندی کەسیی کۆچبەران، کەلێن و ناهاوسەنگییە کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابوورییە ناوخۆییەکان و سیستەمی نێودەوڵەتیدا بێت.

بەپێی ئامارێک، لە هەر 10 عێراقی یەک کەس وڵاتی بەجێهێشتووە. ژمارەیەکی بەرچاوی ئەم کەسانە خەڵکانی شارەزا و پسپۆڕن وەک پزیشک، ئەندازیار، ئەکادیمی، یاساناس و پسپۆڕانی کارگێڕی و ئابووری و هتد. هەروا لە نێوان ساڵانی 1980-2002 نزیکەی چوار ملیۆن عێراقی ئەم وڵاتەیان بەجێهێشتووە کە 380-400 هەزار کەسیان خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا بوون بە تایبەت لەناو کورد و شیعە، ئەوەش لەو سەردەمەی ئەتمۆسفێری سیاسی وڵات دژ بەوان بووە. پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 نزیکەی 10 هەزار کەسیان گەڕانەوە عێراق، بەڵام نەبوونی ژێرخانی دروستی گەشەکردن، نەبوونی ئاسایش، گرفتە سیاسی-ئابوورییەکان، تەشەنەکردنی گەندەڵی لەناو دامودەزگاکان و نیپۆتۆکراسی (خزمخزمێنە لەناو سیستەمی سیاسی) ڕەوتی گەڕانەوەیان سست کرد. لە هەمان کاتدا، لە پاش ساڵی 2003 بەهۆی جەنگی تایفی، کۆچی سوننەکان بۆ دەرەوەی عێراق زیاتر بوو. لە پاش جەنگی داعش لە ساڵی 2014 شەپۆلێکی دیکەی کۆچ دەستپێکرد و هەتا ئێستا بەردەوامە کە پتر لەناو خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا بەدیدەکرێت. بەپێی ئاماری فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراقی کە بارەگاکەی لە شاری لەندەنە، لە ساڵی 2015 هەتا 2017/3/20 زیاتر لە 250 هەزار هاووڵاتی عێراقی ئەم وڵاتەیان بەجێهێشتووە و لە وڵاتانی ئەوروپا داواکاری مافی پەنابەرییان پێشکەش کردووە. لەم ژمارەیەش لە نێوان 55-60 هەزار کەسی هاووڵاتی هەرێمی کوردستانن. بەپێی قسەی وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی عێراق، تەنیا لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا نزیکەی 20 هەزار پزیشکی عێراقی کۆچیان کردووە کە ئەمەش کەرتی تەندروستی عێراقی ڕووبەڕووی قەیران کردووەتەوە.

بێگومان کوردستانی باشووریش وەک بەشێک لە عێراق چەندین قۆناغی کۆچی تاقیکردووەتەوە. قۆناغی یەکەم لە 1975-1990 دەستپێدەکات کە لەم قۆناغەدا پتر بە هۆکاری سیاسی سەدان هەزار هاووڵاتی کورد وڵاتیان بەجێهێشت و ڕوویان لە وڵاتانی دراوسێ و ڕۆژئاوایی کرد. قۆناغی دووەمی کۆچ لە 1991-2002 دەستپێدەکات کە لەم سەردەمە بەهۆی جەنگی ناوخۆیی پارتی و یەکێتی، ئابڵوقەی ئابووری و ناسەقامگیری و ناڕوونیی ئایندەی هەرێمی کوردستان، دەیان هەزار کەس کوردستانیان بەجێهێشت و ڕوویان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کرد. دەتوانین هۆکارەکانی کۆچی ئەم قۆناغە بە پلەی یەکەم ئابووری و پاشان سیاسی لە قەڵەم بدەین. لە ساڵی 2003 و پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس شەپۆلی کۆچ وەستا و تەنانەت کۆچی پێچەوانەش لە دەرەوە بۆ کوردستان دەستیپێکرد، ئەم ڕەوتە هەتا ساڵی 2013 بەردەوام بوو. قۆناغی سێیەمی کۆچ لە ساڵی 2014 دەستپێدەکات کە هەتا ئێستا بەردەوامە و چەندین فاکتەر لە پشت ئەم قۆناغەوە هەن وەک هێرشی داعش، قەیرانی ئابووری لە کوردستان، لاوازبوونی ژێرخانەکانی گەشەکردن، مۆنۆپۆلکردنی دامودەزگەی سیاسی- کارگێڕی، گەندەڵی، ناسەقامگیریی سیاسی، نائومێدبوون لە ئایندەی کوردستان، نەبوونی شایستەسالاری و چەندین فاکتەری تر.

ئەوەی جێی سەرنجە لە شەپۆلی کۆچی ئێستا، کەسانی نوخبە و پسپۆڕ بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو دەکەون، ئەمەش دەتوانێ ئاماژەیەکی نەرێنی بێت بۆ داهاتووی گەشەکردنی وڵات، چونکە پڕکردنەوەی بۆشایی ئەو نوخبانە هەروا ئاسان نییە و جگە لە تێچووی ماددی، پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە هەتا نەوەیەکی نوێی کەسانی پسپۆڕ پێبگەن.

پێشکەوتن و گەشەکردنی پیشەسازی، تەکنیکی، ڕۆشنبیری، ئابووری و سیاسی، جیهانی مۆدێرنی پەیوەندییەکان، خۆشگوزەرانی و پێدانی ئیمتیازاتی جۆراجۆر لەلایەن وڵاتانی گەشەکردوو، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتانە ئامراز و شێوازی بەهێزیان بەدەستەوە بێت بۆ ڕاکێشانی مێشکەکانی وڵاتانی گەشەنەکردوو، کە لە ئەنجامدا کۆچی نوخبەکانی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش بێگومان کاریگەریی نەرێنی لەسەر وڵاتانی گەشەنەکردوو بەجێدەهێڵێ.

دۆخی نالەبار و نەهەموار وا دەکات نوخبەکان بەدوای کۆمەڵگەیەکی ئارامتر و باشتردا بگەڕێن، بۆ ئەوەی پاڵنەریان بێت هەتا بتوانن توانا و لێهاتوویی خۆیان بخەنەگەڕ و داهێنان بکەن و زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن. هەربۆیە جێی خۆیەتی بۆ چارەسەرکردنی دیاردەیەکی لەم جۆرە و پاراستنی ئەو نوخبانە، ئەم بابەتە ببێتە کەرەستەی چەندین توێژینەوە لە ناوەندە ئەکادیمییەکان و هەروا داڕشتنی ستراتیژێکی هەمەلایەنەی نیشتمانی لەلایەن حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە و کەڵکوەرگرتن لەو توانا و پسپۆڕییانە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی گەشەکردنی وڵات. هەروا پێویستە، هۆکارەکانی پاڵنەری نوخبەکان بۆ کۆچ کەم بکرێنەوە و هۆکارەکانی ڕاکێشەر بۆ مانەوەیان زیاتر بکرێن وەک باشترکردنی بازاڕی کار و بژێوی، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، شایستەسالاری، متمانەکردن بە نوخبە ناوخۆییەکان و بەرزکردنەوەی پێگەی نوخبەکان لەناو سیستەمی سیاسی- کارگێڕی و هتد.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# دیوە شاراوەکەی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی

1

دوای نزیکەی 12 ساڵ لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان بارزانی و تاڵەبانی، لە 4ی ئادارادا، یەکێتی و پارتی جارێکی دیکە ڕێککەوتنێکی سیاسی و دابەشکاریی پۆستەکانیان ئیمزا کرد. لە کاتێکدا کە وا چاوەڕوان دەکرا یەکێتی دوای ئەو ڕێککەوتنە ئیتر بتوانێ خۆی ساغ بکاتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی دواتری دەریخست کە ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنەش بەشێکە لە هەوڵی سیستەماتیکی ئەو حیزبە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یەکێتی لە 18ی شوباتدا، لەلایەن پارتی، گۆڕان و هێزە سیاسییەکانی دیکەی بەشدار لە پەرلەمان، سیحری کات کوشتنەکەی بەتاڵ کرایەوە، بۆیە کە دیتی کات لە دژی ئەو کار دەکات و هەڵەیەکی کوشندەی کردووە کە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی وەرنەگرتووە، کەوتەخۆ. ئەوانەی لە 17ی شوبات (لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی) دەیانویست لەبەر یەک خاڵ، 18 خاڵی ڕێککەوتنەکە ڕەت بکەنەوە، لە 18ی شوبات و دوای بینینی بێمنەتیی پارتی، ویستیان هەڵەکە ڕاست بکەنەوە؛ دیتیان خەریکە پارتی و گۆڕان بەبێ ئەوان نەک هەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەموار دەکەنەوە و سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێرن، بگرە بێ ئەوان حکومەتیش پێکدێنن. بۆیە کۆسرەت ڕەسوڵیان کردە واجیهەی ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی. لە ڕواڵەتدا ئێستا کۆسرەت ڕەسوڵ سەرکەوتووە و ئیمزای خستووەتە سەر ڕێککەوتنێکی عادیلانە لەگەڵ پارتی، بەڵام پێچەوانەکەشی ڕاستە کە ئەگەر سەرکردایەتی یەکێتی نەتوانێ ڕێز لەو ئیمزایە بگرێ و لەناوخۆی خۆیاندا نەتوانن ڕێکبکەون، سیحری ئەو ئیمزایەش بەتاڵ دەبێتەوە و بەهایەک بۆ مەکتەبی سیاسی و بڕیارەکانی نامێنێ.

ئەوانەی لە 18ی شوباتدا دۆڕاندیان، یارییەکی زیرەکانەی دیکەیان کرد و بە ڕێککەوتنی 4ی ئادار دیسان پارتییان بە بارمتە گرتەوە. ئەوان دەزانن پارتی ڕێز لە ئیمزای کۆسرەت ڕەسوڵ و نێچیرڤان بارزانی دەگرێت و، دوای ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنە ئیتر چاوەڕێی یەکێتی دەکات و لەگەڵ گۆڕاندا، هەنگاوی تاکلایەنە ناهاوێت. دیسان پارتی دەکەوێتەوە ناو هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە ئەگەر یەکێتی بیەوێ بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە یاری بە کات بکات، یان بیەوێ هەموو ململانێ ناوخۆییەکانی خۆی لەسەر حیسابی پارتی یەکلا بکاتەوە، دەبێ دیسان پارتی خۆی لەو تەڵەیەش ڕزگار بکات و چاوەڕێی یەکێتی نەکات، بگرە کەی هاتن ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات.

## ئەگەری بەریەککەوتنی گۆڕان و یەکێتی

2

گۆڕان یەکەم لایەن بوو کە پیرۆزبایی لە ڕێککەوتنی چواری ئاداری نێوان پارتی و یەکێتی کرد، بەوەش ویستی بڵێ کە ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و پارتی لەسەر حیسابی یەکێتی نەبووە تا ئێستا پێی نیگەران بێت. پارتی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە پێداگریی لەسەر بەشداریی گۆڕان لە حوکمڕانیدا کردووە و وا بە ئاسانیش گۆڕان نافرۆشێت. پارتی گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە گۆڕانی ڕیشەیی لەسەر کەلاکی ڕێککەوتنی ستراتیژی کە هەموو شتێک پەنجا بە پەنجا بووە، لەگەڵ یەکێتیدا ناکرێت. ئەمڕۆ بەرنامەی چاکسازیی پارتی و گۆڕان بۆ ئایندەی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر لێکنزیکن و تەنانەت لە کابینەی هەشتەمیشدا، نێچیرڤان بارزانی نەک هەر وەزیرەکانی گۆڕان، بگرە هەموو وەزارەتەکانی سەرپشک کرد بۆ ئەوەی بێ گەڕانەوە بۆ ئەو چاکسازی بکەن. یەکێتی، ئەندازیاری تێکدانی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و گۆڕان و بە پلەی سەرەکیش نەوشیروان مستەفا و بارزانی بوو (لە کاتێکدا کە ئەوان لەسەرەتادا پێداگر بوون لەسەر ئەوەی دەبێ حەتمەن گۆڕان لە حکومەتدا بەشدار بێت!).

ئێستا پەرلەمانتارانی پارتی، بە هەمان نەفەسی پەرلەمانتارەکانی گۆڕان لە 2009 کار دەکەن، تەنانەت هەندێکیان بە ڕەتکردنەوەی مووچە و خانەنشینی و، ئیمتیازاتی پەرلەمانتاری ئەو نەفەسەشیان تێپەڕاندووە. بۆیە یەکێتی کە لەسەر کەلاکی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نووستووە و هەموو جۆرە چاکسازییەک لە مووچە و خانەنشینیی کادیرەکانی بە هێڵی سوور دەبینێ بۆ سەر پێگە جەماوەرییەکەی، زۆر نابات تووشی بەرکەوتن لەگەڵ شەپۆلی ئەو ئاراستە چاکسازییە دەبێت کە لە داهاتوودا بەڕێوەیە.

ئەگەر یەکێتی نیەتی ئەوەی هەبووبێت کە بە هێشتنەوەی گۆڕان لە دەرەوەی حوکمڕانیدا، بزووتنەوەکە بخنکێنێ، ئەوا گۆڕانیش بە بەشداریی لە حکومەت و جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتدا، دەست لە بینەقاقای یەکێتی دەنێت. هەر بۆیە لە ئێستاوەڕا یەکێتی کەوتووەتەخۆ تا پێش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی ئیمزا بکات. ڕێککەوتنی پارتی و گۆڕان بنچینەی چاکسازی و بە دامەزراوەییکردنی حوکمە لە کوردستان، بۆیە دەبێ هەردوولا دەستی پێوە بگرن، ئەوەی یەکێتی و پارتیش بە هەموو بگرە و بەردەکانیەوە، ئەخیرەن بۆ دابەشکاریی پۆست و گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی حوکمی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی.

## یەکێتی ئاوا دەبێتە حزبی یەکەم

3

پاڤڵ یان (بافێڵ) تاڵەبانی، لەم ڕۆژانە گوتبووی کە یەکێتی دەکەنەوە بە حزبی یەکەمی کوردستان! دەڵێن: کوڕ هات و بە باوکی گوت: بابە لە ماراسۆن سێیەم بووم. باوکی گوتی دەک داوەشێی! جەماعەت گوتیان: بۆ سێیەمییش باشە! باوکی گوتی: ئاخر هەموو ماراسۆنەکە هەر سێ کەس بوون..

زۆر بە کورتی، لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلولەوە، یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە بە حیسابی خۆی پرۆژەی ئەڵتەرناتیڤی پارتی بووە، لە 1983 نەیانتوانی لە حوکمی زاتییەکەی 1970 زیاتریان دەستبکەوێ، لە 1987 دوای هەرەسی شۆڕشی نوێیان هاتنەوە باوەشی پارتی، لە 1992 هەڵبژاردنیان دۆڕاند و پارتی کردنی بە شەریکی حوکم، لە 1996 شەڕی ناوخۆیان دۆڕاند، لە 1998 بە ڕێککەوتنی واشنتن و دواتر لە 2007 جارێکی دیکە هەستانەوە، هەڵبژاردنەکانی 2009، 2013 و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییان بە گۆڕان دۆڕاند. پوختەی کەلام حزبی یەکەمی کوردستان خاوەنی نەک 45 بگرە 58 کورسییە و یەکێتیش کە خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێ، خاوەنی 21 کورسییە! مەگەر ئەوەی کە لە ماراسۆنەکەدا تەنها یەکێتی بەشدار بووبێت، وەک 16ی ئۆکتۆبەر.



هیوا ئەحمەد

# کێ ڕووخا، ئێمە یان بەعس؟

کورد تەنیا زمانەکەی لە عەرەب جیاوازە، ئەگینا دین و ژین و مێنتاڵیەت و دونیابینی و کولتوور و تێڕوانینی بۆ کۆی کایە جیاوازەکانی ژیان هەر عەرەبییە. تەنانەت جۆری خواردن و ئەندازەی خانوو وماڵیشیان زۆر نزیکە لە عەرەبەوە.

هەر بۆیە عەرەب پێویستیان بەوە نییە کوردستان داگیربکەن، چونکە ئێمە لەباتی ئەوان لێرە دەژین. نایەوێت جوندی بەسرە و سامەڕا و و عەمارە و تکریت لێرە، لەم کوێستانە سەرکەشەدا بدەن بە کوشت، چونکە ئێمە لەڕووی کولتوورییەوە داگیرکراوین، ئێمە خۆمان نین، ئەوانین جا بە زمانی کوردی.

ئێمە لە دوو ئاستدا دەبوو بەعس لەناوببەین، یەکەمیان ئاستە فیزیکیەکەیەتی کە ڕاماڵینی سوپا و حکوومەت و ئیدارەیان بوو، ئەمەش بەباشی بەڕێوەچوو. دووەمیان ڕاماڵینی ئەنگێزەی بەعسیزم و بەعسیگەری بوو لە ناو عەقڵیەت و مێنتاڵێتی کورددا. سڕینەوەی ئەو خەیاڵدانە عەرەبیە بوو کە بەعس لە لاشعور و نائاگایی ئێمەدا چاندبووی.

ئێمە بەعسمان لەناو دەسەڵاتدا دەبینی و هەر لەو ئاستەشدا دژایەتیمان دەکرد، لەکاتێکدا بەعس بەرهەمی گەشەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو. بەرهەمی عەقڵیەتێک بوو، لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی- ئابووریدا، بەرهەمهاتبوو، کە بە زۆر پێوەر ئێمەش وەک کورد کوڕی هەمان ژینگە و بارودۆخین و ئێمەش پشکێکمان لەو بەعسیزمە بەردەکەوێت.

بەعسیزم گەیشتنە کەماڵی بیری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو. تەنیا حیزبێکی سیاسی نەبوو کە تەنیا سی و حەوت ساڵێک حوکمی کردبێت، بەعسیزم بەمانا فراوانەکەی لە دوای کودەتای بەعسیەکان لە ساڵی 1968 حوکم دەگرنە دەست و لەو بەروارە بەدواوە عێراق دەکەنە کۆمەڵگایەکی میلیتاری و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو داخرانی زیاتری دەبەن بەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

ئەم بیرە عەرەبیە فاشیە، سی و پێنج ساڵ بەهەموو ئاستێک حوکمی عێراقی کرد، ماشێنێکی زەبەلاحی ڕاگەیاندن و سوپایەکی گەورەی شەڕخوازی بیناکردبوو. عێراقی کردبوو بە سەربازگەیەکی گەورە و هەموو کۆمەڵگای خستبووە سەر ئاوازەکانی خۆی. ئێمەش وەکو بەشێک لەم عێراقە، وەکو بەرکەوتەیەک لەم ماشێنە ئیعلامی و کۆمەڵگا سەربازیە، بەدەرنەبووین لەو ڕۆشنبیریەی کە عەرەب دەیسەپاند بەسەر کۆمەڵگەدا.

ئێمە وەکو کورد، شاخمان نەکردە ناسنامە بەرامبەر بیابان، دارگوێزمان نەکردە سیمبول بەرامبەر دارخورمای ئەوان. ناکۆکی ئێمە و ئەوان لە هاوشێوەبوونماندا بوو، نەک جیاوازی. ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە کاتێک داهۆڵ و داڵەکەی سەدداممان لابرد و هەڵۆکەی سەرۆکایەتی هەرێممان لەجێگەی دانا، ئەم جیاوازیە سیمبولیەمان نەگواستەوە بۆ جیاوازی لە ئیدارە و فەرمانڕەواییدا.

شکستی ئێمە نە سەربازیە و نە سیاسی، ئێمە لەسەر ئاستی کولتووری شکستمان هێناوە بەرامبەر عەرەب. هەموو جەنگێکی سیاسی و عەسکەری، دەبێت بە جەنگی کولتووری پشتئەستوور بێ، ئەگینا لە کۆتاییدا هەمان هەلومەرج بەرهەمدێنینەوە کە ڕووخاوە!

حەتمەن من دەسەڵاتی کوردی و بەعس بە یەکتری یەکسان ناکەمەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بەعسیەت بەتەواوی بنەبڕ بکەین، دەبێت شەڕی خۆمان ببەینە ئاستێکی تر. دەبێت کۆتایی بەعس لە سەددامدا نەبینین و بەعسیزمیش لە دەسەڵات و سیاسەتدا کورت نەکەینەوە. بەڵێ ڕاپەڕین کۆتایی نەهاتووە، چونکە بەعسیش کۆتایی نەهاتووە. گێمی یەکەمی یاریمان بردووەتەوە کە دوورخستنەوەی بەعس بوو وەکو دەسەڵات و وەکو ئیدارە و فەرمانڕەوایی، بەڵام دەبوو ئەو سەرکەوتنە عەسکەری و سیاسیانە بە سەرکەوتنی فەرهەنگی و کولتووری پشتڕاست بکەینەوە و پێمان نەکرا.

ڕاپەڕین و ڕاماڵینی چەکداری هاوشان بە بێداری نەتەوەیی نەبوو، بۆیە لەکاتێکدا ئامانجەکانی ڕاپەڕین بەدینەهاتووە، کەرەستەکانی ڕاپەڕین فڕێدەدەین و دادەنیشین.

ئاسانیش نییە نەوەیەک خۆی زادەی هەمان هەلومەرجی بەعسە بتوانێت شەڕی ئەو بیرە عەرەبیە بکات، سەختە کۆمەڵگایەک بەناو تونێلێکی تاریک لە عەسکەرتاریەت و بەعسیزمدا براوە، ئێستا داوای لێبکەیت، بتوانێت سەرلەنوێ شتێک بسازێنێتەوە کە نەچێتەوە سەر بەعس. بێگومان وەها داوایەک نزیکە لە بێئینسافی و ئێمە دەبێت بە دیدێکی واقیعییەوە کۆی دیمەنەکە ببینین، بەڵام ئێستا ئیدی کە مەسافەیەکی باشمان لە زمان و فەرهەنگ و سوڵتە و سەقافەی عەرەبی وەرگرتووە، باشتر دەتوانین ئەو جەنگە کولتووریەش کە ماومانە بە قازانجی بیری نەتەوەیی کوردیدا بشکێنینەوە!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# یەکێتی پەشیمان دەبێتەوە؟

هەرچەندە یەکێتی واژۆی لەسەر ڕێککەوتنێک کردووە لەگەڵ پارتی، بەڵام تا ئەم چرکەیەش هیچ گەرەنتییەک نییە کە پێیەوە پابەند بێت. لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا پابەندنەبوون بە ڕێککەوتن بەشێک بووە لە خەسڵەتی یەکێتی. پێویست بە هێنانەوەی نموونەی مێژوویی ناکات، تەنیا قسەیەکی کاک عومەری سەید عەلی کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا کردبووی قسەکەم دەسەلمێنێ. ئەو باسی ڕێککەوتنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیی کردووە، کە چوار ڕێککەوتنن و بریتین لە ڕێککەوتنەکانی دەباشان و ئەوەی هوتێلەکەی فاروقی مەلا مستەفا و ڕێککەوتنەکەی دیکەیان لەسەر ئیدارە خۆجێییەکان و ڕێککەوتنێکیش لەسەر هەڵەبجە. کاک عومەر باسی ئەوەی کردووە کە یەکێتی هەر چوار ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ نەکردووە، لەکاتێکدا یەکێکیان واژۆی مام جەلالی بەسەرەوە بووە و دووشیان نەوشیروان مستەفاش واژۆی کردوون. بیرتان نەچێ عومەری سەید عەلی پێش ئەوەی ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بێت، یەکێک لە سەرکردە باڵاکانی یەکێتی بووە و برینداریش بووە و لە ئێمەمانان باشتر دەیانناسێت.

ئەوەی لە هەفتەی ڕابردووەوە لەپشت پەردەوە زانراوە، ئەوەیە کە بەشێک لە یەکێتییە تاڵەبانییەکان پەشیمان بوونەتەوە لەو ڕێککەوتنەی کراوە و بەتایبەتیش نیگەرانن لەوەی کە، بەقسەی ئەوان، کۆسرەت ڕەسوڵ لەسەر هیچ شتێکی کۆنکرێتی لەگەڵ سەرۆک بارزانی ڕێکنەکەوتووە. ئەمەش وایکردووە کۆسرەت ڕەسوڵ وەک پیاوی ڕێککەوتن و قسەڕۆیشتوو دەربکەوێ و بەمە تەنیا دەستکەوت بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی بچنێتەوە. ئەمەش دروست ئەو شتەیە کە لە گۆشەی هەفتەی ڕابردوومدا وەک خاڵی دڵەڕاوکێ باسمکردبوو. لەوێ گوتبووم گرنگ ئەوەیە ئەمجارەش پشتی کۆسرەت ڕەسوڵ بەرامبەر بارزانی لەلایەن باڵێکی نێو یەکێتییەوە لە زەوی نەدرێت.

کێشەیەکی دیکە کە لەم هەفتەیەدا زەقتر بووەتەوە یەکلانەبوونەوەی نێوخۆی یەکێتییە لەسەر کاندیدەکانیان بۆ ئەو پۆستانەی بەریاندەکەون. چونکە بۆ هەر پۆستێک هەم کۆسرەت ڕەسوڵ کاندیدی هەیە و هەم ماڵباتی تاڵەبانیش هەیانە. بۆیە ئەگەر گریمان ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتیش هەڵنەوەشایەوە، پێویستیان بەوەیە لەنێوخۆشیاندا ڕێککەوتنێک بکەن و هەمووان پێیەوە پابەندبن و کەسیان لەپڕ موفاجەئەیەک نەکات کە ڕیسەکە بکاتەوە خوری. ئەگەر ئەو دوو ڕێککەوتنەش هەڵنەوەشانەوە و یەکێتی هەم لەنێوخۆیدا و هەم لەگەڵ پارتیش ڕێزی ڕێککەوتنەکانی گرت، ئەوکات دەبێ ڕێگەیەک بدۆزێتەوە کە بۆ ئیدارەدانی زۆنی ڕەنگاوڕەنگ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕانیش ڕێککەوتنی پێنجەم واژۆ بکات و ئەمجارە جێبەجێشی بکات. ئەمەش دیسان کاتی دەوێت و وەک دیارە یەکێتی بۆ هەموو ئەمانە هێشتا ئامادە نییە.

جا پرسیارەکە ئەوەیە کە پارتی و گۆڕان و خەڵکی کوردستانیش تا چەندی دیکە دەتوانن چاوەڕوانی ئەو حیزبە بن تا ئامادە دەبێت؟ پرسیاری گرنگتریش ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەوروبەری کوردستان ڕوودەدەن و لە ڕۆژانی داهاتوودا پریشکیان دەگاتە لای ئێمەش، چەندە ڕێگە دەدەن هەمووان چاوەڕوانی یەکێتی بن و ئەویش یاری بە کات بکات؟

من بم لەجیاتی پارتی لە کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەدا کە بڕیار وایە لەگەڵ یەکێتی بیکات، بەڕاشکاوی و ڕوونی ماوەیەکی دیاریکراو دەستنیشان دەکەم بۆ خۆیەکلاکردنەوەی یەکێتی و ڕێگەنادەم ئەو موماتەڵەیەی ئەوان دەیانەوێ بیکەن بەهۆی دانوستاندنەکان و داهێنانی داواکاریی ناواقیعییەوە، کاریگەری هەبێت لەسەر تەواوکردنی پرۆسەی نوێکردنەوەی حوکمڕانی لە کوردستان. ئەگەر یەکێتی لەو ماوەیەدا خۆی یەکلاکردەوە باشە، ئەگەرنا دەکرێ پارتی و گۆڕان و ئەو لایەنانەی دیکە کە بەشداردەبن لە حکومەت، پۆستەکانی یەکێتی بەشێوەیەکی کاتی پڕبکەنەوە و دووپاتیشی بکەنەوە کە پابەندی ڕێککەوتنەکەیانن لەگەڵ یەکێتی و کەی ئەو حیزبە کێشە ناوخۆییەکانی چارەسەر کرد، پۆستەکانی ڕادەست دەکرێن (هەرچەندە هێشتا دیارنییە بە دیاریکراوی چی و چییان بەردەکەوێ). ئەوکات با یەکێتییەکان بە نەفەسێکی درێژ لەنێوخۆیاندا خەریکی خۆیەکلاکردنەوە بن و خوای دەکرد چوار ساڵیان پێدەچوو!

ڕاستییەکەی دانانی سەرۆکی پەرلەمانێکی یەکێتیش بۆ ئەم قۆناغە بێ ریسک نییە و ڕەنگە باشتربێت هەندێک ڕێوشوێنی یاسایی لە پەرلەمان تەواوبکرێن و سەقامگیر بکرێن ئینجا پۆستەکە ڕادەست بکرێت. ئەمەش هەم بۆ خەڵکی کوردستان و هەم بۆ پارتی و حیزبەکانی دیکەش باشترە و هەمیش گوشاری زوو خۆیەکلاییکردنەوە لەسەر یەکێتی ناهێڵێت.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## نازدار

# ئەلبوومە نوێیەکەی بڵاودەکاتەوە

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net








